# هەنار


حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

ژمارە 12

حیلیوەری 2007


**گۆڤارێکی ئەدەبی ، هونەری ، ڕووناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەری دەکات**


خاوەنی ئیمتیاز :

**بەڕێوەبەرێتیچاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

سەرنووسەر :

**محەممەد عەبدولکەریم سۆڵەیی**

جێگری سەرنووسەر :

**محەممەد کوردۆ**

سەرپەرشتیاری هونەری :

**ڕێبین مەجید**

لۆگۆ

**حەمیدی ئازموودە**

مۆنتاژ :

**ئارام عەلی**

تیراژ

500

دەستەی نووسەران :

**عارف ناسراو**

**محەممەد عەبدوڵ**

**نەورۆز جەمال**

هەڵەچن :

**گارزان عەبدوڵ**

**ئاریان کامیل**

تایپست :

**پەیام ئەحمەد**

نەخشەسازی ناوەوە :

**مەهدی ئەحمەد**

چاپخانەی

**یاد**



ناونیشان : سلێمانی - گردی ئەندازیاران - بەرامبەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن : 3180994

Email: hanarkurd@yahoo.com

Email: hanarkurd@gmail.com

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| **وتارو لێکۆڵینەوە** | | |
| نامەیەک بۆ بەهەشت... | هەندرێن | ٤ |
| فنجانە قاوەکانی بلیمەتی و ... | حوسێن سۆران | ١٠ |
| کێشەکانی کتێب لەکوردستاندا... | بوار نوورەدین | ٢١ |
| لەبارەی وشەکانی خواوە.. | ئیبراهیم ئاودەشتی | ٣١ |
| **دەق** | | |
| تا تۆ دەڵێی.. من ئەڵف | هەلالە عوسمان | ٣٤ |
| قەسیدەیەک لەحزووری دووریدا | کەژاڵ ئیسماعیل | ٤١ |
| مەحاڵ | هۆشیار شێخ ئەنوەر | ٤٨ |
| کریشناو من | بەختیار کەریم | ٥٠ |
| فریشتەکانی دۆزەخ | ئەحسین فائق | ٥٥ |
| **خوێندنەوە** | | |
| بریندارکردنی شاتازییە.. | ئیسماعیل حەمەئەمین | ٦٣ |
| **وەرگێڕان** | | |
| ئەحلام موستەغانمی | محەمەد عەبدوڵڵا | ٨٣ |
| جیهانگیریی و بەجیهانیکردن | رەفعەت موڕادی | ٩١ |
| ئۆریانا فالاچی | رەزا مەنوچەهری | ٩٨ |
| کەوێ | کوردەوان محەمەد سەعید | ١٠٤ |
| ئامردن | عەبدولکەریم شێخانی | ١١٤ |
| **هونەر** | | |
| دیدار لەگەڵ ئاری بابان | عەتا مەحمود | ١٢٢ |
| گفتوگۆ لەگەڵ سابیر نزرگاهی | ئەوروز جەمال | ١٢٦ |
| دیدار لەگەڵ سوهام حەسەن | ڕێبواری ئازادی | ١٣٣ |
| پیکاسۆ بیلیمەتێکی سادی | و. دلێر محەمەد | ١٣٧ |



# وتارو لێکۆڵینەوە


نامەیەک بۆ بەهەشت
هەندرێن

فنجانە قاوەکانی بلیمەتی و ئاوازە تەمرەکانی مەرگ
حسین سۆران

چەند سەرنجێک لەسەر کێشەکانی کتێب لەکوردستاندا
بوار نورەدین

لە بارەی وشەکانی خواوە
ئیبراهیم ئۆدەشتی

# "نامەیەک بۆ بەهەشت"
# پیاسەیەک لەگەڵ کۆپەرۆشییەکانی تاراوگە و یادەوەریی منداڵی

نوسینی: هەندرێن



کۆچیرۆکی: "نامەیەك بۆ بەهەشت"

نووسەر: باران

ستۆکهۆڵم، کۆتایی ٢٠٠٦

کۆچیرۆکی "نامەیەك بۆ بەهەشت"، بەزمانە شیعرییەکەیەوە جۆلانەیەکی رەنگینە بۆ حەوت دەقی چیرۆك و پەخشان، کە هەر دەقێك لەو دەقانە لەچەندان رووداو، پرسیاری ئەڤینداریی، پەرۆشییەکانی گەنج لەنێوان ژیانی تەراوگەنشینی و بانگەکانی یادەوەریی منداڵیی و دۆخی کەسەکان لەژیانێکی دڕدۆنگی تەکنیکی و گەڕان بەدوای یادەوەرییەکانی منداڵی، دەچنێتەوە. چیرۆکنووس (باران) بەکۆپلەگەلی چڕی چیرۆکگەلێکی وەك: "زایەڵەی پارچە پارچە بوون"، "تراویلکەی باڵەکان"، "گوڵێك لەگوێزان"، "چاوە گریاوەکان پێکەنین"، "سێێیّ..."، "ئەمشەو چ ساردە ئەزیزمان" و "نامایەك بۆ بەهەشت"ەوە کۆی ئەو رووداو، پرسیار و پەرۆشییە بوونگەرایانەی ژیان دەگوازێتەوە ناو گەردوونی زمان و نهێنییەکانی ئەو ژیانگەلە، کە پێش خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانە نەبینراو بوون،

ئاوەڵا دەکاتەوە و بوارێك بۆ خوێنەر دەسازێنێت لەڕێگای خەیاڵاندن و ئەزموونەوە ئەو ژیان و رووداوگەلەی کە لەو کۆچیرۆکەوە ئامادەییان بینراو کراوە، شرۆڤە بکاتەوە. یان ئەگەر بەزمانی نووسەری ئەم کۆچیرۆکەوە بپەیڤین، کە هاندەرییەکانی بەگۆهێنانی ئەو رووداو و کۆپەرێشانییە لە"مەستبوونە لا بەهەستتر"ەکانی خۆیەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە، چونکە خولیای ئەو "کۆپیاسە"یەی (باران) لەگەڵ ئەو کۆ پەرێشانیی و یادەوەرییانەی منداڵی ئەوەیە کە ئەو "مەستیم مەبەستترە"ی خۆیمان پێڕابگەیەنێت. ("سێێیێ..."، لاپەڕە: ٧٥)

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەمڕۆ لەروانگەی بەشێك لەو ئەکادیمیانەی کە لەبواری رەخنەی ئەدەبیدا دەنووسن، هونەری چیرۆك بەتەرزە شێوازێکی سەربەخۆ، یان دابڕاو لەژانرە ئەدەبییەکان پێناسە دەکەن. بۆیە خوێنەریش دەتوانێت لەروانگەیەکی سەربەخۆوە، یان دابڕاو لەژانرە ئەدەبییەکانەوە ئەو چیرۆکانە راڤە بکات. لێرەوە دەکرێت تایبەتمەندییەکانی چیرۆکێکی تۆکمە و خەملێو لەدەقێکی چڕ و پڕ، شێوازێکی چەشە ئامێز، شێوازێك کە لەنێوان زمانی دەرەکی و زمانی ناوەکی، دەقی دەرەکی و دەقی ناوەکیدا هاوئاهەنگ و مشتومالکراو وێنا بکەین. هاوکاتیش پێویستە دەقی چیرۆکێکی سەرکەوتوو هەڵگری گرێیەك، گرفتێك، رووداوێك بێت، یانیش دەقی چیرۆکێکی خەملێو، وەك هونەری شیعر، بتوانێت تەقینەوەیەك بسازێنێت. کەواتە هونەری چیرۆك هێندەی لەگەڵ شیعرییەت هاودۆستە، هێندە لەگەڵ ژانرەکانی دیکە نزیك نییە.

وێڕای ئەمەش، بەدەر لەو پێناسانەی ئێمە، دەکرێت هونەری چیرۆك شێوازێك بێت کە خاوەن پێناسەگەلێکی دیکەی خۆی بێت. بەواتایەکی دیکە، دەکرێت هونەری چیرۆك بریتی بێت لەشێوازێك کە چیرۆکنووس بەخۆی شێوازەکەی دیاریبکات، شێوازێك کە لەبۆتەی ئەو پێناسانەی کە کراون/دەکرێن بەدەر بێت. یان بەواتای والتەر بینیامین، چیرۆکێکی سەرکەوتوو، وەك هەر بەرهەمێکی تری ئەفراندن، لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە لەناوماندا بژی و ناچارمان بکات بۆ کەسانی تری بگێڕینەوە. لەو روانگەیەوە چیرۆك بۆ ئەوەی نهێنییەکانی ژیانمان بۆ ئاشکرابکات و ئاوەڵابکاتەوە، بەکۆپلە چڕو پوختەکانییەوە بیرۆکە، رووداوێك، ئەزموونێك لەژیانی مرۆڤەکان لەناو گەردوونی زماندا دەترنجێنێت. بەمجۆرە چیرۆکیش پرسیارو پەرۆشییەکانی بوونمان بەگۆدێنێت، کە

پێشتر بێدەنگ بوون، یان بینراو نەبوون. لێ رەنگە بۆ چیرۆکنووس ئاسان بێت کە بەشێك لەو پرسیار و پەرۆشییانە شیبکاتەوە و ئاوەڵا بکاتەوە، هاوکاتیش بەشێکیش لەسەختی شیکردنەوەی ئەو پرسیار و پەرۆشییانە پەیوەستن بەشێوەی هونەری لێزانی و ئاستی دەرککردن لای چیرۆکنووسەوە.

بەمجۆرە (باران) لەرێگای هێڵکێشی و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگی ئەو کۆچیرۆکەیەوە ئاسۆیەکی رەخساوتر بۆ خوێنەر دەرەخسێنێت، کە وێڕای چەشەی زمانە شیعرییەکەشی، چەشەیەکی جوانناسی تر فەراهەم بکات. لێرەوە نابێت ئەوەمان لەیادبچێت، کە (باران)، وەك گەنجێك خاوەن شێوازی زمانێکی رەوانی کوردییە، کە ئەمڕۆ زۆرینەی گەنجی تاراوگەنشین نەك هەر شارەزاییەکی باشیان لەزمانی کوردی نییە، بەڵکو خولیای فێربوونیشیان لاوازە، هاوکاتیش (باران) خاوەن سەلیقەیەکی هەمەڕەنگە: وێڕای چیرۆکنووسین و پەخشاننووسین، لەدیزاین، نەخشەسازی سایت و کتێبدا دەستڕەنگینە. هاوکاتیش ئەمڕۆ کیژە نووسەرەکانی کورد، چ لەتاراوگە و چ لەکوردستانیش، ئەوەندەی بەشیعرەوە سەرقاڵن، هێندە بەچیرۆك و پەخشانەوە سەرقاڵ نین، ئەمەش رەنگە بۆ ئەو جیهانبینییەی کە لەلای زۆرێك لەنووسەر و خوێنەری کوردی نێرینە و مێینەوە هەیە بگەڕێتەوە، کە گوایە شیعر وەك ئاسانترین شێوازی دەربڕین، بێ زانیارییەکی باش لەسەر زمان و پاشخانێکی قووڵی رۆشنبیریی دەتوانرێت گوزارە لەهەست و خەمەکانی مێینەوە بکات. بەهەر حاڵ، لێرەدا ئێمە بوارمان نییە وردتر ئەو بۆچوونەمان روون بکەینەوە.

بەمجۆرە ئەو رووداو، پەرۆشیی و پرسیارگەلەی کە نووسەری "نامەیەك بۆ بەهەشت" بەگۆیان دەهێنێت، هەر تەنیا لەئاستی زمانی چیرۆك یان پەخشانیدا نمایشیان ناکات، بەڵکو بەشێوازی هونەری وێنەکێشی و ئامادەیی رۆشنایی شیعرییەوە رەهەندێکی تریان پێدەبەخشێت.

دەبا پێکەوە ئەو کۆپلەیە بخوێنینەوە، کە هەردەڵێی ئازارێکی تەڕە لەگەردوونی زمانەوە دەتکێت:

"پێدەچێت بارانی ئەمڕۆ هەر بەسەر ئەو کچەدا باریبێت!" ("چاوە گریاوەکان پێکەنین"، لاپەڕە: ٦٦)

کەواتە (باران) لەو کۆچیرۆك و پەخشانەدا، بۆ ئەوەی ئەویّ و ئێرە، ژیانی تاراوگە و یادەوەری زارۆکایەتی، چیرۆکەکانی ئەو ژیانە نەبیراوەی کەسگەل لەگەلّ یەکتر ئاشت بکاتەوە، یان وەرچەرخانێك، تەقینەوەیەك لەو رووداو، پرسیار و پەرۆشییانەی کە لەژیانماندا پەنهانن بسازێنێت، دەیانگوازێتەوە بۆ سەر کۆجۆلانە رەنگینەکەی، ناو کتێبە شینە ئاوییەکەیەوە. لەوێدا هەر کەسە و بەدلّیّ خۆی، بەدەم هەژانەوە، چیرۆکەکانی خۆیان، یادەوەرییەکانی مندالّی و ئەزموونی ئەڤینداری خۆیان بۆ رۆژگارێکی تەکنیکێنراو، پەرتەوازە لەناو هێماکاندا بگێرنەوە. لەویّ لەو رۆژگارە بەتەکنیك گەمارۆدراوەدا، کە گەنج لەنێوان وێلّبوون بەدوای ئەڤینداریيەکی سەرووی واقیع، پەیوەندییەکی مێتافیزیکی و لەمپەرە کۆمەلّایەتییەکانەوە ژیان بەسەر دەبات، بێجگە لەخاکەساری خەونەکانی ئاسۆیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەماوەتەوە. هەر بۆیە چیرۆکەکانی "نامەیەك بۆ بەهەشت" تەنیا لەتاکە چیرۆکێکی کەسێك، یان شوێنێك پێك نەهاتوون، بەلّکو لەکۆچیرۆك، رووداوگەلی رەنگا و رەنگانەوە بەرجەستە دەبنەوە.

ژانی ئەو یادەوەرییانەی مندالّی و پرسگەلەی تاراوگە لەوە دەتەقنەوە کە :

"ئەم سەفەرە کە چوومەوە، ئەویّ یەکجار نامۆ بوو پێم! یاسا سوواوەکان لەوێش وەکو دالّێکی برسی بێرەحمانە بەردەبوونە جەستەی رووتم، ونجڕ ونجڕیان دەکردم. چاوە بزەکانی داب و نەریتیش بەرۆژی رووناك دەیانتۆقاندم، هەر بەگەیشتنم نهێنی خەیالّێکی خاویان لا درکاندم! " ("چاوە گریاوەکان پێکەنین"، لاپەڕە: ٦٢).

لەو روانگەیەوە "نامەیەك بۆ بەهەشت"، رەنگدانەوەی زمانی ناوەکی، یان یادەوەری زارۆکایەتی و زمانی دەرەکی، یان زمانی یادەوەرییەکانی تاراوگە، ئەو کەش و هەوایە فرە رەهەند و لێکترازاوە، یان کۆدەنگەییە. خودی (باران)یش، وەك گەنجێکی ئەو رۆژگارە تاراوگەنشینەی ولّاتی سوێد، هەلّگری ئەوکۆ پێناسە یان زمانە فرە رەهەندەیە.

لێرەوە ئەو پرسیار و پەرۆشییانەی کە دەبنە رووداوی دەقی چیرۆکێك بەیارییەکانی نێوان زمانی دەرەکی و زمانی ناوەکی چیرۆکەکەوە دەچنرێنەوە و دواجاریش ئەو تەقینەوە چاوەڕانکراوە روودەدات، کە چیرۆکێکی سەرکەوتوو هەلّگریەتی. هاوکاتیش خوێنەر بەحەزی خۆی ئەو پرسیار و پەرۆشییانە راڤە دەکاتەوە.

لەو دیدەوە کۆچیرۆکی "نامەیەك بۆ بەهەشت" هەر تەنیا لەتاکە رووداوێك، یان لەچیرۆکی تاکە کەسێك پێك نەهاتووە، بەڵکو بریتییە لەکۆرووداوێك، یان کۆچیرۆکی گەنجگەلێکی کورد، یان کیژگەل و کورگەلێکی کوردی تاراوگەنشین و رۆژگاری تەکنیك ناودێری بکەین. وێڕای ئەو دیدەی ئێمە، خوێنەر بەگوێرەی خولیاکانی خۆیەوە دەتوانێت چەندان چیرۆك لەو چیرۆکانەوە بسازێنێت.

بەمجۆرە (باران) بەرێگای هەریەك لەچیرۆکەکانی کتێبەکەیەوە تەنیا چیرۆکی یادەوەریی منداڵی، گرفتی گەنجێکی تاراوگەنشین، رووداوەکانی کۆڵانی گەڕەك لەرۆژگاری منداڵیː... هتد ناگێڕێتەوە، بەڵکو هاوکاتیش لەبۆتەی چیرۆکی ژیانی ئەو تاکەکەسانەوە چیرۆککگەلێکی دیکەش لەژیانە نەبینراوەکان دەچنێتەوە. چونکە ئەو کۆپرسیار، کۆپەرۆشییانەی کە ئەو تاکەکەسانەی لە"نامەیەك بۆ بەهەشت" دێنە گۆ، پەرۆشییەکانی ئێمەشن، بۆیە خوێنەریش دوای خوێندنەوەیان دەتوانێت بەپیاسەیەکی تر لەگەڵ ئەو کۆپەرێشانی و یادەوەرەیانەوە چیرۆکەکانی خۆی بگێڕێتەوە.

لەو دیدەوە "نامەیەك بۆ بەهەشت"، کتێبێکە، جۆلانەیەکە بۆ کۆ رووداو و چیرۆك، دیوی شڵەژاوی ئەو گەنجە کوردانەی تاراوگە، کۆچی هەمیشەی پەرۆشییەکانی روحی لێکترازاوەی گەنجانی تاراوگەن بەدوای یادەوەری منداڵی و ناسنامەی یەکەم ماڵ، زمان.

لە دوو توێی ئەو چیرۆکانەوە دەبینین هەستی راڕایی شوێنی تاراوگە، چیرۆکی زارۆکایەتی و فەراهەمکردنی ئارامگایەك هەمیشە لەنێوان گفتوگۆ و نامە گۆڕینەوەی ئەڤیندارەکانەوە ئامادەییان هەیە. لەبۆیە (باران) ئاگایانە چیرۆکی منداڵی، ئەڤینداریی نێوان گەنجەکانی تاراوگە وێنا دەکات، کە لەوێدا هەست دەکەین دەخوازێت مانایەکی ئەڤیندارانە بەیادەوەریی گەنجی کوردی تاراوگەنشین ببەخشێت. چونکە ئەو گەنجە لەگەردوونێکدا دەژی کە لەوێدا لەنێوان ئومێد و دەستەبەرکردنی خەونەکەیدا سەرگەردانە. کەواتە دەنگدانەوەی ئەو کۆیادەوەرییانەیە کە لەوێدا بانگی ئاگایی زمانی داستانبێژەکەی دەکات و بەمەش زمان کۆیادەوەریی چڕ دەکاتەوە، دەتەقێنێتەوە:

"ئاخر من ساڵانێکە میزەڵانێك لەگوێچکەما دەتەقێتەوە...

هاوار دەکەم، دەنووشتێمەوە، کوت کوت و پارچە پارچە جەستەی ئەو کۆ دەکەمەوە..." ("زایەڵەی پارچە پارچە بوون"، لاپەڕە: ٢٣)

هاوکاتیش (باران) بەگواستنەوەی ئەو چیرۆکانەی ژیانی گەنجانەوە بۆ ناو جۆلانەی چیرۆکەکانییەوە هەوڵدەدات دڵنەواییەک بەژیانی تاراوگەی خۆی هاوتەمەن و هاوپەرۆشییەکانی خۆیەوە، یان لەنێوان نهێنی چیرۆکەکانی تاراوگە و یادەوەرییەکانی ئەوێی نیشتمانێکی خەیاڵێنراوی منداڵی فەراهەم بکات.

بە دیوێکی دیکەشەوە، دەکرێت کۆچیرۆکی "نامەیەک بۆ بەهەشت" وەک جەنگی نەوەیەکی گەنجی تاراوگەنشینی کورد، یان خودێکی بەئاگای گەنجگەلێک بەرووی سیمبوولەکانی جیهانی تەکنیک و ئینتەرنێت، کە سۆراغەکانی ئەوانی بەدوای ئەڤینداربیەک دڵی ئاڵۆسکاو کردووە، پەرۆشی بەگۆ هێنانی یادەوەریی منداڵی، بخوێنینەوە.

بە هەر جۆر، (باران) لەگەردوونی کتێبەکەیدا پیاسەیەکی ناوەکی لەگەڵ کۆپەرۆشیی و کۆچیرۆکی نێوان ژیانی تاراوگەو یادەوەریی منداڵی خود و ئەوانیترمان بۆ دەچنێتەوە.

ستۆکهۆڵم

کۆتایی ٢٠٠٦

# فنجانە قاوەکانی بلیمەتی و

# ئاوازە نەمرەکانی مەرگ !

نووسینی: حوسێن سۆران

هاوارە نەمرەکانی سوکرات پانتاییەکی گەورەی لە گشت زەمەنە یەك لە دوا یەکەکانی مێژووی مرۆڤ، ئێستاشی لەگەڵ بێت، داگیر کردووە. هاوارێك کە زۆر لە فەیلەسوف و موزیکژەن و شاعیرە بەرزەکانی ویژدانی مرۆڤی بەرەو لێواری مەرگ و خۆکوشتن کردە کێش. تا ئەمڕۆش تروسکایی ئەو مۆمە داگیرساوانە ڕێگەی بەهرەمەندی و ژیانی شەرەفمەندانەمان ڕووناکدەکەنەوە.

زۆرێك لە ئێمە ئاگای لە دادگایی کردنەکەی سوکراتە. کەسێك بێسلکردنەوە پەرداخی ژەهری نۆشی. بەو مردنە جارێکی تر هاواری نەمری خۆی کرد: " ئەی خەڵکی ئەسینا



ئێوە منتان مەحکوم بە مەرگ کرد. من لە هەندێك لایەنـەوە پێـی غـەمبار نـیم! وێنـا دەکەن کە من چی پێشنیار بکەم؟ دیارە ئەوەی کە شایانی منـەو بـۆ مـن دوای تەمـەنێك خزمەت و بەخشینی هەموو ئەو شتانەی کە خولیایان بووم، دەبێـت چ پێـشنیارێك بـەجێ بێت؟ بۆ هاوکاریکردنی خەزێنەی گشتی و بۆ ئەوەی خەرجێکم هێنابێتە ئاراوە، دەتـوانم پاشماوەی تەمەنێکم بکەم بە قوربانی جێبەجێ بوونی فەرمانی ئێوە. ئەمە ئەو سزادانەیە کە من بۆ تاوانەکەی خۆم پێشنیار دەکەم. من داوای دوورخستنەوەم نـەکرد، چـونکە بـە هەر هۆیەك بڕۆم دەبێت لە دەربڕینی حەقیقەتدا سووربم. بۆیە هەر کاتێك چەند سـاڵی تـر نەتوانن تەحەمول بکەن، من بۆ مردن ئامادەم! "

بۆ دەبێت مرۆڤە نەمرەکان، ئەوانەی لە خەڵکی ئاسایی جودان. لە ساتەوەختی مردن لە پێناو بڕواو بۆچوونەکانیان گیانی خۆیان لا هەرزان بێت؟ ئەو نهێنییـە چییە وادەکـات مەرگ لە ژیانی بندەستی خۆشتر بێت و بەسـروود و سەرسـەختییەوە نـەمانی جەسـتەی یەکجارەکی هەڵبژێرن؟ بۆ ئەم پرسیارەش سوکرات وەڵاممان دەداتەوە: " بۆ دەبێـت لـە مەرگ بترسم؟ وەرن با لە رووخساری مەرگ بڕوانین و بزانین چی تێدا پەیدا دەکـەین، کـە لە دوو شت بەدەر نییە، یان بێهۆشی و خەوێکی شـیرین و بێخـەون، یـانیش گەشـتێك بـۆ دونیایەکی تازە، شوێنێك کە لەگەڵ ئـاقڵترین و شـەریفترین خـەڵکانی سـەردەمی رابـردوو دەبیـت بـە هـاودەم و هـەڤاڵ، کەواتـە لەهـەردوو بـاردا داواکـارم لێتـان کـە بـە شـادی و ئومێدەوە رووبەڕووی مەرگ ببنەوە! "

گومان لەتێگەشتنی ژیان و مردن لـەلای فەیلەسـوف و حـەکیمی گـەورەی بەشـەریەت بەردەوام جێی گومان بووە، لەساتێك لەساتەکانی گەشتی یەکجاری خۆی بـۆ هەڵبـژاردنی مـردن دیـسانەوە ئـەو چـەمکەی بەزانـست سـپاردووە." سـاتی لێکـدابڕان هـاتووە، هەریەکەمان دەچێتەوە سـەر رێگـەی خـۆی، مـن بـەرەو مـەرگ و ئێـوەش بـەرەو ژیـان. خواوەندی زانا دەزانێت کە کامەمان چارەنووسێکی چاکتری دەبێـت." پاسـەوانی زینـدان هەنگاو دەنێـتە ناو زیندانەوە: " ئەی سوکرات لێم ببـوورە کـە گوێڕایـەڵیکردنی فـەرمانی سەرپەرشتکارانی کاروبار دەبێت. دەبێت ئەم پەرداخە ژەهرە بدەمـە دەسـت شـەریفترین پیاو."

مرۆڤایەتی زۆرێك لەخەسڵەتە نەمرەكانی پیاوە ناودارەكانی ژیانی كردوەتە ئایین و هەرجارەی لە كون و قوشبنێكی دونیاوە چرای مردنی جەستەی خۆیان دەكەن بە مەشخەڵی تاریكی و جەهل و نەزانین.

ئەگەر چی یەكێك لەم رەفتارانە بە پێوەری ترسنۆكەكانی ژیان كردوەتە رەمزی دینی ئەوا بەلایەكی تریشدا شاسوارەكانی سەربڵندی ژیان بەجۆرێكی تر مانا دەكەن. من پێموایە ئەگەر پرۆمیسۆس ئەو هاوارەی نەكردبایە، یان سوكرات.. زۆرێكمان لە شەهامەت و خاسیەتە چاكەكانی ئینسانیمان لەدەست دەدا. سەرسەختی بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتداران تەنها ئەو كەسانە تێكیان شكاند كە سەرشۆڕی و ترسنۆكی و كۆیلایەتیان قبوڵ نەكرد. ئەی هاوارەكەی پرۆمیسۆس نەبوو وتی:–

(( كۆت و پێوەند كردنم بەم بەردانەوە زۆر لەملكەچی خواوەندەكان پێ باشترە.))

ئەی چیرۆكی سەیرترین پیاوانی مێژوو، كۆنفۆشیۆس پیاوێكی بێ دین كەڕەوایەتی بە یەكێك لە گەورەترین ئاینەكانی جیهان بەخشی. خوانەناسێك كە بۆ پلەی خوایەتی بەرزبوەوە.

فەیلەسوفەكان، بیرمەندان و شاعیرە پایە بەرزەكانی مرۆڤ هەمیشە لە سواڵكەرێكی گەورە دەچن. لەجیاتی ئەوەی نان پەیدا بكەن، زانیاری و هۆش و برێك لەحەقیقەت دەبەخشنە مرۆڤ.

ئەوەتا فەیلەسوفی سواڵكەر، دیۆجێنیس.. تەنانەت دەیەوێت یەكێك لە جەلادەكانی مێژوو بەئاگا بێنێت و لەو سەرخۆشی و ملهوڕییە بەئاگای بێنێت كە بەرەو مێژووی رەشی دەبات.

رۆژێكیان ئەسكەندەر چووە سەردانی دیۆجێنیس كە لە ژێر هەتاودا راكشابوو. گفتوگۆیەكی گەورە و سەرنجراكێش لە نێوان ئەو دوو فاتحە گەورەیە–یەكێكیان داگیركەرێك بوو بەشوێن داگیركردنی دونیاوە بوو. ئەوی تریش بەتەمابوو بەسەر گیانی خۆیدا زاڵبێت– روویدا.

دیۆجێنیس پرسی: ئەی سەرداری گەورە، گەورەترین ئارەزووی تۆ ئێستاكە چییە؟

ئەسكەندەر : یۆنان بخەمە ژێر كۆنترۆڵمەوە.

دیۆجێنیس: دوایی ئەمە؟

ئەسکەندەر: ئاسیای بچووک داگیربکەم.

دیۆجێنیس: ئەی پاشان؟

ئەسکەندەر: دەسەڵات بەسەر دونیادا بسەپێنم.

دیۆجێنیس: ئەی دوایی ئەمە؟

ئەسکەندەر: پشوو بدەم و چێژ وەرگرم.

دیۆجێنیس: ئەی بۆچی ئێستاکە پشوو نادەیت و چێژ وەرگری؟

دەڵێن ئەسکەندەر سوپاسی ئامۆژگارییەکانی دیۆجێنیسی کرد و لێی پرسی: ئایا هیچ خزمەتێکم لە دەست دێت دەرهەق بە تۆی بکەم؟

دیۆجێنیس دەڵێت: بەڵێ .. تکا دەکەم سێبەرەکەتم لە کۆڵ بکەرەوە، کە بووەتە بەربەستێك لە نێوان من و رووناکی خۆر!

ئەسکەندەر بەو قسەیە کەوتە پێکەنین و وتی: ئەگەر من ئەسکەندەر نەبوومایە، حەزمدەکرد دیۆجینێس بم نەك کەسێکی تر!

ئەویش بێ دواکەوتن وەڵامیدایەوە و وتی: ئەگەر من دیۆجینێس نەبوومایە، حەزمدەکرد هەر کەسێکی تر بوومایە جگە لە ئەسکەندەر!

ئەزموونی پیاوە گەورە عەقڵەکانی سەر زەوی بە راشکاوی ئەوەی بۆ بەجێ هێشتووین هیچ یەك لەوانە دوور نەبوون لە تەزوویەکی باریکی شێتی، کە هەموو ئەو رووداو و داهێنانە گەورانەی خستوەتەوە. هەر بۆیە نەناسراوێك ئەم پەندەمان پێ دەڵێت: (( تاڵە موویەکی زۆر باریك بلیمەتی و شێتی لێك جیادەکاتەوە.)) فینگنیشتاینیش بە جۆرێکی تر باسی ئەم حاڵەتە دەکات و دەڵێت: (( وەك چۆن نەخۆشی لە هەموو لایەکەوە دەوری تەندروستی داوە، شێتیش ئاوا دەوری عەقڵی داوە.))

هەندێك لەو پیاوە مەزنانە درکیان بەوە کردبوو، رۆژگاری دوایی مردنی خۆیان زیاتر خەڵکی دوای کتێبەکانیان دەکەون. بەمەرجێك کاتێك لە ژیاندا بوون، کتێبەکانیان لەچەند سەد دانەیەك زیاتر رەواجی نەبوو. ئەم وێنانە لای فەیلەسوفە گەورەکان تاریك نەبوو، بەڵکو وەك رۆژی رووناك پاش مەرگی خۆشیان دەبینی و بەر لەمردن ئەو راستییەیان دەسەلماند کە لەداهاتوودا بە جۆرێکی تر لەدایکدەبنەوە. یەکێك لەو نموونانە نیچەی

گەورە فەیلەسوفی ئەڵمانە، کە دوای مەرگی، خوشکەکەی بە سەدان هەزار نوسخەی کتێبەکانی نیچەی فرۆشت و کردی بە سامان بۆ خۆی. نیچە پێش مردنی ئەوەی درك پێکردبوو. بۆیە دەیووت: ( هەندێك دوای مردنیان لەدایکدەبنەوە، رۆژی منیش دێت، بەڵام لێرە نابم.)

کەچی هیچ مێژوویەك بە ئەندازەی ستەمکاری پیاوە گەورەکانی سیاسەت بە رووباری خوێنەوە نەنوسراوەتەوە. ئەوەندەی لاپەڕەکانی جەهل مایەی پیرۆزی و شەرەفن بۆ بەشەرییەت.. ئەوەندە عەقڵی رووناکی فەیلەسوفەکان نەبوونە جێی باسی رۆژانە. هەر بۆیە لێرە تۆزێ لەسەر ماناکانی مێژوو رادەوەستین و قسەیان لەسەر دەکەین.

خەڵکی دەبێت چۆن زاراوەی مێژوو بەکار بێنن؟ زۆرجار کتێب گەلێکی زۆر بەر چاومان دەکەوێت لەژێر ناوی مێژووی جیهان یان مێژووی مرۆیی یان مێژووی مرۆڤ باسی چی دەکات؟ زۆربەی خەڵکی دێتە سەر ئەم بڕوایە کە مێژووی مرۆڤ هەر لەم واقیعیەتانە پێکهاتووە. بەڵام بەدڵنیاییەوە هیچ یەکێك لەمانە بە تەنیایی یان بەیەکەوە بێگومان مێژووی مرۆڤ نییە. کاتێ خەڵکی باسی مێژووی مرۆڤ دەکەن، زۆرجار مەبەستیان مێژووی ئیمپراتۆریەتی میسر و بابل و ئێران و مەقدۆنیا و رۆم و تاد... و تا سەردەمی خۆمان یاخود بە جۆرێکی تر، هەرچەند لەمەڕ مێژووی مرۆڤ دەدوێن، بەڵام ئەوەی لە هزریان دایە و لە قوتابخانە فێری بوون دەسەڵاتی سیاسییە.

مێژووی مرۆڤ بوونی نییە. ئەوەی لە ئارادایە مێژووی گەلێك لایەنە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤە بە ژمارەیەکی بێسنوور و دیاری نەکراوی. یەکێك لەمانە مێژووی دەسەڵاتی سیاسییە، کە بۆ ئاستی مێژووی جیهان بەرزدەکرێتەوە. ئەمەش سوکایەتییە بە هەموو وێنایەکی چاك و پاك بۆ مرۆڤ و هیچ باشییەکی بەسەر ئەوەدا نییە کە مێژووی دەست پیسی یان دزی یان ژەهر دەرخوارد دان بە مێژووی مرۆڤ لە قەڵەم بدەین.

بە قسەی کارل پۆپەر، مێژووی دەسەڵاتدارێتی سیاسی هیچ نییە جگە لە مێژووی تاوانی نێونەتەوەیی و کۆکوژی. گەلانی دونیاش تەقەلایەکی زۆریان داوە بۆ کۆتایی هێنانی ئەم کردەوانە. پۆپەر دەپرسێت: ئایا بەڕاستی مێژووی گشتی بە واتای مێژووی راستەقینەی مرۆڤ بوونی نییە؟

دیارە ناکرێ مێژوویەکی ئەوتۆ بوونی هەبێت. مێژووی راستەقینەی مرۆڤ ئەگەر بوونی هەبوایە، دەبوایە مێژووی هەموو تاکەکانی مرۆڤ بێت.. دەبوایە مێژووی هەموو هەوڵ و

هیوا و ئازارەکانی مـرۆڤ بێـت، چـونکە هـیچ مرۆڤێـك لـەوانی دی گـرنگتر نییـە. ئاشـکرایە نووسینی مێژوویەك بەم رادەیە لەواقیعیەتەکان و بەم شێوەیە هەرگیز مومکین نییە.

لەحاڵـەتی تـەواوکردنی کارەکـانیش بـۆ بەدەسـت هێنـانی جـۆرە مێژوویـەکی ئـەوتۆ، دیسانەوە دەگەینـەوە بەهـەمان مێـژووی گەلـە جۆراوجۆرەکـان. کـە یـەکێکیان مێـژووی تاوانی نێونەتەوەیی و کۆکوژییە کە بە مێژووی مرۆڤ لە قالب دەدرێت و رادەگەیەنرێت.

پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە، بۆچـی مێـژووی دەسـەڵاتداریێتی هەڵبـژێردراوە؟ بـۆ نموونـە مێژووی ئاین یان شیعر هەڵنەبژێردراوە؟

یەکەم: دەسەڵات کاریگەری لەسەر هەمووان دادەنێت و شیعر تـەنیا لەسـەر هەنـدێکی کەم.

دووەم: هۆیەکی تر مەیلی مرۆڤەکانە بۆ دەسەڵاتپەرستی. دیارە پەرسـتنی دەسـەڵات یەکێکـە لـە خـراپترین جۆرەکـانی بتپەرسـتی و پاشمـاوەی چـاخی ژیـانی نێـو قەفـەز و کۆیلایەتی و بەندایەتی مرۆڤە. دەسەڵاتپەرستی لە ترسەوە لەدایکبووە. تـرس هەسـتێکە بەحەق دەبێت لێی بێزاربین.

سێیەم: بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتداریێتی سیاسـی بـە تـەوەری مێـژوو دانـراوە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کەسەرچاوەکانی دەسەڵات ویستویانە لە پلە و پایـەی بتـی پەرسـتراودا بـن. توانیویانـە ئـەم خواسـتەی خۆیـان بـەدی بێـنن. ئیمپراتـۆر و سـەردار و دیکتاتۆرەکـان چاودێریکاری گەلێك لە مێژوونوسەکان بوون.

کـوفرێکی گەورەیـە وابـزانین ئـەوەی بـە مێـژوو نـاونراوە، واتـە مێـژووی تـاوانی نێونەتەوەیی و کۆکوژی. دەرکـەوتنی خودایـە، لـەم شـیکردنەوە بێبەزەییانـەدا، هـەرگیز ئاماژە بەو شتانە ناکرێت کە بەڕاستی لە ژیانی مرۆڤەکاندا رادەبرێت.

لە هەموو چاخ و سەردەمەکاندا، ناوەرۆکی راستەقینەی ئەزموونی مرۆیی، ژیـانی تـاك لەبیرکراو و ونبوو بووە. خەم و شادی و رەنج و بەڵاو مەرگی ئـەوان بـووە. ئەگـەر مێـژوو بتوانێت ئەم داستانە بگێڕێتەوە. ئیدی ناکرێت بڵێن پەنجەی خوا لەمێـژوودا یەکسانە بـە کوفربێـژی، بـەڵام مێژوویـەکی ئـەوتۆ بـوونی نییـە. مـومکین نییـە بـونی هـەبێت! هـەر مێژوویەك کە هەیە مێژووی گەروە پیاوان و بەهێزەکانـە و تەنانـەت لـە باشـترین حاڵەتـدا لەڕادەی کۆمیدیایەکی رواڵـەتی تێناپـەڕێت. ئەمـەش بوەتـە هـۆی بەهەڵـە تێکـەڵاوکردنی مێژوویـەکی ئـەوتۆو راسـتییەکان. یـەکێك لەچـروکترین غـەریزەکانمان، واتـە غـەریزەی شکۆمێزی و پەرستنی دەسەڵات و ستایشکردنی سەرکەوتن بووە.

کوا مێژووی پرشنگداری شاعیران؟ کوا مێژووی مۆزیکژەن و نیگارکێشەکان؟ لەکوێن ئەو چراخانە پرشنگدارانەی رێگای مرۆڤایەتیان لەتاریکییەوە گواستەوە بۆ رووناکی؟ کێ مێژووی شێتەکان دەنووسێتەوە؟ ئەو تۆزقاڵە دێوانەیە کەبووە داهێنانی گەورە لە مێژووی فەلسەفەو مۆزیك و ئەدەب و هونەر. هیچ کەس بە ئەندازەی بلیمەتی نووسەر و بیرمەندە گەورەکان شێت نین. بلیمەتی و شێتی بە ئەندازەیەك لە یەك نزیکە، لێکجیاکردنەوەیان کارێکی گەمژانەیە. یەکەمین کەسیش درکی بەم حاڵەتە کرد ئەفلاتون بوو.. ئەویش کاتێك وتی : (( بلیمەتەکان بە سانایی توورە و کەلەیی دەبن. ئەوانە وەك بڵێی لە دەرەوەی زەمان و بووندا دەژین، بەپێچەوانەی خەڵکی ئاساییەوە.))

بەڵام ئەرستۆی قوتابی ئەفلاتون بەشێوەیەکی فەلسەفیانە و تۆکمە ئەم پەیوەندییەی تیۆریزە کردوە و پرسیویەتی: (( بۆچی هەموو پیاوە ئاوارتەکان لە فەیلەسوف و زانا و شاعیر و هونەرمەنداندا، کەسانی رەشبین دیارن؟)) سەرنج دەدەین ئەرستۆ لە بری بلیمەت وشەی ئاوارتە بەکاردەهێنێت. هەروەها رەشبینی لە جیاتی شێت بەکاردێنێت، ئەوەش لە بۆچوونی هاوچەرخانە نزیکە. ئەرستۆ دەڵێت: (( رەشبینی بە ئارەزوووی مرۆڤ بەگۆشەگیری و تەنهایی و تێرامان دەست پێدەکات و هەندێکجاریش بەفێ و پەرکەم و شێتی تەنانەت بە خۆکوشتن کۆتایی دێ.))

بەڵام لای ئەفرێنەرە گەورەکان بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی دیاریکراودا دەوەستێت. چونکە ئەفراندن لغاوی دەکات. یان لە سنووری خۆیدا رای دەوەستێنێت. پەندێکی گەورەش لە لای رۆمەکانەوە ئەوەی دەرخستووە: ((هیچ کەسێکی مەزن بەبێ بوونی کەمێ شێتی بوونی نییە.))

دیدرۆی فەیلەسوفی فەرەنسی دەڵێت: (( ئای.. پەیوەندی نێوان بلیمەتی و شێتی چەند بەتینە. هەریەکەیان توانایی زۆور ئاسایی هەیە. یان بە ئاراستەی چاکە یاخود بە ئاراستەی خراپە. شێت لە شێتخانەدا بەند دەکرێت و بلیمەتیش پەیکەری بۆ دروستدەکرێت.))

لێرەدا تۆزێك لەو مێژووە فەرامۆشکراوەی نوسەرە گەورەکانی جیهان و بەشێك لە فەیلەسوفان و هونەرمەندان و ئەدیبان باسدەکەین. کە ئەمانە هەریەك بە دەستی حاڵەتێکی نالۆژیکی یان بگرە دەروونی دێوانە بوون. پاش خۆیان شاکاری گەورە گەورەیان بۆ مرۆڤایەتی بەجێ هێشت. لیستەکەش یەکجار دوور و درێژە، ئێمە لێرەدا بۆ

ڕێزلێنان لە نەمرانی بلیمەتی باسی چەند سمبولێکی ئەو مێژووە پرشنگدارە دەکەین. کە بەشێکە لە مێژووی شێتی.

**(رامبۆ)**

پۆڵ کلۆدیۆل دەربارەی رامبۆ دەڵێت: (( رامبۆ سۆفییەك بوو لەحاڵەتە کێوییەکەیدا. واتە لەوپەڕیدا ئەو کانییەکی لێڵ بوو، لە زەمینێکی رازاوەدا، هەڵدەقوڵا.)) جان کۆکتۆش دەربارەی ئەم وشانە دەڵێت کە هەموویان دەپێکن، رامبۆ گەوهەرەکانی خۆی لە شوێنێك دزیوە. بەڵام لە کوێ؟ کەس نازانێت. ئەمەش نهێنییەکەیەتی. رامبۆ بوو بە ئەفسانەیەك کەڕاڤەکردنی زەحمەتە. مێژوو بلیمەتێکی ناکاوی وەك ئەوی بەخۆیەوە نەبینیوە. ئەو وەك نەیزەکێك هەتا سووتا گڕی دایەوە. هەموو شیعرەکانی ئەو لە ماوەی چوار ساڵدا نووسرایەوە، واتە لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە تا ١٩ ساڵی. هەندێك پێیانوابوو توانای یەزدانی سروشی پێبەخشیوە، لەدەروونیدا ئەو بلیمەتییە شیعرییەی تەقاندووەتەوە، کە لەهەموو بلیمەتێکی زمانی فەرەنسی تێدەپەڕێت. ئەگەر بۆدلێر لێی ئاوارتە بکرێت، ئەوا لە مێژووی شیعری فەرەنسیدا رامبۆ نوێنەری پاکیزەیی دەست بۆنەبراوە.

**(مارسیل برۆست)**

مارسیل برۆستی رۆماننووس، خاوەن گەڕان بە دوای زەمەنی ونبوودا. پێیوابوو بلیمەتیی بەشێوەیەکی کتوپڕ دێت. سان جۆن پێرسی شاعیریش وەسفی ئەو ساتەدەکات بەوەی شۆکی مریەمی پاکیزەیە بۆ بلیمەتی.

**(نۆڤالیس)**

نۆڤالیس لە شیوەنیدا بۆ خۆشەویستەکەی لە تەمەنی گوڵدا مرد، دەڵێت: ( چەمامەوە دەروونم خاك و خۆڵی سەر گۆڕەکەی لادا، سەدەکان بوون بە چرکەو هەستم بە ئامادەیی ئەو کرد. خەریك بوو دەستی لێبدەم. هەستمکرد گۆڕەکە شەقدەبات و ئەویش بە زیندوویی و تەندروستی دێتە دەرەوە، وەکو ئەوسا وەکو ئەوەی من دەمناسی.) هەموو کارە شیعرییەکانی خۆی لەسێ ساڵی دوایی ساتی تەقینەوەی سروش و بلیمەتی لە دەروونیدا نووسییەوە. پاشان هێندەی پێنەچوو کە خۆشی لە ساڵی ١٨٠١ دا بە نەخۆشی سیل مرد، بێئەوەی ئەمیش لە سی ساڵ تێپەڕبکات.

**(بەلزاک)**

بەلزاك هەر لە سەعات دەی شەوەوە پەنجەرەکانی لەسەر خۆی دادەخست، یەك جزوەی گەورە قاوەی دەهێنا و هەتا بەیانی بێ راوەستان، خەریکی نووسین بوو. رۆژی پازدە سەعات ئیشی دەکرد. دوایی ئەوەی کە دەیان کوپ قاوەی هەڵدەقوڕاند. ئەگەر قاوە نەبووایە، نەیدەتوانی ئەو بەرهەمە گەورانە بنوسێت کە کۆمیدیای مرۆیی وێنا دەکات. بەلزاك لە یەکێك لە نامەکانیدا بۆ مەدام ڤاسکای خۆشەویستی دەڵێت: ( ژیانی من بە پازدە سەعات کارکردن و نەهامەتی و ئەشکەنجە و خەمەکانی دانەر و مشتومالکردنی دەستەواژەکان و راستکردنەوەیان کورت دەکرێتەوە.)

## (فلۆبێر)

لە بواری ئەدەبدا فلۆبێر، نموونەی باڵای تێکۆشان و درێژی و ماندوونەناسییە. رۆژانە تا دە دوانزە سەعات لە پشتی مێزەکەیەوە دادەنیشت. بۆ ئەوەی بتوانێت هەر چوار ساڵ پێنج جارێك رۆمانێك بنوسێت. بە درێژایی ژیانی جگە لە شاکارە نەمرەکەی مەدام بوڤاری پێنج یان شەش رۆمانی دیکەی نووسیوە. فلۆبێر لە نامەیەکدا بۆ لویز کۆلێی خۆشەویستی دەڵێت: (( ئەوەندە بە دوایی رستەیەکی گونجاودا گەڕام، سەرم گێژ بوو، تەڕایی لە قوڕگمدا نەما. بە هەموو شێوەیەك رستەکانم ئەمدیو و ئەودیو کردوون، هێناومن و بردوومن، چەکوشکاریم تیا کردوون، جنێومداوە و تووڕە بووم، لالاومەتەوە، تا سەرەنجام پێگەیشتووم. رستەیەکی قەشەنگە، دان بەوەدا دەنێم. بەلام بەبێژان و ئەشکەنجە لەدایك نەدەبوو.))

## (شوپێنهاوەر)

شوپێنهاوەر لە یەك کاتدا تووشی شێتی و حەزی گریی چەوسانەوە ببوو. پێیوابوو بەردەوام دوایکەوتوون، بێئەوەی کەسیشی بەدواوە بێت. کەس نەیدەتوانی ئەو بیرۆکەیە لە کەلەی دەربهێنێت کەگوایە پیلانێك لە دژی دارێژراوە بۆ ئەوەی بلیمەتیەکەی بتاسێنن، یاخود ئەفراندنە فەلسەفییەکەی لەناو ببەن. شۆپێنهاوەر لە ساڵی ١٨١٤ لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا خۆی بە حەزرەتی مەسیح بەراورد کردووە. پێی وابوو راسپێردرابوو رێگای حەقیقەت پیشانی مرۆڤ بدات. دەڵێت: (ئەوەی بەسەر مەسیحدا هاتبوو کاتێك قوتابی و شوێنکەوتوانی بێدار دەکردەوە، لە منیش روویداوە. من تاکە پیاوی هەقیقەتم لەجیهان.)) بەلام دواجار بە جۆرێك ترس و نیگەرانیی دایگرت، نەیدەوێرا یان لە نهۆمی دووەم یان سێیەمی خانووەکەیدا بژی. لە ترسی ئەوەی نەوەك ئاگری تێبەربێت و نەتوانێت بازبدات و رابکات. بەردەوام دەمانچەیەکی لە گیرفاندا بوو.

شتەکانیشی بە زمانی لاتینی دەنووسی نەك یەکێك بیاندزێت و بە ناوی خۆیەوە بڵاویبکاتەوە.

**(رۆبێرت شۆمان)**

رۆبێرت شۆمانی موزیکژەن لە ساڵی ١٨٥٤دا بەهاوڕێکانی وت: ((دەمەوێ بچم بۆ شێتخانە. من تەواو بووم. چیتر بەرپرسیار نیم لە هەڵسوکەوتەکانم. تکاتان لێدەکەم بەندم بکەن.)) کەچی جیرار دۆنێرڤالی وتی: ( دەترسم بمبەن بۆ ماڵی ژیران، خەڵکی لە دەرەوە هەموویان شێتن! )

رۆژی دووشەممە ٢٧ی شوباتی ١٨٥٤، رۆبێرت شۆمانی موزیکژەنی ئەڵمانی ناودار لە ماڵی خۆیان لەگەڵ هاورێکانی خۆیدا خەریکی کەیف و سەفا بوو. لەپڕ میوانەکانی بەجێهێشت و بەجلی ماڵەوە چووە دەرەوە. روویکردە رووباری راین و لەوێ قەیرانە دەروونییەکەی گەیشتە لوتکە و خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکەوە، بۆ بەدبەختی ژیان دەریانهێناو نەمرد!

**(بۆدلێر)**

بۆدلێر منداڵ بوو کە باوکی مرد. هەتا پلەی نەخۆشی هۆگری دایکی بوو. بەڵام کارەساتەکە روویداو دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بە سەر مردنی باوکیدا، دایکی شویکرد بە جەنەڕاڵ ئۆپێك. ئەمەش بوو بە خەمێکی سەخت. بە درێژایی ژیانی لە کۆڵی نەبووەوە. پێیوابوو دایکیان لێدزیوە و دایکیشی خیانەتی لەم کردووە و دەیوت: ( ئای لەو خیانەتە، ئای لەو غەدرە..) بۆدلێر تووشی گرێی ئۆدیپۆس بوو. زیاتر لە جارێك بیری لە خۆکوشتن کردەوە. جارێك شمشێری لەسەر سنگی خۆی داو نەمرد. جارێکیان دەردی دڵی خۆی بۆ هاوەڵێکی کردو وتی: ( خۆم دەکوژم. گوێ نادەمە ژیان. خۆم دەکوژم چونکە ئیتر ناتوانم بژیم. بێزاربووم لەوەی هەموو رۆژێك بنووم و لە خەو هەستم. چەند خوویەکی بێزارکەرە. دەمەوێت بە یەکجاری بۆ هەتا هەتایە خۆم بکوژم، چونکە بووم بەبار بەسەر دوو براکەمەوە. بوومەتە مایەی مەترسی بۆ خودی خۆم. من خۆم دەکوژم، چونکە پێموایە دەمرم و پڕم لەئومێد.)

**(مۆپاسان)**

مۆپاسانی گەورە نوسەری فەرەنسی لە ساڵی ١٨٩٢دا، دوایی ئەوەی بیرە رەشەکانی مێشکیان تەنی، ئەو قەیرانەکەی گەیشتە ترۆپك. هەوڵیدا خۆی بکوژێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ئەمجارە بردییان بۆ شێتخانەو دوای ساڵێك گیانی دەرچوو. باجی شورەت و ئەفراندنەکەی زۆر گەورە بوو. شورەتیش باجی خۆی هەیە.

## (ئۆگست کۆنت)

کـێ باوەڕدەکـات ئۆگــست کـۆنتی گـەورە فەیلەسـوفی فەڕەنـسی، دامەزرێنــەری فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم. زیاتر لە جارێك گەیشتووەتە سەر لێواری شێت بوون. جارێکیـان بە مەبەستی خۆکوشتن خۆی دەخاتە ناو روباری (سـین)ەوە. لەبـەر ئـەوەی پـۆزەتیڤیزم لوتکەی ئەقڵانییەتی خۆرئاوایە، بۆیە کـەس چـاوەڕوانی ئـەوە نییـە دامەزرێنەرەکـەی لـە هەندێك قۆناغی ژیانیدا شێت بووبێت. یان دەروونـی داڕووخابێـت. ئەگـەر ئۆگست کۆنـت نەیتوانیایە فەلسەفەکەی خۆی کریستاڵ بکات، نەبوایەتـە مایـەی سەرسـامی و نرخانـدنی هاوچەرخەکانی، ئەوە هەرەسی دەهێناو لەشەوی شێت بووندا رۆدەچوو.

لیستەکە یەکجار زۆرە و لە ژمـاردن نایـەت. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە نووسـەرە گەورەو داهێنەرەکانی دونیا، تەزوویەکی گەورەی شێتی داینـەمۆی شـاکارەکانیان بـووە. بۆیە رێزگرتنی برێك شێتی هۆی مانەوەی سـەر زەوییـە. مرۆڤایـەتی سەرانـسەر قـەرزاری ئەو برە شێتییە بووەو دەبێت کە لەنووکی قەڵەمەکانەوە دادەڕژێتە ناو رووباری ژیانەوە. ئەو ژیانەی هەر کەسە و بـە جۆرێك وێنـای دەکـات و هەمووشـیان برێـك لـە سەرسـامی و حەقیقەتی بوونی ئێمەی تیا بەرجەستەکراوە. کەچـی رێبـازی مێژووگـەرایی نـەك هـەر لـە رووی عەقڵـەوە بـۆ بـەرگری لێکـردن ناشـێت، بـەڵکو لەگـەڵ هـەموو دینێکـدا کـە بـڕوای بەگرنگی ویژدانی و ئەخلاقی هەبێت، ناکۆکە. ئەو دینـەی حـسێب بـۆ ویـژدان و ئـەخلاقی مرۆڤ بکات حەتمەن لەگەڵ عەقڵدا گونجاوە. چونکە عەقڵ مرۆڤ بـە بـەرپرس دەزانێـت لـە بەرامبەر کردەوەکانی خۆی. رەنگدانەوەی ئەم کردەوانە لەسـەر رەوتـی مێـژوودا. راسـتە پێویستمان بە هیـوا هەیـە. ژیـان بـەبێهیوا ممکـین نییـە. بـەڵام نابێـت دیـن و مارکسیزم جێگــای خــەون و هێورکردنــەوەی ئارەزووەکــان بگرێــت. نابێــت وەك بلیتــی بــەخت تاقیکردنــەوەی پێبکرێـت. پۆپـەر گوتــەنی: (( تــوخمی مێژووگـەرایی لـەباوەڕی دینیـدا توخمی شرك و خورافەپەرستییە.))

لـەجیاتی رواڵـەتبازی و پێغەمبـەری و پێـشگۆیی، دەبێـت بونیاتنـەری چارەنووسـی خۆمان بین. کاتێك واز لـەم وێنانـە بێـنین کـە مێـژووی دەسـەڵاتدارێتی حوکممـان لەسـەر دەدات. کاتێـك پـێش لـەم دڵـە راوکێیـە بگـرین کـە ئایـە مێـژوو لەسـەر رەوابوونمـان حوکمـدەدات و ئـەوکات رەنگـە رۆژێـك بتـوانین لـە کـۆنترۆڵکردنی دەسـەڵاتدا سـەرکەوتن بەدەست بێنین.



# چەند سەرنجێک لەسەر کێشەکانی کتێب لەکوردستاندا(١)

نوسینی: بوار نورەدین

**سەرەتا**

کتێب لەهاوەڵایەتی مرۆڤدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، بووە بەیەکێك لەو کایە گرنگانەی مرۆڤی سەرقاڵکردووە، چ بەخوێندنەوە چ بەنووسین، شوێن دارشتەی تێکستە پیرۆزەکان، یەکێکە لەسەرچاوەکانی ژیان، داهێنانی هزر و بیری مرۆڤ، هۆکارێکی گرنگی گواستنەوەی شارستانێتی و زانست و رۆشنبیریی، لەرێگای کتێبەوە بەئاکام دەگات.

رەنگە هیچ کەسێك بەتەواوی نەتوانێت پێناسەی کتێب بکات، چونکە هەر لەرێگەی کتێبەوە کۆمەڵێك کاری پۆزەتیف و نێگەتیف کراوەو دەکرێت، کەواتە هەروەك زۆربەی ئەو شتانەی لەبوونەوەردا بوونیان هەیە، یان وەك هەموو داهێنانەکانی مرۆڤ، دەشێ خزمەت بەمرۆڤایەتی بکات و دەگونجێت زیانی پێبگەیەنێت.

بارودۆخی ئەمرۆ یان چەند ساڵی رابردووی کوردستان بەگشتی و باشوور بەتایبەتی، کاریگەریی زۆر خراپی کردۆتەسەر کایە ئەدەبی و رۆشنبیری و ئایینییەکان ...تاد، لەبەرئەوە لەسەرەتای هەر بابەت یان کتێبێکدا ناچار دەبیت تیشك یان سەرنج

بخەیتەسەر ئەو بارودۆخە نالەبارە، کە هەمیشە وەك هۆکارێك ڕێگەنادات بتوانی سەربەست و ئازادانە بیر و بۆچوونەکان بخەیتەڕوو.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم: کێشەکانی کتێب لەکوردستاندا، مێژوویێکی دێرینی هەیە، نەك بەوتارێك و بابەتێك، بەڵکو بەچەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، ناتوانین بەتەواوی پارسەنگی ئەو لاسەنگییەی (کتێب)ی کوردی بکەین و سەربارەکەی بۆ ڕاستکەینەوە ....، چونکە هەر یەکێك لەو کێشانەی (کتێب) لەکوردستاندا تێیکەوتووە، لەکایە و بوارەکانی: بڵاوکردنەوە، ناسنامە، ڕێکخستن، بواری ئەدەبی، ڕێزمان، ڕێنووس...تاد، تاکو ئێستا بەشێوەیەکی ئاسایی و مافدار و فەرمی بەڕێوەنەچووە و ناچێت. لەکاتێکدا ناکرێت دەستەوئەژنۆ دانیشین و نەتوانین هیچ جۆرە کار، پڕۆژە، پێشنیار، سەرنج و تێبینییەکمان هەبێت و بیخەینەڕوو، چونکە هەر کەسێك لەشوێنی خۆیدا بەپێی توانا و پێگەی خۆی، دەتوانێت خزمەت بەو بوارانە بکات.

کێشەکانی کتێبی کوردیی

ئایا بۆچی نەتەوەی کورد بەگشتی لەبەرهەمە چاپکراوەکانی خۆی سوودمەند نەبووە؟!، یان ئایا ئەمڕۆ لەباشووری کوردستاندا تەنیا بەچاپ و بڵاوکردنەوەی زۆر و کردنەوەی پێشانگا و نرخ داشکاندن، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە بایەخ و ڕۆڵی (کتێب) لەکۆمەڵگای ئێستاماندا وەگەڕبخەین؟

لێرەدا بەمەزەندەی خۆمان هەوڵدەدەین بەکورتی چەند کێشەیەکی مێژوویی کتێبی کوردیی لەکوردستاندا بەگشتیی و لەباشووردا بەتایبەتی دیاریبکەین، کە دەکرێت وەك هۆکارەکانی ئەو مەسەلەیە ئاماژەیان پێبکەین، هەروەها چارەسەریان بەپێی بارودۆخی ئێستا بۆ بدۆزینەوە:

١.نووسین و ڕێزمان و ڕێنووسی کوردیی، دواکەوت لەداڕشتن و کڵێشە و بنچینەکانی، کە وایکرد پێڕەوکردنی شێوازی نووسینی زمانی کوردی، یان بنچینەی ڕێزمان و ڕێنووسەکەی بەپێی ئەو دەوڵەتانە دابنرێت کە بەسەر کورددا بوون بەدەسەڵاتێکی داسەپاو. هەروەك دەبینین لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا بەشێوەیەك یان بەجۆرە پیتێك زمانی کوردی دەنووسرێتەوە، جگەلەوەی داڕشتنی ڕێزمانەکەی کاریگەری زمانی ئەو گەلانەی وەرگرتووە. هەروەها دەوڵەمەندی زمانی کوردی بەشێوەیەکی دیکە دەبێتە ڕێگر

لەبەردەم خوێنەران و توێژەراندا، چونکە لەچوار دیالێکت و هەر دیالێکتێکیش لەچەند زاراوەیەك پێکهاتووە، لەکاتێکدا رێژەیەکی کەم لەخوێنەران و نووسەران، رەنگە جگەلەو دیالێکتەی ئاخاوتنی پێدەکەن، یەکێکی دیکە بزانن. کە وادەکات خوێنەران و نووسەران نەتوانن بەشێوەیەکی گشتگیر کەڵك لەسەرچاوەکان وەربگرن.

کەواتە لەئێستادا ئەگەر نەتوانین زمانێکی یەکگرتوو رێکبخەین، هەرنەبێت پێویستە چەند کەسێکی شارەزا و بەتوانا لەدیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، راسپێردرێن بۆ سازدانی (فەرهەنگ)، بەشێوەیەکی زانستی کە وشەکان لەیەکتری جیابکرێنەوە، یان هەر فەرهەنگێك بۆ بەرامبەرکردنی دوو دیالێکت بەکاربێت. بەهەرحاڵ بەشێوەیەك بێت کە خوێنەر بەشوێن وشەیەکدا وێڵ بوو، بتوانێت بەرامبەرەکەی لەدیالێکتەکانی دیکەدا بدۆزێتەوە.

٢.تائێستاش لەهیچ شوێنێکی کوردستاندا کتێبخانەیەکی نیشتمانی نییە، کە ئەرشیفی بڵاوکراوەکانی بەتەواوی و بەشێوەیەکی زانستی تێدا هەڵگیرابێت و خوێنەر یان توێژەر بەئاسانی بتوانێت کەڵك لەسەرچاوەکان وەربگرێت و کات و سات و تواناکانی بۆ گەڕان تەرخان نەکات، واتە بەئاسانی ئەو سەرچاوانە دەستەبەر بکات کە مەبەستییەتی بۆ کارەکەی.

لەبەرئەوە پێویستە (کتێبخانەیەکی نیشتمانی) لەهەر شارێکی کوردستاندا دابمەزرێت و جڵەوی بدرێتە دەست کۆمەڵێك خەڵکی پسپۆر و شارەزا و بەهەر شێوەیەك بێت رۆڵی کتێبخانەی نیشتمانی بدرێتێ، واتە کەڵك لەئەرشیفی کتێبخانە گشتییەکان وەربگیرێت بۆ دابینکردنی کتێبەکان و دریغی لێنەکرێت. بۆئەوەی هیچ کەسێك لەپانتایی ئەو کتێبخانەیەدا بۆ هیچ سەرچاوەیەك دانەمێنێت.

٣.لە کوردستاندا دەزگایەکی گشتیی بڵاوکراوەکان نییە، کە لەهەموو شار و شارۆچکەیەکدا بەشێوەیەکی هاوسەنگ و لەکاتی خۆیدا بەرهەمە چاپکراوەکان بڵاوبکاتەوە و بیگەیێنێتە بەر دەستی خوێنەران.

لەبەرئەوە پێویستە دەزگایەك بەناوی (دەزگای گشتی بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی) دابمەزرێ و بتوانێت وەك پردێکی پەیوەندی بەرهەمە چاپکراوەکان بگەیەنێتە خوێنەر لەدەرەوە و ناوەوەی وڵات.



٤.پۆلێنکردن: راستە دەچـــیتە هەنـــدێك لەکتێبخانە گشتییەکان، بابەتـــەکانی: مێـــژوو، ئـایین، زمـان، ئـەدەب، ...تـاد، بـەپۆلێنکراوی دەبینیـت، بـەڵام رەنگـە خـــۆت لەیـــەکێك لەبابەتەکانـــدا داوای کتێبێکـــی بـــەناوبانگ بکـــەیت، کارمەنـــدی کتێبخانەکـە نـەتوانێت بـــۆت ئامادەبکـــات! هەروەها زۆرێك لـەکتێبە کوردییـەکان بەشـێوەیەکی زانسـتی نەنووسـراون، واتـە نووسـەر تـەنیا لەیـەك تـەوەردا بابەتەکەی نەنووسـیوە، بـەڵکو لەچـەند بابەتێکدا قەڵـەمی تـاوداوە، کـە ئەمـەش جـۆرە رێگرێکی دیکەیە بۆ پۆلێنکردن.

لەبەرئـەوە پێویـستە خـەڵکانێك راسـپێردرێن بـۆ سـازدانی بیبلیۆگرافیـا، بەتایبـەتی کتێبخانـە گـشتییەکان و ئـەو دەزگـا و رێکخراوانـەی کـە کتێبخانـەیان هەیـە، واتـە هـەر کتێبخانەیەك و بیبلیۆگرافیای تایبەت بەخۆی ئامادەبکات. بـۆ نموونـە دەزگایـەکی ژنـان، بیبلیۆگرافیایەکی پۆلێنکراو و تایبەت بەخۆی بسازێنێ لەسـەر هـەموو ئـەو کتێبانـەی کـە لەو بـوارەدا نووسـراون. بـۆ ئـەوەی نووسـەران و توێـژەران، گـەر ویـستیان توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوە لەسـەر بابـەتێك، دابونـەریتێك، کێـشەیەك بکـەن، بتـوانن پـشت بەکتێبخانـە گشتییەکان ببەستن و کەڵکی لێوەربگرن[٢].

٥.راگەیانـدن کـارێکی زۆر گرنگـە و پێویـستی بەزانـستیکردن هەیـە بـۆ بـەکارهێنانی، چونکە هەروەك کایەکانی دیکە دەتوانرێت بەهـەردوو دیـودا نیـشان بـدرێت. بـەبڕوای مـن

تـاكو ئێـستا راگەیانـدنی كـوردیی لـەهیچ یـەكێك لەبوارەكانـدا نـەیتوانیوە سـەركەوتن بەدەستبهێنێت، بەتایبەتی لەبواری كتێبدا، واتە راگەیاندن لەبواری كتێبـدا رەنگـە چـەند ئامانجێكی بچووكی پێكابێت، بەڵام مانای ئەوە نییە كە توانیویەتی رۆڵـی تایبـەتی خـۆی ببینێت لەو بـوارەدا، راسـتە هەنـدێك كـات خوێندنـەوەی كتێـب دەبیـنین لـە كەناڵـەكانی راگەیاندن، بەڵام رەنگە وەك پێویست ئـەنجام نـەدرێت ...! چـونكە كـارێكی بایەخـدار و زانـستی و ئــەدەبی و رۆشــنبیرییە، كــە كۆمــەڵێك لەنووســەران و پــسپۆڕان لــەبوارە جیاجیاكانـدا بكرێنــە بەرپرســی خوێندنــەوەی كتێــب، لەرۆژنامــە و گۆڤارەكانـدا، یـان لەبەرنامەی تایبەت بەكتێب لەرادیۆ و تەلەفزیۆنەكان.

٦.رەنگە لەلای هەندێك لەخوێنەران ئاشكرابێت كە ئێستا لەوڵاتـە پێشكەوتووەكاندا، جگــە لــەنوێترین بەرنامــە و رێكخــستن لــەدەزگاكانی بڵاوكردنــەوەی كتێبفرۆشــیدا، ئینتـەرنێتیش وەك رێگایـەكی فرۆشـتن بـەكاردێت. بـەڵام تائێـستا شـێوازی كتێبفرۆشـی لەكوردسـتاندا بەشـێوەیەكی ناڕێكوپێـك بەڕێوەدەچـێت، هــەروەك لــەلای كۆمــەڵێك لــەو كەسانەی نووسەرن یان بەرپرسی فرۆشتنی كتێبن لەدەزگاكانی بڵاوكردنەوە ئاگاداری ئەو جۆرە كێشانەن، كە هەندێك لەكتێبفرۆشەكان بەئارەزووی خۆیان كتێب وەردەگـرن، واتـە ئەگەر ناوەرۆكی كتێبەكە لەگەڵ بیروبۆچوونی خاوەن فرۆشگاكەدا نەیەتەوە، ئامادەنییـە لەخانەكانی كتێبخانەكەیدا دایبنێت و بیفرۆشێت ...!؟

هەروەها زۆرجار (داشكاندن) لەنرخی كتێبدا گرفت دەنێتـەوە لـەدانانی كتێبەكـە لـەو فرۆشـگایەدا. لەكاتێكـدا ئـەو سیـستەمەی مامەڵـەی پێـدەكرێت لـەبازاڕداو پێیـدەگوترێت (تـصریف)، بەهــەموو شـێوەیەك لـەقازانجی كتێبفرۆشــەكانە، چـونكە كۆمـەڵێك كتێـب دادەنـرێ و نزیكـەی لـە(٢٠٪)ی ئـەو نرخـەی كـە لەسـەر كتێبەكـە نووسـراوە دەدرێـت بەكتێبفرشەكە و پاش چەند مانگێك ئەگـەر تاقـەتی هـەبێت تەسـفییەت لەگەڵـدا دەكـات ...!!؟، جگەلەوەی كە ناسنامەی شوێنی فرۆشـتنی كتێـب تـا ئێـستاش بەهەڵـە بەسـەر فرۆشگاكاندا هەڵواسراوە، چونكە زۆربـەیان نـاوی (كتێبخانـە) بـەكاردەهێنن كـە دەبوایـە (كتێبفرۆش) بێت!



بۆ ئەوەی ئەو بایەخەی کتێب لەدەستیداوە لەبواری فرۆشتندا، بگێڕینەوە و وابکەین لەبازاڕدا بەشێوازێکی بەهادارتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەم تەوەرە (سێ) هەنگاوی پێویستە:

*تێکەڵکێشییەکی تەواو زانستی و گونجاو پێکبهێنرێت لەگەڵ (دەزگای بڵاوکردنەوەی کتێب) کە بتوانێت بەشێوەیەکی گشتگیر بەرهەمەکان لەدەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کتێب وەربگرێت ( واتە بکڕێت)، هەر خۆیشی بڵاویان بکاتەوە.

*نرخی (داشکاندن) وەزارەت دیارییبکات و جێگیربێت بۆ هەموو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە، مەگەر بۆ پێشانگاکانی کتێب، کە ڕێژەی ئەویش هەر دەبێت وەزارەت دیارییبکات، بەڵام بەجۆرێکی دیکە.

*لەبری (تصریف)، پێویستە یاسایەکی نوێ بۆ فرۆشتنی کتێب دابنرێت، لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری یان ئەو دەزگایەی کە بۆ ئەو مەبەستە دادەمەزرێت.

*بەپێی بڕیارێکی وەزارەت، ناونیشانی کتێبخانەکان بگۆڕدرێت بە(کتیبفرۆش)، یان هەر ناوێکی دیکە ئەگەر ئەو مانایە ببەخشێت.

٧.نووسەر یان ئەو کەسەی هەڵدەستێت بەلێکۆڵینەوەیەك، یان هەر جۆرە کارێکی نووسین، پێویستیی بەکات و دراو و کۆمەڵێك شتی دیکە هەیە بۆ جێبەجێکردن یان




پێدانی مافی تەواو بەکارەکە، جگەلە ماندووبون و گەڕان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك پێویست مافی ناپارێزرێت، هەروەها نووسەران هاریکاری تەواو ناکرێن بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستییانەی کە کارەکەیانی پێ جێبەجێدەبێت.

بێگومان ئەگەر رەچاوی ئەو مافانەی نووسەر بکرێت، رەنگدانەوەی باشی دەبێت بەسەر زۆرێك لەبوارە رۆشنبیری و ئەدەبی و فەرهەنگییەکاندا.

دوای دیاریکردنی ئەو (٦) خاڵە پێمباشە کە چەند هەوڵێکی دیکە بدرێت لەپێناوی کتێبدا:

١.لێژنەیەك پێکبهێنرێت لەخەڵکانی پسپۆڕ و شارەزا، بەسەرپەرشتی وەزارەتی رۆشنبیری، یان هەر لەچوارچێوەی ئەو وەزارەتە رێکخراوێکی تایبەت بەو کێشانە دابمەزرێت، بەراپرسیی و ئاگاداریی هەریەك لەدەزگاکانی بڵاوکردنەوە و هەموو ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کاریانکردووە و شارەزاییان هەیە، بۆئەوەی ببێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی تەواو بەسەر هەموو ئەو شوێنانەی کە کتێب چاپدەکەن و بتوانێ مەرج و پێویستی بسەپێنێت بەسەریاندا، بێگومان دوای ئەوەی کە ئەو لێژنە پسپۆڕە بەرنامەسازییەکی تەواو ئامادەدەکات بۆ خزمەتی کتێب، بۆ سوود وەرگرتن لەهەموو ئەو سەرنجانەی لێرەدا باسکراون لەگەڵ هەر بیروبۆچوونێکی دیکە کە بتوانێت خزمەتی بوار و

زانستی کتێبی کوردی پێبکرێت. دەتوانم لێرەدا دەستخۆشی لەو بەڕێزانە بکەم کە خەریکی دامەزراندنی، کۆمەڵەی کارمەندانی کتێبخانەکانی کوردستانن (لە سلێمانی)، هەروەها دەکرێت بڵێم" ئەوان رەنگە بتوانن رۆڵی ئەو لێژنەیە ببینن.

٢.بەپێویستی دەزانم هەموو کتێبخانە گشتییەکان ماڵپەڕی تایبەتیان هەبێت لەسەر ئینتەرنێت و بتوانن بەشێوەیەکی زانستی ئەرشیفی خۆیان لەسەر لاپەڕەکان بناسێنن، چونکە ئەم شێوازە نوێیە لەڕەوشی کتێبدا بایەخ و رۆڵی پۆزەتیفانە دەگێڕێت، لەکەمکردنەوەی کات، دراو، ماندووبوون، گەڕان، ...تاد. هەروەها لەسەر ئەو ماڵپەڕە، بەشێك دابنرێت بۆ ناساندنی کتێبی کوردیی، ئەگەر بکرێت وەرگێڕانی ناوەرۆکەکەی بۆ چەند زمانێك، بەتایبەتی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی. چونکە تا ئێستاش کۆمەڵێك لەنووسەران و خوێنەرانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، ناتوانن بەکوردی بنووسن و بخوێننەوە، جگەلە کێشەی دیالێکتەکان و پیتی عەرەبی و لاتینی، کە ئەوانیش پێویستە کاریان بۆ بکرێت.

بۆ نموونە کتێبخانەی (ئینستیتوتی کەلەپوری کورد لەژێر ناونیشانی (www.khi03.com) توانیویەتی تائێستا زیاتر لە(٢٠٠٠) کتێب لە(٤٥) بواری کەلەپووری کوردیدا و لەهەردوو تەوەری سەرەکیی کتێبەکان (ناسنامە، ناوەرۆك) بەخوێنەران بناسێنێت، کە بینەر لەسەر ئینتەرنێت دەتوانێت ناونیشان و کورتەیەك لەناوەرۆکی ئەو کتێبە بخوێنێتەوە و ئەو بابەتە بدۆزێتەوە کە خواست یان مەبەستییەتی. (هەوڵدەدەین لەبابەتێکی دیکەدا روونکردنەوەی تەواو بدەین لەسەر شێواز و چۆنییەتی پۆلێنکردن و ئەرشیفکردنی ئەو کتێبخانەیە).

٣.ژمارەی سپاردن: بێگومان پاشماوەی (رقم الأيداع)ە، کە کاتی خۆی وەك سانسۆرێك بەکاردەهات و هەر کتێبێك ئەو ژمارەی لەسەر نەبوایە توانا و رێگەی بڵاوبوونەوەی نەبوو...

لەکاتێکدا هەر ئەو کات لەدوای سانسۆرە سیاسییەکە، بەفلتەری سانسۆری ئەدەبیدا دەڕۆیشت. بەهەرحاڵ ئێمە داکۆکیی ناکەین لەبەرامبەر بڵاونەبوونەوە یان رێگەگرتن لەدەربڕینی بیروبۆچوونە هەمەجۆرەکان، بەڵکو دەمانەوێ بڵێین: کتێبی کوردیی پێویستی بەفلتەری ئەدەبی هەیە، چونکە مەرج نییە ئەو کتێبەی ژمارەی سپاردنی لەسەر بوو،

ئیدی بەتاڵ بێ لەڕێنمایی" زمانەوانی، ئەدەبی، ڕێزمانی، خاڵبەندی. جگەلە شێوزای ڕێکخستن و ناسنامە و ناوەڕۆکنووسیی کتێبەکە. هەروەها کۆمەڵێك کتێب لەبازاڕدان کەئەو ژمارەیەیان لەسەر نییە و ئەوانیش پڕن لەکەموکورتی، کەواتە لەهەردوو باردا دەتوانین بڵێین: کتێبی کوردی پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە لەهەموو بوارەکاندا. هەروەها پێویستە هەوڵبدەین لەبری ژمارەی سپاردن: (International Standard Book Number) ژمارەی نێودەوڵەتی ڕیزبەندی کتێب (ISBN)ی بۆ وەربگرین کە لەساڵی (١٩٧٠) دامەزراوەو هەموو کتێبەکان دەخرێنە داتا بەیزەوە.

ISBN 978-1-873671-00-9

٤.کتێب پێویستە لەسەرەتاکەیدا ناسنامەی بۆ بکرێت، چونکە چەند ڕێنماییەك هەیە لەچاپکردنی کتێبدا کە بەداخەوە تائێستا وەکو پێویست کاری لەسەر ناکرێت، وەك: ناوی نووسەر، دەزگای بڵاوکردنەوە، ژمارەی زنجیرە، ژمارەی نێودەوڵەتی ڕیزبەندی کتێب (ISBN)، یان هەر نەبێت ژمارەی سپاردن، نۆبەتی چاپ، ناوی کەسی دیزاینەر، تیراژ، ناوی چاپخانە، ساڵی چاپ، شوێنی چاپ، نرخ، ...تاد. هەروەها پێویستە ناوەڕۆکی کتێب لەسەرەتا یان لەپاشکۆدا دابنرێت، چونکە بەشێکی گرنگ و پێویستە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لەزۆر کتێبدا پشتگوێ دەخرێت.

٥.لە ڕاگەیاندنەکاندا بانگەشە بکرێت بۆ کتێبخانەی ئەو دەزگا و بنکانەی کە کتێبخانەیان هەیە، بۆئەوەی خوێنەر بتوانێت بەشێوەیەکی گشتیی کەڵکیان لێوەربگرێت، چونکە هەندێك لەخوێنەران یان لەو قوتابیانەی کە خۆشبەختانە لەخوێندنگاکانەوە ڕادەسپێردرێن بۆ کاری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، لەلایەن کتێبفرۆشەکانەوە بەشێوەیەکی ناشارستانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت ...، چونکە خوێنەر بەگشتی و خوێنکار بەتایبەتی توانای کڕینی هەموو کتێبێکی نییە، سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە سەرچاوەیەك بۆ یەکجار سوودی لێوەربگرێت، کەواتە پێویستی بەکڕینی نییە.

٦.ئەگەر بکرێت لەچەند شوێنێکی گشتی شارەکان، وەك: سەیرانگاکان، چایخانەکان، شوێنە قەرباڵغەکان، ...تاد، نامەخانەی بچووك بکرێتەوە، تەنیا کتێبی نوێی تێدا دابنرێت و بەپێی بابەت هەر یەکە و لەسەر مێزێك یان خانەیەکدا یان لیستی ڕۆژانە و هەفتانە و

مانگانە ئامادەبکرێت و خوێنەر کە سەردانیکرد بەخێرایی بەرهەمە چاپکراوەکان ببینێت، بێگومان لەو کاتەدا پێویستە هەموو دەزگاکان هاوکاریی بکەن و یەك دانە لەبەرهەمەکانیان لەگەڵ یەکەم ڕۆژی دەرچوونیدا بنێرن بۆ ئەو شوێنە.

لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە دەخوازم کە هەوڵ و کۆششدەکەن بۆ نەهێشتنی ئاستەنگییەکانی (کتێب) لەکوردستاندا، بەمەبەستی بووژاندنەوەی یەکێك لەبوارە هەرە گرنگەکانی کەلتووری کورد.

سەرچاوە:

(١)تێبینی: ئەم بابەتە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کتێب لە(٢٦/٤/٢٠٠٦) لەهۆڵی کتێبخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسلێمانی لەکۆڕێکدا پێشکەش کراوە.

*بەرپرسی کتێبخانەی ئینستیتوتی کەلەپوری کورد.

(٢)بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەو ببلیۆگرافیایە بکەم کە لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٤)دا بەناوی (ببلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆری کوردی، ١٨٦٠– ٢٠٠٤) ئامادەمکرد و وەك پڕۆژەی کتێبخانەی ئینستیتوتی کەلەپوری کورد چاپ و بڵاوکرایەوە. هەروەها هەوڵماندا‌وە خۆمان ئامادەبکەین بۆ سازدانی بیبلیۆگرافیای بوارەکانی دیکەی کتێبی کەلەپوری کوردیی (مێژوو، ئەدەبی کلاسیك، فەرهەنگ و زمان، ئایینەکان، هونەر)، ئەگەر تەمەن و ژیان بوارمان بدات.

# لە بارەی وشەکانی خواوە

ئیبراهیم ناودەشتی

( ١ )

ئەوانەی خوایان خۆشدەوێت زۆر بیری لێناکەنەوە، لەبەرئەوەی هیچ مرۆڤێك نییە لەهەموو روویەکەوە خوا بناسێت، بۆیە خۆشەویستییەکەشی بەقەدەر ناسینەکەیەتی. ئەو مرۆڤە ئیماندار بەخوایانە یەقینێکیان لایە کەدوودڵی و گومان رەتدەکاتەوە، ئەو مرۆڤانە هەستدەکەن خوا لەناخیاندایە بۆیە لەئاسوودەگی و دڵنیاییەکی بێسنووردا دەژین. تەنها مرۆڤە دوور لەخواکان، ئەوانەی هەستدەکەن خوا لەشوێنێکی دەرەکییە جگە لەناخی خۆیان وێنای خوا لەخەیاڵیاندا بەشێوەیەك لە شێوەکان دەکەن، خوایەك کەوا دەزانن بەبیرکردنەوە پێیدەگەن.

خوا لەیەکێك لەکتێبە پیرۆزەکانیدا فەرموویەتی "بە دوامدا مەگەڕێن، دووچاری هەلاکەت دەبن". بەداخەوە هەر بیرکردنەوەیەك پێچەوانەی یەقین بەخوا، بەدواداگەڕانیەتی.

خۆشەویستیی لەنێوان مرۆڤەکانیشدا بەهەمان شێوەیە، کام عاشق مەعشوقەکەی لەدڵی خۆیدا هەڵنەگرتووە؟ بەڵام چونکە مرۆڤ بەراورد بەخوا هەقیقەتێکی رەها نییە، یەقینی مرۆڤەکانیش بەخۆشەویستیی یەکتری یەقینێکی رێژەییە، لێرەوە بیرکردنەوە تەنها بۆ مەودایەك دەتوانێت یەقینێك بەیەقینیی بهێڵێتەوە، هاوکات هەمیشە بیرکردنەوە گەرای گومانیش بە دوای خۆیدا جێدەهێڵێت، کەدەبێتە تێکشکاندنی یەك لەدواییەکی یەقینەکانی خۆشەویستیی مرۆڤ، یەقینێکیش کەیەقینی مرۆڤەکانە بۆ ئەوەی بەبەردەوامی بمێنێتەوە، پێویستە بەردەوام خۆی تازەبکاتەوە، واتا هەم خۆی هاوتا بکاتەوە لەگەڵ خۆشەویستییەکی بێسنوورداو هەم بەگومان یەقینە مرۆییەکانی خۆی پتەوتر بکات!

( ٢ )

مرۆڤ کە پێچەوانەی ئاژەڵ کائینێکی قسەکەرە هەندێکجار هەست بەئێشی شەویلاگەکانی دەکات و لەقسەکردن ماندوو دەبێت! بێگومان قسەکردن تەنانەت لە ناو مرۆڤەکانیشدا شانازی و توانایەکی مەزنەو کەم کەس ئەو قودرەتە سەیروسەمەرەیەو ئەو

مافە پڕبەهایەی دەستدەکەوێت، بۆیە دیاردەی زمانبڕین و قەدەغەکردنی ئازادیی بیروڕا زۆر بڵاوە لەژیانی مرۆڤەکاندا!

هەندێك باڵندە بەغەریزە هەست و خوستی راوچی دەبیستن، تا راوچییەکان ئەو ناوە تەی بکەن باڵندە بیرتیژەکان خۆیان دەشارنەوەو فڕین بیرخۆیان دەبەنەوە! چونکە بەئامادەبوونی راوچییە زاناکان فڕین و مەرگ بەرامبەر یەکتریی دەکەونەوە! زمانیش جۆرێکە لەفڕین! قسەکردنیش بیرخستنەوەی چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانە بۆ ئەو مرۆڤانەی کە لەترسی زمانبڕەکانیان بیریان چووەتەوە کەئەرکی زمان تەنها ئاسانکردنی خواردن نییە بەڵکو یارمەتیدانی عەقڵیشە بە مەبەستی گوزارەکردن لەخۆی!

( ٣ )

ئەم وشانەی ئێمەش پیردەبن، وشەش نەمر نییەو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەژێت، مرۆڤی هەر سەردەمێك لەسەردەمەکان خاوەنی وشەی خۆی بووەو لەگەڵ خۆیشیدا وشەکانی بردۆتە ژێر گڵەوە، موسا وشەی خۆی هەبووە، مەسیح و محەمەد خاوەنی وشەی خۆیان بوون، بەڵام چی وایکردووە وشەکانی ئەو زاتانە بۆ سەردەمەکانی دوای خۆشیان بمێننەوە؟ ئاشکرایە هەموو مرۆڤەکان کائینی قسەکەرنین، بگرە کەسانێکی کەمی لێدەرچێت زۆربەی مرۆڤەکان بەلاڵیی لەدایکدەبن و بە لاڵیی دەمرن، ئەو رانە زەبەلاحانە بۆ ئەوەی بتوانن هەستی خۆبەکەمزانییان بشارنەوە کە لە ئەنجامی لاڵیانەوە بۆیان دروستدەبێت پێویستیان بە ئەوەیە جۆرە وتنێکی تووتی ئاسا فێر بن کە لەسەر دووبارەکردنەوەی پڕخەوشی وشەی مرۆڤانی قسەکەر وەستاوە! بەم شێوەیە خەڵکانی لاڵ تەورات و ئینجیل و قورئان تووتی ئاسا ئەزبەر دەکەن! تەنها مرۆڤانی زماندروست بەمەبەستی فێربوونی زمانە مردووەکان دەکەونە گفتوگۆ لەگەڵ موسا و محەمەدو مەسیح!

٢٠٠٣/٥/٢٣



# دەق


ئاتۆ دەڵێی.. من ئەلیف
عەلالە عوسمان

قەسیدەیەک لەحزووری دووریتا
کەژاڵ ئیسماعیل

مەحاڵ
هۆشیار شێخ ئەنوەر

کریشناو من
بەختیار کەریم

پییەسی شانۆیی فریشتەکانی دۆزەخ
تەحسین فائق

# (تا تۆ دەڵێی.. من ئەلیف)

هەلآلە عوسمان



ئ.ە.ی.ت.ۆ

ئ.ە.ی.ن.ا.ز.ە.ن.ی.ن.ت.ر.ی.ن

ئ.ا.ز.ا.ر

چ.ی.ل.ە.م.ن.د.ە.ک.ە.ی.چ.ی

تۆ کەی لەڕابردووی بەفرێک دەچی

ئێستای بچێتەوە سەر وەرزی قات و قڕی ئاو

کەی لەڕابردووی وەرزێک دەچی

رەنگی لەگەڵای پرتەقاڵێک نەچووبێ لەدەماو دەمی سەرمادا

ئەی نازەنین ترین ئازار



تۆکەی دەچیتەوە سەر ئازاری ژانی گوێزێک

کە بەردەبێتەوە ناو کۆشی زەوی و

سەری کرمۆکەیەک دەشکێنێ و پێنازانێ

تۆکەی لە تکەیەک فانتازیای بارین چوویت

تاهەرچی حیکمەتەکانی بارینە بیشاریتەوەو

ئێمەش هەر بووکەبەبارانێ بکەین بۆ ...!؟

تۆ کەی ناچیتەوە سەر وەرزێک کە ئاودامانە لەمێخۆشی و

رەنگی لەڕەنگی هەنارێک پڕاوتر نەبێ

چەند سەیرە...

نەخافڵ بووی لەگۆجبوونی پەنجەکانم بەترێی ژیانەوەو

بێئاگا لەهەرچی زیزبوونی خەونەکانم

چەند سەیرە.. ئاخر

تۆکەی نەچوویتەوەسەر  پێخەفێک

بەتیشکی چاویلکەیەک گڕی نەگرتبێ و

سەرەداوی ئەو مەغریبستانەی بەپەنجەکانی توندتر نەکردبێ

سەختە وەکو هەمیشە بچیتەوە سەر نامۆی تۆو

شەوە سوورەکانی ئێمە

ئاخر تۆکەی خافڵ دەبی لەمن

منێک بەپەردەی حەرفەکانەوە دادەدرێمەوە سەر زەمینێک



ژێرەوەی کرمەکانی غەدرەو

سەقفیشی ئەو خۆزگانەیە هەرگیزاو هەرگیز

چرکەیەک ئێرە جێناهێڵێ

منێک بەزبری جادەکانەوە گشت بەیانیانێک

چاوەکانی  خوا دەمپروێنێ و

بەدەستەکانی کائینێکەوە کەقەت لەتۆ ناچێ

دەمداتە بەر زللە.. نازانم خۆشەویستییە یان رق

تۆکەی دەچیتەوە سەر مێژوویەک

کە میرنشینەکەی تۆیت و منیش ژەنەراڵی عیشق

تۆکەی.. ئاخر تۆکەی ناچیتەوە

قووڵایی برینێک لەهزرما

کە ئاژینە بەر رێگاکانی سەفەر

ئاخر.. تۆ کەی ناچیتەوە مەنزڵێک

کەپیاوەکان تیایدا لەباوک نەچن و

منیش ژنێکی ترسنۆک

تۆکەی ناچیتەوە سەر پیاوێک

دەرگاکانی عاتیفەی قایمتر لەبا پێوەنەدات

لەڕووی کچێک کە جەریئترە لەفەرمانەکانی یەزدان

ئیتر نامەوێت بچیتەوە سەر ئەو خەتە نووسراوانەی

کە ژیان بەڕێوە دەبات

ئاخر.. ژیان چۆن بەدوو سێ حیوار بەڕێوە دەچێت

نا.. نا.. نا.. نامەوێت

بچیتەوە سەر نەگریسی خەونەکانی پیاوەتی باوکم و

رژانی ئەو هەموو سۆزە لەسینەی جۆگەیەکدا..

نا.. نامەوێت بچیتەوە سەر وەنەوزی جنسی

کۆترێک بەدیار دایکییەوە

نامەوێ بچیتەوە سەر جانتایەک هەرچی

نهێنییە لەخۆیدا کۆکردبێتەوەو

کۆدەکەیشی خوا بیزانێ

ئاخر.. تۆکەی لەبەیانییەک دەچووی

کەڕەنگی عیشق تەریب بێت بەڕەنگی شەو

رەنگی گوڵیش تەریب بێت بەسەراب

تیناگەم.. تێناگەم

تۆ کە نەچیتەوە سەر نیشتمانێک



هاوتابێت لەمن و

بیرەوەرییەکانیشی لەبنی مەرکانەیەک

یان گۆزەیەکدا قایم کرابێ

چی.. چی لەمن دەکەی.. ئاخر چی..؟!

ئاخر نەئێستەو نەدوێنێ و نەبەیانی و نەهەرگیز

من تامی گوڵەباخێک نادەم

چی لەمن دەکەی..؟ نەسارێژی رابردووم پێدەکرێ و..

نەتەوازنی ئێستاش

ئاخر من کەی توانیومە بستێک بچمەوە رابردوو

بێئەوەی ئێستام ئازاری پێبگاتەوە.

کەی توانیومە بەم ئەبەدیەمەوە

کرنوش بۆ پاشماوەکانی مناڵی نەبەم

ئاخر چی لەمن دەکەی

وازی بەتارماییەکانی ئەم غەدرانە دەکەم

کە ئێستاش ئیعرابی رۆژەکانی دواییم دەکا

چی لەمن دەکەی..! مەزهەبی عیشقم فیراقەو

کوشتنی خولیاکانیشم هێشتا ئاو لفی شەوێکە

قیژەی لەیەکەمین خنکانی رووناکی چڕترە.

چی لەمن دەکەی..

وەجاخی ژنێتیم و وچانێک لەو لای مەملەکەتی کوێرییەوەیەو

کۆماری ئەم رەگەزەی رشاوەتەوە ناو بوونمەوە..

سەدەیەکە وەک ئەنگوستیلە چۆتە پەنجەکانی قەدەرم

گوێت لێیە چی دەڵێم..؟

کۆن.. کۆنە تەفسیری شتنەوەی باران

ئاخر لاساری بەمەلولی (با)وە

شەڕە لەگەڵ قەوانینەکانی ئیلاهی

گەمە بەتۆنەکانی فڕینەوە

سوکایەتییە بەشەرەفی زەمان

بۆیە گەر سەلەفییانە خۆشت بوێم

ئەوا ناچار بێ رکاتێک نوێژ

هەرچی حیکمەتەکانی ئەم بەرکۆشەمە

بەشکڵی پاڕانەوە بنێمە ئامێزتەوە

ئاخر چی لەمن دەکەی..!



ئەمێستا لەحەسرەتا بەقەد مشتێک لۆچ دەبم

بۆ ماچێک کەهەنوکە نیتە بیکەمە بەرگی لێوەکانم

نازانم.. واهەست دەکەم

دەبێ بورکانێک رووبدات لەم ڕووبەری ژیانەدا

هەرچی جەدەلەکانی دروستییە تێکبشکێنی

گەر بڵێی.. دەچمەوە

سەرزەمینی قەفەسێک کە عبورە

لەزەخرەفەی فڕینی مەلێک.

یان دەچمەوە کابووسی هاوسێتی فیکری من و

ژەنگگرتوویی تێڕوانینیان کە دوورە لە (درک)کردنی

تەقەی دەرگایەک

گەر بڵێی بەئێوارانێکدا دەڕۆمەوە

کەمیلە رێیەک لەملای پێڵاوەکانی (بابە) وەیەو

(بەرد)یش نەگریسی ئەو رۆژانەیە

دەشتوانم بچمەوە نێو ئەو جلە باراناوییانەو

تێیدا هەڕابم و بەبارانەوە بنازم

گەر بڵێی..چی لەمن دەکەی

ئەوا دەتوانم بچمەوەسەر ئەو شانەیەو بەستوونی

ئاوێنەکانی قژم کەرت کەرت بکەم

گەر بتەوێ بەئەندازەی فنجانێک قاوە

دەچمەوە رەشایی و بەختی ترسانت لەم ژیانە بۆ دەگرمەوە

گەر دەتەوێ بڵێ.. بڵێ

تا دەتوانم دەرفەت بێنم بەتەنیشت هەڵکردنی تووڕەیتدا بتدزم

دەتوانم فرسەت لەپیاوەتیت بێنم و

وەک مەلۆتکەیەک لەباوەشمدا بتنوێنم و

یەک تنۆک شیرت نەدەمێ

گەر بتەوێ هەرچی مەوداکانی ژیانە

دانە.. دانە کۆی دەکەمەوە ناویەک حەرفی

(ئەلف)و هەر دەیڵێمەوە

چی لەمن دەکەی بەو هەموو (ن.ا.ز.ە.ن.ی.ن.ی.ە.ت.ە)وە

من تێناگەم سەرەتاتکەیەک بۆ هەموو سەیرکردنی دنیام لێ قفلێ دەکا

یان پەنجەرەیەک مەحرومم دەکا لەبینینی (تەناف)ێک

کە هەرچی شێیەکانی ئەم دڵتەنگییەمە لادەبات

تێناگەم ئاخر..

من کە حازرم زۆرترین مەوداکان بێدەنگی وەدەرخەم لەخۆمدا

زمان بۆ نایەڵێت

من کە تاخۆر هەڵدیٚ ئینتیزاری رووناکی حەوشەبم

ئەستێرە بۆ زوویر دەبیٚ

کە تاسپی بوونەوەی خەونەکانی دایکم

چاوەڕێی هاتنەوەی ئە وخۆشییانەبم

بەزەنگی تەلغۆنێکەوە رۆیشتن و تائێستاش نەگەڕانەوە

ئیدی لەمسی ئەم نووسانەی تۆم بۆ ناکریٚ بەخۆمەوە

گەرچی بمەویٚ

ناگەمەوە ئاسەواری مستەکۆڵێک زاری حەقیقەت

تۆ بڵیٚ چۆن تێبگەم.. لەشنە

لەناو وەسوەسەی ئەڤینی گەڵایەک

یان راموسانی درەختێک بەشەبەنگی مانگەوە

ئەو دەمەی چیا لەئامێزی خەوندایە

منیش لێڵ.. لێڵ چوومەتە کوڵوانەی پەلکەزێڕینەوە

لەوێوە دەڕوانمە شەفافییەتی هەور

ئەو دەمەی قەقنەس لەئەدەبی (غابات) رادەمێنیٚ

هەر ئەو دەمەش من و خێوەت

جێنشینی سنەوبەرین

ئاخر تۆ بڵیٚ تا منیش کوٚتا وڕێنەی ئەم هەگبەیەت

بۆ هەڵڕێژم لەسەدەی ناکامڵی عیشقدا



تاهەرچی فەرهەنگی ماسییە بیپشکنم

بۆ سۆراغی رەشبوونەوەی هەناو

تاهەرچی ئەدرەسی پووشکەبەقنگەیە

بۆ شیکاری وێڵبوو بدۆزمەوە

تۆبڵێ چی لەمن دەکەی..؟!

نەئێستاو.. نە دوێنێ و.. نە بەیانی و .. نەهەرگیز

من تامی (گوڵەباخ)ێک نادەم

ئەی ن.ا.ز.ە.ن.ی.ن

چی لەمن دەکەی..؟!

# قەسیدەیەک لەحزووری دووریتا

کەژاڵ ئیسماعیل



ئەمەوێت..
دەرگایەکی شیعر واڵاکەم
بەڕووی هاتنی وەرزی بەفراو
لە حزووری دەرکەوتنی تۆیا
درەختێک لە خۆشەویستی نەزر کەم
شۆخی ناکەم
چاوەڕوانی دەرکەوتنی
ئەو پۆست هێنەرەم
کە تەنها جارێک نامەیەکی بۆ نەهاوردم
هەر نەهات و
نایەت!!
تۆ بڵێی لەبیری بێت
ئەنگوستیلەیەکم بەدیاری بۆ بکڕێت و
دوو مەدالیاش
لەمورووی شین
بۆ خۆم و خۆی
یا.. نامەیەکم بۆ بنووسێت
پڕ لەئەفسوونی درێژترین قەسیدەو



گەورەترین ئەشق و
دوورترین ئەستێرە؟!
ئای ئەزیزم
لەو ساتەوەپاشماوەی دوا سۆزم
رژاندە بەرپێت و تۆش
وەنەوشەکانی پێدەشتی ماڵئاواییت بۆنکردم
تاپۆی تەنهاییەکی سارد
ئەمترسێنێ
غەم..
غەم هەرغەمەو ئازاریش هەر ئازار
لێرە رەنگەکان نامۆن بەبینین و
دەستەکان لەحەنینی گرتنێکا سرەوت ناگرن
ئەمەوێت
کوڵی شانم
لەسەر شۆستەکانی غوربەت فرێدەم و
لەگەڵ تروسکەی دوا دیمەنی ساڵی پارا
خۆم بگەیەنمە مەملەکەتێکی سەرمەدی
تا لەوێ تۆ بدۆزمەوەو
لەباوەشتا پشووی ئەم سەفەرە بدەم.
ساڵی تازە وا خەریکە
پەنجەی ئەگاتە زەنگی دەرگاکەم و
غەم بەدیواری ژوورەکەما هەڵئەواسێت
ئەو نازانێت
ساڵانێکە..



پەنجەرەکەم چۆڵەو
ماڵەکەشم بۆنی حوزنێکی خۆڵەمێشیی گرتووە
ساڵێکی نویٚ!
چ ساڵێک و
چی نویٚ ئەبێتەوە؟!
خۆ من هێشتا نە شیرینیم کڕیوەو
نە میزەڵدانی سپی
جەستەشم لەت لەت نەکردووە
تا هەڵیواسم بەداری میلادی
دوا شەوی ساڵتا
لەبیرتە..!؟
چەن خۆزگەم بەو ئەستێرانە ئەخواست
شەوێکی هاوین خۆیان ئەنایە باخەڵت و
سەربانەکەتیان پڕ ئەکرد لەورشە
حەسوودیشم بەو ئاوێنەیە ئەبرد
کەپێش دەرکەوتنت
دوا سەرنجی نیگاکانت تێئەگرت و
بۆنی عەترێکی مەستت ئەپرژان
لەڕۆحی دوورم؟!
شۆخیم لەگەڵ مەکە



بێڵە با.. باڵی غەمەکانمان باڵبگرن و
بیانسپێرین بەپشیلە پاییزە
تا دوور.. دوور بیانبات
بەرەو ئەو پەرستگایانەی

پڕن لەخوای دەستکرد

ئەی بۆ نایەی

دوا شەوی ئەمساڵ

بەدەستی خۆت

ئەو رەنگی فیراقە لەسەر پەنجەرەکەم

بسڕیتەوەو

رستێ میزەڵدانی سپی هەڵواسی

بە دیوی ناوەوەی هەناسەیەکما

تا بۆنی پەنجەکانت بگرێت!

وەرە..

وەرەبا هێندە بچووک ببینەوە

تا کەپرێک لەسەر مژۆڵەکانی گوڵەبەیبوونێک

هەڵبەستین و بەئاستەم

لەگۆناکانی بۆڵێ ترێ

خۆمان مەست بکەین

رستێک مورووی شینیش هەڵواسین

بەدیمەنی ئامبازبوونی سێبەرمانا

نەبا لەچاو بچین!



وەرە..

وەرە با شێرو خەتێک بکەین

من ئەڵێم خەونەو

تۆ مەڵێ راستییە!

ئاخر ئەزیزم..

ئێوارەیەک وەک دوو زیخە شینکە

لەژێر شڵێوەی بارینێکدا
بووبووینە دوو چیرۆک و
یەکمان ئەخوێندەوە
نەسەرما بەدەستەکانمانا گوزەری ئەکردو
نە تەڕیش ئەبووین
ئیدی کامە راستی..؟
ئای..
ئای لە سۆزشی ئەم برینەی
ئاواقی دڵم ئەکێڵێ و
ئەو یادەوەرییانەی
سیواق دراون بە غەمێک وەک روخسارم
دەوەرە..
وەرەو وەکو پوشێکی نێو پەرێزی
ئەم دوورگەیە
بەسەر بەردەبازی نیگاکانما بپەڕێرەوەو
بەرەو هەڵەمووتی رۆحم وەرە
وەرەو لەناو پەپوولەکانی خۆشنودیما
سرەوت بگرە
ئای ئەزیزم
من ئەمەوێت دوا شەوی سەریساڵ
موحیبەتی تۆ بکەمە بازووبەندم و
ببمە سەفیری نەغمەکانی
شیعرێکی غەزەل
تۆش.. باڵێنی پەڵەهەورێک



ئاوس بەئاونگ و

ئەستێرەیەک تژی لەماچ..

زۆر ئەترسم

تۆ نەگەیت و

ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابوردوو

هەتا دوا چرکەگیانی لەدەست ئەدا

من

دەنک.. دەنک

فرمێسک نەنێمە

سەر لەپی دەستەکانت و

هەروا

قەسیدە بۆ تەنهایی بخوێنمەوە..!

• • •

١٥– ١٢ – ٢٠٠٦

Kazal_8@hotmail.com

# مەحاڵ[٧]

هۆشیار شێخ ئەنوەر

**چیبکەین، گەر بزانین رابردوو لەخەیاڵێک زیاتر هیچیتر نییە..!**

**بەچ عەقڵێکەوە بگوزەرێین، گەر بزانین ئێستا خەونێکەو بەس..!**

**ئەی روو لەکوێ بکەین، گەر درک بەوە بکەین ئاینده جگە لەمەرگ**

**هیچیترمان پینابەخشێت..!**

**ئێمە بەم هەموو عەشقەوە بەم هەموو هیوایەوە**

**رەنگە نەتوانین کۆتایی بەمۆتەکەی ئەم زەمەنە شوومە بهێنین**

**کە ئەفسانەیەکەو قارەمانەکانی خۆمانین و ناومان ناوە ژیان..!**

**دەبەسەئیدی هاورێ، ئەم سەرابانەی من بەحەقیقەتەکانی تۆ پڕنابنەوە..!**

**بیرتە کەدەموت هەموو ئەو هەنگاوانەی کە دەینێین**

**سەرەتای چیرۆکێکە قارەمانەکەی کۆتاییەکی نادیارە..!**

**ئەوەتا دەبێت بەو گوناهانەوە رێبکەین**

**ئەو گوناهانەی کە هیچیان هی من نین، هی تۆنین، هی کەس نین..!**

**ئەو گوناهانەی کە لەگەڵ بووندا دروست بوون و هاتوون**

**هاتوون تابەگەردنی ئێمەوە بنوسێن و جێبەجێیان بکەین..!**

**دەبێت ئەو ئاواتە بەدینەهاتووانەش جێبهێڵین**

**کە پشتاوپشت، لەباوو باپیرانمانەوە میراتمان کردوە..**

**ئەو ئاواتانەی کە هەر لەئەزەلەوە هاتوون تا بیانهێنینەدی**

**بەڵام، ئێستا گەر شکۆیەک مابێت، ئێمە ببینە خاوەنی**

**هێنانەدی مەحاڵە.. هاوڕێ.. مەحاڵ**

**مەحاڵ گوڵێکە، دەبێت تۆوەکەی لەڕۆحی خۆمانەوە بگرین و بیچێنین**

**بەخوێنی خۆمان ئاوی بدەین و گەشەی پێبدەین**

**گەشەی پێبدەین و دڕکەکانی بەچاومان لێبکەینەوەو پاشان**

**بەدەستی پڕزامی جەستەمان لێی بکەینەوەو پێشکەشی بکەین**

**پێشکەشی بکەین بەکەسێک، کەدواجار دەڕوات و ئیدی هەرگیز**

**نایبینینەوە.. هاوڕێ**



**چیرۆک**

# کریشناو من

بەختیار کەریم

کریشنا

له کۆخته بچکۆلانەکەی خۆیدا بەزمانێك که من تێیناگەم بۆ کوڕه لەڕه ڕەشتاڵەکەی دەدوێت، دەنگی ناسکی ژنێك لەڕادیۆیەکی گرگنەوه جارجار گوێیەکانی کریشنا قوڵاغ دەکاتو سەرنجی بۆ لای دوا سەردێڕی هەواڵەکان رادەکێشێت..کوڕه رەشتاڵەکەی کریشنا نیگای پڕ لەپرسیاری چاوه گەورەکانی لەسەر روخساری ماندووی باوکی جێگیر دەکات..بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت دەچێت بۆ لای ئەو عەرەبانەیەی که دایکی خەریکی خاوێن کردنەوەیەتی.

کریشنا گەنمەشامی برژاو لەسەر عەرەبانەیەکی بچکۆلانه دەفرۆشێت، خۆیو کوڕه رەشتاڵەکەی بەیانی تا ئێواره سی روپێ پەیدادەکەنو پاشماوەی گەنمەشامییەکە، ئەو پاشماوەیەی کەس رازینابێت بیخوات، دەدەن بەمناڵەکانی تری کریشنا..ئەوانیش وەك ئەوەی ئاوێزانی بەتامترین میوەی بەهەشت بووبن، وەك پوره هەنگێکی برسی تێیدەئاڵێن. کریشنا بەهیلاکییش نیگاوروژێنەرەکانی ژنەکەی دەبهێننە ئالۆش...خۆیان لەمنداڵەکان دەدزنەوەو لەو ژوورەی بەپەردەیەك لەکۆی ماڵەکە جیاکراوەتە ئاوێزانی یەکدی دەبن...کریشنا حەزدەکات لەسەروەختی رەحەتبووندا گاز لەلاملی 'نازیتا'ی ژنی بگرێت نازیتاش پێیخۆشە لەکاتی ئەو گازانەدا پڕ بەو دەشته هیندییەی ئەوان لێی نیشتەجێن هاواربکات، بەڵام نه کریشنا لەترسی هاواری نازیتا دەوێرێت گاز بگرێتو نه نازیتا لەترسی مناڵەکانی دەوێرێت بەهاوارێك گڕکانی ئۆرگازمێکی پەنگخواردو بەرەڵا بکات.

من له ئاپارتمانه خنجیلانەکەمدا سەرقاڵی گوێگرتنم لەهەواڵەکان، شتێك بیرم دەخاتەوه که دیسان برسیمه...بەبێ جوڵه ژمارەیەك رۆدەکەمه هەناوی مۆبایلەکەمەوه.

ژنێك كە دەنگی لەدەنگی ئەو ژنەی نێو رادیۆكەی كریشنا ناسكترە، بەئینگلیزییەكی هیندی ئاواز دەڵێت، چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم جەناب؟ ناوی سێ جۆر خواردنی بەلەزەتی هیندی پێدەڵێمو ئەویش دەڵێت، قوربان تەنها پانزە پاوەند دەكاتو نیو كاژێری دیكە دەگاتە خزمەتت. تەلەفۆنەكە دادەخەمو تۆنی دەنگە ناسكەكەی ئەو ژنە هیندیەو دەنگدانەوەی 'تەنها پانزە پاوەندە'كەی لەگوێمدا دەزرنگێتەوە...پیمخۆشە بزانم پانزە پاوەند داهاتی چەند رۆژی كریشناو كوڕەكەیەتی...بیر لەوە دەكەمەوە زەنگ بۆ ئەو ژنە هیندیە لێبدەمەوەو لێی بپرسم پانزە پاوەند چەند روپێی هیندی دەكات...بەڵام لەوانەیە تەلەفۆنەكە بدات بەڕووما...لەوانەیەوا هەست بكات من گاڵتە بەهیندیی بوونی دەكەم...دوور نییە چونكە ئەم رۆژانە رەگەزپەرستەكان هەموو رێگەكان تاقی دەكەنەوە بۆ سوكایەتی كردن بەبێگانەكان...لەوانەشە هەر نەزانێت...لەوانەیە چەندین ساڵ بێت هیندستانی بەجێهێشتبێت...كێ ناڵێ یەكێك نیە لەو هیندیە لوتبەرزانەی نكوڵی لەبنەڕەتی خۆیان دەكەنو خۆیان بەئینگلیز دەزانن..ئەگەرچی ئینگلیزەكان وا نایانبینن...تەنانەت ئەگەر بچنە قوونی سەگەكانیشیانەوە بەئینگلیزیان نازانن. كریشنا رۆژی سی روپێی داهاتە..لەسەر ئەنتەرنێت حیسابی دەكەم (تەنها پانزە پاوەند)ەكەی من بەژەمێك دامچۆڕاند دەكاتە چوارسەدوپەنجا روپیێ...داهاتی كاری پانزە رۆژی رەبەقی كریشناو كوڕە لەڕو لاوازەكەی.

هەواڵەكان باسی دوا هەوڵی سەرۆك وەزیران دەكەن بۆ نەهێشتنی هەژاریو بەرقەراركردنی یەكسانیی گەردونیی...سەرۆك وەزیران بۆ رۆژنامەنووسەكان دەدوێت..ئەو رۆژنامەنووسانەی (نیچە)ی فەیلەسوف پێیان دەڵێت هەمیشە نەخۆشنو زەرداوی رشانەوەكانیان ناودەنێن رۆژنامە...بۆ تاوێك خەیاڵم دەگەڕێتەوە لای كریشناو نازیتا كە بێنقە لەپشتخانی كۆلیتەكەیاندا یەكدی دەتلێننەوە...پاشان دەگەڕێمەوە بۆ لای سەرۆك وەزیران...بەدەم قاقاوە لەوەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسێكدا دەڵێت بێگومان هەژاری لەئەفریكا بنبڕدەكەین...نیگام لەسەر بۆینباخە پەمەییەكەی دەچەقێتو هاواری نازیتا سەرنجم دەباتەوە بۆ هیند...لاملی نازیتا بەقەپاڵێكی كریشنا رووشاوە...بە پێكەنینو مەكرەوە نازیتا چەپۆكێك دەگەیەنێتە كریشناو بەچرپەیەكی ورووژێنەر شتێكی پێدەڵێت كە من تێیناگەم...مەزەندە دەكەموتبێتی چ ئاژەڵێكی ئاڵۆشاویت پیاوەكە!

کریشنا

لەژێر رەهێڵەی هاوینەبارانی هیندستاندا کریشنا بێهودە هەوڵدەدات گەنمەشامیەکانی لەتەڕبوون پەنابدات...عەرەبانەکەی دەباتە بن دار گوێزێکی هیندی...وەلێ ئەو گەڵا دەرزیلەییانە پەنای عەرەبانە سەرئاوەڵاکەی کریشنایان پێنادرێت...کوڕە رەشتاڵەکەی کریشنا شەقەی دانی دێتو خۆی بەیاریکردن لەگەڵ سەگێکی بەرەڵادا خەریك کردوە کە لەو سەرشەقامانە بوونەتە دۆست...سەگەکە باران لەخۆی دەتەکەێنێتو ملی بۆ لای دۆستەکەی بڵند دەکاتەوە...پێدەچێت چاوەڕوانی خۆتەکاندن لەویش بکات. کوڕەکەی کریشنا ماڵئاوایی لەدۆستەکەی دەکاتو بەرەو ماڵەوە پێش باوکی دەکەوێت. نازیتا بەتەنەکە ئەو دڵۆپە بارانانە کۆدەکاتەوە کە لەبنمیچی کوختەکەیانەوە دەڕژێنە نێو ژووری دانیشتنەکەیان..کە هاوکات ژووری دانیشتن، چێشتخانەو ژووری خەوی منداڵەکانە. کریشنا سەرقاڵیی مناڵەکان بەگەنمەشامییە تەڕەکەوە دەقۆزێتەوەو لەپشتەوەڕا هەردوو دەستی لەکەمەری رووتی ژنەکەی گیر دەکات...نازیتا خوتولکەی دێتیو هێمن بۆوروژانی پیاوەکەی دەتریقێتەوە کە لەسەر سمتی هەستی پێدەکات.

من هەفتەیەکە ئەو کچەی کەنگێ مەیلی هەبوو دەبێتە میوانم، میوانمە. من هاوکات بەلیبیدۆی نەپساوەی کریشناو بەبەختەوەریە رەشەکەی سەرسامو شەرمەزار دەبم، بگرە ئیرەیی دەبەم، سەرسام چونکە ئەو وزەی ژیاندۆستییە پێدەچیت ناکۆتابێت لەجەستەی کریشنادا...شەرمەزار چونکەوێڕای ئەوەی من لەکریشنا لاوترم، کەچی بەچارەکێکی ئەو لیبیدۆم کارانیە...ئیرەیی ئەوە خۆتان دەزانن بۆ. میوانەکەم ناوی 'یارزۆ'یە خەڵکی پۆلۆنیایە...دەزانم ئێستا خەیاڵتان بۆ لای پۆڵەنیەکانیوڵاتی خۆمان دەچێت...خوا هەڵناگرێت ئەم زۆر لەوان قەشەنگترە..بەڵام ئەمیشوەك ئەوان بێئامانە، جێگەی متمانە نییە..لە خۆڕا دیاری نامێنێتو پاش سێ مانگ یان زیاتر بەجانتایەکەوە لەبەر دەرکەی ماڵەکەمداوەك کوارگ هەڵدەتۆقێت. بەڵێ یارزۆ بەکارم دەهێنێت بۆ ئەوەی لەسەفەرە کورتەکانیدا بنمیچێك هەبێت لەبارانی ئەم دورگەیە پەنای بدات...لەوەبەدەر منو یارزۆ جارناجارێك بەیەکەوە دەخەوین...بەڵام نە من وەك کریشنا لاملی بەگاز مۆر دادەگەڕێنمو نە ئەویشوەك نازیتا بەهاوارێك ئاوەدانی دەخاتە ئەم باڵەخانە بێدەنگو نسرمەی من تێیدا نیشتەجێم. پێدەچیت ئەوە من بم ناکارا، بێباکو خاڵی لەژیان، ئاخر یارزۆ

بەچەندین شێواز بێهودە هەوڵی وروژاندنم دەدات...بەڵام من وەك كریشنام پێناكرێت و ئەویش ئەو راستییە باش دەزانێت. هەندێك جار یارزۆ پێمدەڵێت، سەرقاڵی تۆ بەسیاسەتەوە ریگرە لەوەی ژیانێكی بەچێژ بژیت، سیاسەتی حیز لێناگەڕێت سەیری شانۆگەرییەك بكەیت، تام لەفیلمێكی رۆمانسی ببینیت، پێمدەڵێت من بم لەجیاتی تۆ گوو دەكەمە فنجانی قاوەی هەموو سەركردەكانەوەو پشت لەسیاسەت دەكەم و روودەكەمە چێژو خۆشنوودی. دەشێت یارزۆ راست بێت، ئاخر هیچ سەركردەیەكی سەر ئەم گۆی زەوییە شایانی ئەوەنییە بیریلێبكەینەوە.

بەڵام لەوانەشە هەڵە بێت. چونكە ئەمن رۆژانێك لەكریشنا ئالۆشاویتر بووم. ئەو رۆژانەی دەچووم بۆ گوند، بۆ هەرەوەزی دایكم، لەگەڵ كچە لادێیەكاندا هەموو جۆرە شەڕێكمان دەكرد: شەڕەئاو، شەڕەقۆخ، شەڕەسێلك، شەڕەبەرد، شەڕەماچ. ئەوان ئەگەرچی بەمنیان دەگوت شلكەشاری...وەك ئەو كوڕە ئاماژەیان بۆ دەكردم، كە لەقووڕی دێراوە تووتندا كەوشەكەی لێبەجێ دەمێنێت، بەڵام لێدەگەڕان مەمكیان هەڵبگلۆفم، من ئەوكاتە نەمدەزانی ئەو وشەیە مانای چیە، یەكێك لەو كچانە، كە خەریك بوو بۆی ببمە كوڕی لادێ، پێیگوتم كە: ئێوە لەشار پێی دەڵێن گووشین.

بەڵام ئێستا من مەمكی یارزۆ هەڵناگلۆفم، ئەگەر بەڕێكەوت بیگووشم، وەك ئەوەوایە كە دەسكی دەرگا بگووشم بەئومێدی كردنەوەی، یان خودی ژیانم لەم دوورگە نسرمە بگووشم بەهیوای وشككردنەوەی.

كریشنا

كریشناو كوڕەكەی لەسەمای كەمەندكێشی مارێك بۆ شومشاڵی خاوەنەكەی دەڕوانن..كریشنا شتێك بەكوڕەكەی دەڵێت ئەو خەندەی لێوانی كە سەمای مارەكە لەوێی داناوە دەبێتە قاقایەكی مناڵانەو باوەش بەلاقی كریشنادا دەكات كە بێئامان درێژە. لەگەڵ بێدەنگبوونی شمشاڵەكەدا مارەكەوەك ئەوەی وەختی پشووی هاتبێت سەر دەنێتە سەر ئەو گیا نیمچەوشكەی لەناو گۆزەكەیدا دانراوە..كریشناو كوڕەكەشی بەرەو عەرەبانەكەیان دەكشێن وەك ئەوەی پشووە كورتە باڵكێشەكەیان بەكۆتا هاتبێت.

كریشناو ژنە رازاوەكەیی و مناڵەكانی لەگەڵ خەڵكی ناوچەكەدا بەرەو لوتكەیەك مل دەنێن..لوتكەیەك كە من ناوەكەی نازانم..بەڵام لەچاوی كریشناوە جیهانی لارەملی ژێر

دەسەڵاتی ئەو لوتکەیە دەبینم. لەو بەرزاییانەی هیمالایاوە زەمین نمایشی جەستەیەکی کۆیلەو دەستەوەستان دەکات. ئەوانەی لەچیاو بەرزاییەکان دەژین، عەشقێکی پتەوترو دۆستایەتییەکی بەتینتریان لەگەڵ خاکدا هەیە...دەشێت ئەمە زادەی ئەو راستییە بێت، کە ئەوان لەو بڵندایییەوە ئازارەکانی ئێمە، لەخۆمان، باشتر دەبینن. دەشێت دەرکەوتنی من لەشاخو بڵندایی، بەجێهێشتنی دێراوە توونتو دێراوە تەماتە، کە لەهەندێکیاندا، چڵە رێحانەیەکی لارەمل دەبێتە باشترین دیاریی، کشان بەرەو ئەو شوێنەی پێی دەڵێن شارستانییەت، هۆکاری پووکانەوەی ئارەزوو بێت، هۆی تێکەڵبوونی گووشینی مەمکو گووشینی دەسکی دەرگا بێت.

کریشنا، لەبڵندترین لووتکەی هیمالایاوە، بەدزی چاوی چاودێری هاوڕێکانییەوە، بەدەستی چەپ سمتی راستی نازیتا دەگووشیتو لێوی بەرەو لای گوێچکەی لار دەکاتەوەو شتێکی کەمێك درێژی بەگوێدا دەچرپێنێت. مەزەندە دەکەم گوتبێتی: دونیا لەم بڵندایییەوە لەمەمکی راستی تۆ دەچێت.

٢٠٠٥/١٢/١٣

ئۆکسفۆرد–ئینگلتەرا

**پییەسی شانۆیی**

# فریشتەکانی دۆزەخ

نووسینی: تەحسین فائق

بەئیلهام وەرگرتن لەقەسیدەیەکی خاتوو هەلالە عوسمان

فۆرمی رووکاری پێشەوەی شانۆ.. بەشێوەی.. فرێم.. دیدا.. لەنێو هەر فرێمێك كە جوولەئامێزە بۆ فرێمێکی تر.. فەیدێك هەیە:

ئەو فرێمە جوولەئامێزانەی.. كە دەردەكەون لەپانتاییەکی رەشدان تەنیا رەنگە فسفۆڕییە بریسکەییەکان.. کە (مفردە)کانی پێکهێناوە لەنێو ئەم پانتاییە رەشەدا دەردەکەوێ.. وێڕای ئەکتەرەکان.

## فرێمی یەکەم

ناشیرینترین و ناحەزترین سیما دەردەکەوێت.. لەفرێمەکەدا، سیمایەکە لەشێوەی خەنجەرێکی گەورەدا ڤیگۆری پیاوێکی سمێڵ ئەستوور.. دەنوێنێت.. سیمای لەگەڵ دیالۆژەکاند بەچەپ و راستدا خوار دەبێتەوە. دەنگێکی زۆر جارسکەری هەیە.. دووکچ باوەشێنی دەکەن.

ڤیگۆرە ناحەزەکە

موریدە باوەڕمەندەکان.. عەقڵەکان لەبیرکردنەوە بوەستێنن.. بەر لەکارەسات بگرن. ئەوانەی مەترسی پەلاماردانییان لێدەکرێت دەستیان ببڕن. سیمام ئەو سیمایە دەبێت و ناچارییان کەن کە رازی بن.

چەپ و راسیتی ڤیگۆرە ناشیرینەکە.. دووکچی فریشە ئاسان هەریەکەیان باڵێکی هەیەو باوەشێنی ڤیگۆر دەکەن.. هێدی هێدی فرێمەکە فەید دەبێت.

## فرێمی دووەم

دەنگە دەنگ و هاوار هاواری خەڵکییە.. دەنگی کچ و تەورو شمشێر

دەنگ -١-

هەر شتێك دەستی بۆ ببەی لەم وڵاتە قەدەغەیە

**فرێمی سێیەم**

دوو کـچە فریـشتەئاساکە هـەر یەکـەیان بـەتاك باڵێـك سـەما دەکـەن ڤیگـۆرە ناشیرینەکە لەقووڵایی سەرەوەدا سەیردەکات، لـەناکاو کـچێکی باڵابـەڕو وەکـو پـەیکـەری سەربەستی دێتە پانتایی دوو سەماکەر دەوەستن و سەیری دەکەن بەسەرسوڕمان. دواتـر لێی نزیك دەبنەوە دەست لەقۆڵەکانی دەدەن.

(دیدەم) کچی -١-

لەوە ناچێت تۆ کچی وڵاتی من بیت..!!

کچی -٢- لەچوار دەوری دەسووڕێ و قاقای هیستیری لێدەدات

کچی -٢- پاکیزە

کچێکی سەیرە.. دوو باڵی هەیە.. لەوانەیە خەتەنەش نـەکرابێ! کـێ دەڵـێ سـێ مەمك و دوو..

دیدەم

زۆر لێی نزیك مەبەرەوە لەوانەیە ئەهریمەن بێ یاخود یاخی.

کچی -٣- ژیان

نەئەهریمەنم- نەیاخی.. من کچێکم وەکو ئێوە

مەترسن، وەرنە پێشەوە.

فریشتەو پاکیزە بەترسەوە لێی نزیك دەبنەوەو دەمی (ژیان) دەگرن

هەردووکیان

وسبەوس.. دەنگ هەڵمەبڕە..ش ش

پارسای مەزن گوێی لەتۆ بێت، پەڕوباڵت دەردەهێنێت و قۆڵەکانت دەقرتێنێت.

پارسای مەزن بەگەورەیی خۆتی ببەخشە نەیزانی ببەخشەو نـەیزانی.. ببەخـشە نەیزانی

ژیان: پارسای کێیە تابمبەخشێت. چ گوناهێکم کردووە.. تا قۆڵەکانم بقرتێنێت.

باڵی فرمێسك دەگرێت و بەدوای خۆیدا رایدەکێشێت.. پاکیزەش لەدوای ژیان

کەواتا تۆ تاوانت کردووە بۆیە باڵێکی قرتاندوی..!

دیدەم

نابەجوانی و پاکی پارسای.. بەڵام پارسای دەفەرموێت.. ئەگەر کچان دوو باڵیات هەبێ، دەفڕن و یاخی دەبن لەفرمانی پیاوەکان.. بۆیە باوکان خۆیان باڵی کچەکانیان لەمناڵییەوە دەقرتێنن.. تۆزێکیش سەری زمانمان، تا زمان درێژی نەکەین.

## فرێمی چوارەم

فەیدە.. تەنیا دەنگی.. ژیان.. و فرمێسك و پاکزە دێت ژیان

پاکیزە.. تۆ هیچ کاتێك جەستەی خۆت دیوە..؟ ئەی تۆ فریشتە.. سیحری جەستەی خۆتان زانیوە..؟

دیدەم

تەنیا پاسارو موریدانی بۆیان هەیە. بەجەستەی ئێمە ئاشنابن.

پاکیزە

ئابڕو چوونە ئەو قسانەی کە تۆ دەیکەی..!

## فرێمی پێنجەم

سیمای ناحەز لەسەر سەری دوو جەلاد هەڵواسراوە بەتەکنیکی جاری پێشوو قسە دەکات.. لەناوەڕاست کارەکتەری نووسەر بەستراوەتەوە.. هەر (١٠) پەنجەی دەستەکانی روون دیارە.

ڤیگورە ناحەزەکە

بەهۆی سوکایەتی کردنی ئەم پاوە بەسەروەری پاریای زیندوو، کە کلارکە.. بڕیاردرا پەنجەکانی بقرتێنن.

دوو جەلاد لەچەپ و ڕاستدا.. بەخەنجەری ئامادەوە لێی نزیك دەبنەوە

جەلاد -١-

بەکامە دەستیان دەنووسی..؟

نووسەر.. قوربانی..

بەهەردوو دەست. .ڕاست ببڕن

بەچەپ دەنووسم.. چەپ ببڕن بە..

راست ئەنووسم.

جەلاد -٢-

هەردوو دەستت دەقرتێنن تاکو نەتوانی بنووسی.

جەلادەکان.. هەردوو دەستی لەمەچەکەوە دەبڕنەوە.. نووسەر سەیری دەستە بڕاوەکانی خۆی دەکات.. پارسای مەزن لەبەرزایی پێدەکەنێت

نووسەر

گریمان دەستیشم نەبوو. ئەی زمانم..!

دەنگم دەنگم..؟

مورید باوەڕمەندەکان.. زمانیشی بۆ ببڕن

دەنگی کپ کەن.. ڕەنگیشمان لێڵ.

جەلادەکان لەنووسەر دەچنە پێشەوە زمانی ببڕن.. بەئاماژە مۆڵەتیان لێ دەخوازێ فرێمەکە فەید دەبێت.

(فەید)

## فرێمی شەشەم

ژیان بەتەنها لەفرێمەکەدا دەردەکەوێ.. بێزاران گوڵباران دەکات بەدەم سەمای ژیانەوە. .پارسای لەسەرەوە.. سیمای پڕ لەناڕەزاییە.. لەناکاو لەچەپ و ڕاست.. فرمێسك و پاکیزە.. پەری ئاسا دێنە نێو پانتایی بەبەرگێکی سەمائامێز.. کەژیان دەبینن بەسەر سوڕمانەوە لەیەکتر دەڕوانن. ئەتمۆسفێر لەکۆشك دەچێت.

ژیان

کچینە چۆنە بەم نیوە شەوە هاتوون بۆئێرە..؟ دەخوازن جوانی و سەلاری خۆتا ببەخشنە دێوەزمەکانی شەو.. ترس و دڵەڕاوکێ بخەنە دڵ پاکەکانتانەوە.

دیدەم

فەرمانی پارسایە. ئەمشەو خۆمانی پێدەبەخشین. تابتوانین ئاسوودە تری بکەین

ژیان

چۆن.. چۆنی لەخزمەتیدان..!؟

پاکیزە

چەشنی حۆرییەکانی بەهەشت جەستەکانمان پیرۆز دەکات. دواتر خێرو خۆشی ژیان بەسەرماندا دادەبارێ. ئای کە بەختەوەرم ئەمشەو وەك

دایکێکی مەزن پارسای لەئامێزمدا دەلاوێنمەوە

هەردووکیان

بەختەوەرین. جەستەکانمان پیرۆز دەکات

بەدەم سەماوە.. پارچە.. پاچە.. جلەکانیان فڕێدەدەن و بەردەوامن. لەسەرەوە پارسای خۆشبەختی دەنوێنێت.. ژیان ڕێگری لەڕووتبوونەوەیان دەکات

(فەید)

## فرێمی حەوتەم

چەند دەستێك. لەچەپ و ڕاست. سەروو خواروو، وەکو باڵندە دادەڕێژنە پانتایی و دروشمی ناڕەزایی دژی پارساو موریدانی دەسنوورن. دوای تەواو بوونی دروشمەکان. دەستەکان لەیەکتر نزیك دەبنەوەو ڕەزمی مارشێکی شۆڕشئامێز دەژەنن. لەنێو ئەم ڕەزمەدا. ژیان کە لەشێوەی پەیکەری سەربەستییە، لەنێو پانتاییەکەدا بەرەو بەرزایی دەفڕێت.. فرمێسك و پاکیزە.. یەکێك لەچەپ و یەکێك لەڕاست دەگەنە ناوەڕاستی جوگرافیا.. هەموو دەستەکان گەمارۆی فرمێسك و پاکیزە دەدەن... ئەوانیش بەجۆرە ترسێك هەوڵی دوورکەوتنەوە دەدەن بێهودەیە. ژیان لەبەرزاییەوە باڵەکانی بەخاوی لەیەکتر دەدات و تۆزێ دادەبەزێ.

ژیان

کچینە. بۆ دەترسن.. بۆ حەزناکەن بەباڵەکانی خۆتانەوە بفڕن..؟ بۆ مەحروم کراون لەفڕین..!؟

دەستەکان لێیان دووردەکەونەوە.. وەك پۆلە باڵدارێك بەرەو چەپ هەڵدەفڕن و جەستەی کچێکی ببێدەست و قاچ.. کەبەسەر دەستەکانەوەیە دەهێنینە نێو پانتایی و لەناوەڕاست دایدەنێن. فرمێسك و پاکیزە زیاتر دەتۆقێن.

دیدەم

نەخێر.. نامانەوێ بفڕین. بەس نییە ئێمە قاچمان هەیەو دەتوانین سەما بکەین.

پاكیزه

سەیركە. لەئێمە جوانترەو ناتوانی تەنیا هەنگاوێكیش بنێی. تۆ ئەهریمەنیت و دەتەوێ غەزەبی پارسامان بەسەراببارێنی... بڕۆ لێرە

روو بۆ ژیان بەرز دەكاتەوە.. دیالۆژەكەی ئاراستە دەكات دەستەكان بەناڕەزایی توونـدەوە. گـەمارۆی. فرمێسك و پاكیزە دەدەن و چەپڵە بۆ ژیان لێدەدەن. ژیان بەباڵەفڕێ لەكچە بێدەست و قاچەكە نزیك دەبێتەوە.

ژیان

رەنگە.. تۆ زیاتر لەمن بگەی. ژیانێك كە دەستی تیانەبێ بۆ بەرگری قاچیش نەبێ بۆ هەنگاونان چ چێژێكت پێدەبەخشێ.؟!

دیدەم فرمێسك و پاكیزە

خۆشترین چێژ لەوەدایە باوەشی پڕ سۆزی پارسای بۆ خۆت مسۆگەر بكەیت و لێت رازی بێت

یاخی بوون لەفەرمانەكانی. برسێتییە. مەینەتییە.. پشت شیشی زیندانەكانە. چی لەجوانی جەستەم بكەم لەنێو زیندان. چی لەدەست و قاچم بكەم كە برسی بووم

دەستەكان.. كچە بێدەست و قاچەكە. هەڵدەگرن و لەبەرزایی لەسەر سەری فریشتەو پاكیزە رایدەگرن

كچە بێدەست و قاچەكە

سالآنێكە باوەشی پارسای بێشكەو هێلانەی منە مەحاڵی لەلانەهێشتووم. بەچی دەچێ دەستم نەبێ بۆ سەر خوران. قاچم نەبێ بۆ هەنگاونان.. زمانم نەبێ بۆ نەخێر (فەید)

**فرێمی هەشتەم**

لەسەرەوەی پانتایی. ڤیگۆری ناحەزو ناشیرینی پارسای. جارسی پێوە دیارە. وەك ئەوەی لەدۆخی توانەوە بێ وایە. بەتایبەت لەگەڵ ئەو هەموو دەنگی (نەخێر)ەی بەبەرزی دەبیسترێ.. و .. ئەو.. دەستانەی. لەقووڵایی پانتاییدا داوای جەستەی خۆیان دەكەن.. ئەو قەڵەمە پڕ بڕشتانەی داوای نووسەرانیان دەكەن. ڤیگۆری پارسای نیوەی دەتوێتەوە نیوەكەی تری بەكاڵی لەبەرزاییدایە.

(فەید)

**فرێمی نۆیەم**

ژیـان لەسـروتی باڵـەفڕێی خۆیدایـە. کـچان.. کـوڕان.. بـەدوای دەسـتەکانیانەوە فرمێسك دیدەم

سەری زمانم دۆزییەوە. دەبێ باڵیش بدۆزمەوە..

پاکیزە

کچینە سەری زمانم بدۆزنەوە. من دەستی خۆم دۆزییەوە.

ئەو ٢١١ ڤیگۆرە کاڵەی لەبەرزاییدا بوونی هەبوو. هێدی هێدی دەسڕییەوە قەڵـەم نووسـەر دەدۆزێتـەوە. دەسـت خـاوەنی.. دواجـار دوو قـاچ دێتـە لای کـچە بێدەسـت و قاچەکە.. ئینجا هەڵدەسێ دەستەکانیش دەدۆزێتەوە.

(فەید)



# خوێندنەوە



# بریندارکردنی شانازییە ناسیونالییەکان

## خوێندنەوەیەک بۆ نۆڤێلای -پاشەکشی- ی گونتەرگراس

نوسینی: ئیسماعیل حەمەئەمین



### ئازاردانی یادەورەی نەتەوە

دیسانەوە گونتەر گراس پەنجەکانی دەخانە نێو ئەو برینانەی لەکۆنەستی نەتەوەدا قەتماغەیان بەستووە و دەیانەوێت لەنێو فەرامۆشیدا خۆیان نەڤی بکەن، ئەو برینانە ساڕێژ نەبوون، بەڵام بەدووی چابوونەوەشدا ناگەڕێن، دەیانەوێت وەك خۆیان لەقوڵایی بیرچوونەوەدا ببمێننەوە، لەکونجێکی تاریکی کۆنەستی نەتەوەدا خۆیان گرمۆڵە بکەن.

وەك هەموو نەتەوەیەك لەسەر ئەم زەوییە پڕ پارادۆكسە، هێزی راكێشان بۆ لەبیركردن بەهێزترو توندوتیژترە لەهێزی ئاشكراكردن، ئەو ئاشكرابوونانەش كۆمەڵێك ئازاری دیكە، كۆمەڵێك گرێبەندی دیكە، كۆمەڵێك حەیاچوونی دیكە بەدووی خۆیدا دێنێت، باشتروایە هەمووشتێك لەبیربكرێت. هەموو چیرۆكەناخۆشەكان وەك یادەوەرییەكی دوورو تۆزلێنیشتوو بەنیمچە حەقیقەت بمێنێتەوە كەشێوازی فیگوركێش نەكرێت. ئەم ساتە مێژووییانە ساتی بەریەككەوتنی كۆنەستە لەگەڵ ئەو رووداوە مێژووییانەی حەیاچوون و ئازار بەدووی خۆیدا دێنێت، ئەوساتی شۆكە هەمان ساتی فەرامۆشی ولەبیركردنیشە.

گونتەر گراس ئەو رۆمانووسە پشوودرێژەیە هیلاك نابێت لەهەڵدانەوەی قەتماغەی ئەو برینە لەبیركراوانەی نەتەوە، قەتماغەیەك، سپی، تەنك، بەئازار، ترسناك، كەزۆر جار كۆهۆشمەندی نەتەوە بەڕابوردوویكردن، بەكردنی بەڕابوردوویەكی تۆزلێنیشتوو، بێبایەخ، نەتەوە لەو تەماشاكردنە بەئازارە دەپارێزێت. بەڵام گراس بەپێچەوانەی هۆشمەندیی باوی كەلتووری سیاسی و كۆمەڵایەتی نەتەوە، بەقوڵییەوە لەو برینە رادەمێنێت، هەر ئەوەندەش نا بەڵكو وەك رۆمانووسێك بەدووی پارچەكانی خۆیدا بگەڕێ كەلەجەنگدا ونیكردووە، وەك هیلاكێكی جەنگ ئاشكرایاندەكات، ئەوەندەش بۆ ئەو بەس نییە، نەخێر، بەڵكو رۆمان و نۆڤێلەیان لەسەر دەنووسێت. ئەم پیاوە هیلاكە بێزارە واز لەنەتەوە ناهێنێت ئاهەنگی شكۆمەندی نەتەوەیی سازبكەن، ئەو ئاوێنەیەكی بێحورمەتی رابووردوویەكی بەدەستەوەیە چەند عەیامێكە نەتەوە خۆ دەدزێتەوە لەتەماشاكردنی، كەچی ئەو لەبەرزترین ودیارترین شوێنی نەتەوەدا ئەو ئاوێنەیە دادەنێت، ئەو شوێنە كەلتووری نووسینە بەهەموو تخوبە ترسناكەكانییەوە.

گراس واز لەو گرێبەندانە ناهێنێت قەتماغە ببەستن، خۆیان لەبیركەن، ئەو دەزانێت چەندە ترسناكە فەرامۆشی و لەبیركردنی راستییە بەئازارەكان، ئەو هەرگیز نەتەوەی بیرناچێتەوە لەساتێكی فەرامۆشیدا، ئادۆلف هیتلەریان بەسەرۆك وەزیران هەڵبژارد، ئەو هەرگیز نایەوێت ئەوە لەبیربكات لەئەنجامی فەرامۆشی ئەنقەستی كاراكتەری هیتلەر وناسیونال سۆسیالزمەوە چ كارەساتێك بەسەر ئەڵمانیادا هات. ئەو دەیەوێت هەموو وەرقەكان لەسەر مێزی نووسین ئاشكرا بكات.

هەر بەو هەستە قوڵە ڕۆمانوسییە توندوتیژە رەخنەگرەیەوە هەموو گرێبەندییەکانی کۆنەستی ئەڵمانیا ئاشکرا دەکات. ئاشکرا کردنێك دوور لەهەموو شانازییەکی ناسیونالی، ئاشکراکردنی نوسەرێك بێشەرمانە هەموو گرێبەندەکانی واقع دەکات بەحەیاچوونێك و بێپەردەش بۆ هەموو کەسێکی دەگێڕێتەوە..

دیسانەوە گونتەر گراس دەنووسێت، بەناچاری لوتی دەژەنێتە مەسەلەکانەوە، چارنییە جگە لەلوت ژەنین نەبێت خۆیوتەنی (ساتێکە و دەبێت خۆمانی تێهەڵقورتێنین..).

نۆڤێلەی (پاشەکشێ) خۆتێهەڵقورتاندنێکی دیکەی گراسە لەمێژوویەکی بەئەنقەست لەبیرکراو.




ئەم نۆڤێلەیە گەشتێکی ڕۆماننوسانەیە بەنێو یادەوەری مێژوویدا، گەشتێکە بەنێو پرسیارەکانی راسیستی وپاشماوە سەختەکانی ناسیونال سۆسیالزم لەنەستی کۆی ئەڵەمانیدا. لەهەمانکاتیشدا پرسیاری جێماوە دەروونی و کۆمەلآیەتییەکانی دابەشبوونی ئەوسای ئەڵمانیایە بەدووبەشی خۆرهەلآت و خۆرئاوا، پرسیاری ئەو عوسابەیە بەردەوام وەك نەخۆشییەکی کرۆنیکی لەگەڵ رۆژانە ژیان و لەقەیرانەکاندا سەرهەڵدەداتەوە، هەر وەك ئەوەی ئەڵمان مەحکوم بن بەنازییەت و نەخۆشی راسیسزم.

ونبوون لەنێو باوکێتیدا

فیگوری سەرەکی ئەم نۆڤێلایە لەبێباوکی خۆیەوە دەستپێدەکات و بەدرێژایی ژیانی هەوڵدەدات ببێت بەباوك، بەڵام ئەو لەوە بێهزترە ببێت بەباوك لەگەڵ ئەوەی لەژنی پێشووی کوڕێکی هەیە ناوی کۆنرادە !.

پاول پۆکریفکە ئەو باوکە ناباوکەیە، پیشەی ڕۆژنامەنووسە و بەڕێکەوت لەئینتەرنێتدا ناونیشانی ماڵپەڕێکی سەرنجڕاکێشی بەنێوی (شەهیدان) بەرچاو دەکەوێت، لەم ماڵپەڕەدا باس لەنقوومکردنی پاپۆڕێکی گەورە دەکرێت کەناوی (گوستۆلف Gustloff)ە لەدەریای ئەڵمانیادا، کە بەدەریای خۆرهەلات ناسراوە، لەشەوی ٣٠ یانواری ١٩٤٥دا بەچەندەها هەزار بریندارو هەڵاتووی ژن وپیرو منداڵ لەناوەڕاستی دەریادا بەتۆربیدی ژێرەبەلەمێکی رووسیی سوپای سور نقومدەکرێت. کارەساتەکە تاوەکو ئێستا ئەوەندە باسنەکراوەو ئەوساش چ ئەڵمانیا و چ روسیاش پەردەیەکی رەشیان دابەسەر ئەو رووداوەو لەلەبیرچوونەوەدا نقووم بوو، تاوەکو ئەوساتەی لەسەر لاپەڕەی شەهیدان مەسەلەی نقوومکردنی ئەم پاپۆڕە دەخرێتەوە بەرباس و ژوورەکانی چاتی تایبەت بەم ماڵپەڕە، شەڕێکی بەردەوام و گفتوگۆیەکی بێکۆتایی بەخۆیەوە دەبینێت، کەس لەم گفتوگۆیە بێزار نابێت.

چیرۆکی نقوومبوونی گوستۆلف، چیرۆکی لەدایکبوونی فیگوری سەرەکیی نۆڤێلەکەیە، لەهەمانکاتیشدا چیرۆکی لەدایکبوونێکە بەبێ بوونی باوك، ئەو شەوەی کەپاپۆڕەکە نقومدەبێت، کچە عازەبێکی حەڤدەسالانی سکپڕ لەسەر پاپۆڕەکە رزگاردەکرێت و هەر ئەو شەوەش لەسەر پاپۆڕێکی فریاکەوتن منداڵەکەی لەدایکدەبێت، منداڵێك کەدایکیشی نازانێت لەکێ سکی پڕبووە ( نەخێر.. من باوکێکی راستەقینەم نەبووە، ئەوەی کەهەبووە چەند شێوەیەکی نادیار و ڤانتۆمی جێگۆڕن، ئەوانە سێ پاڵەوانن کەدەبێت بەگرنگی پێدانەوە وەك باوك قبوڵیان بکەم، بەهەرحاڵ دایکیشم نازانێ کێ وەختی خۆی سکی پڕکردووە..)[1] ، هەرلەشەوی نقومبوونی پاپۆڕەکە باپیرە و نەنکی دەخنکێن و دایکیشی بەمنداڵێکی بێباوکەوە ژیانی خۆی دەستپێدەکات، زەمەنی لەدایکبوونی پاول زەمەنی مردنی باپیرە و نەنکێتی، کەلەگەڵ دایکی سواری پاپۆڕەکەبوون. ئەوان لەقاتی خوارەوەی پاپۆڕەکە وەك هەڵاتوو لەهێرشی رووسەکان

جێگەی خۆیان کردەوەو کچەسکپڕە عازەبەکەشیان لەقاوشی نەخۆش وسکپڕان لەقاتی سەرەوە بەجێهێشت. ئەمە ساتەکانی لەدایکبوونی پاولە، لەگەڵ مردنی باپیرە ونەنکی ئەو لەدایکدەبێت، لەدایکبوونیەتی لەشەوێکدا کەهەزارەها خەڵك لەنێو ئاوی ساردی دەریادا دەخنکێن و رەقدەبنەوە، لەکاتێکدا هەزارەها خەڵك دەمرن ئەم بەبێباوکی لەدایك دەبێت و تاکۆتایی نۆڤێلاکە وەك گرێبەندییەك هەولدەدات ببێت بەباوکێك بەمانای باوك، بەڵام لەوەشدا تووشی نشوستی دەبێت، چونکە کوڕەکەی ناتوانێت وەك باوکێك قبوڵی بکات. ئیدی گرێی باوکایەتی تۆڕێکی سامناکی ئەم نۆڤێلەیە پێکدێنێت و لەهەمانکاتیشدا لەو دیوو رووداوە مێژوییەکەی پاپۆڕی گوستۆلفەوە، باوکێك هەیە نادیار، ئیفلیج، ترسنۆك، بێتوانا، بەباوکێك مێژووگەرایی / نامێژوویی خۆی شێوەباز دەکات.

دیارە دەبێت ئاوڕێك لەگوستۆلف بدەینەوە کەناوی پاپۆڕەکەیەو لەلایەن ئادۆلف هیتلەرەوە بەنێوی (ڤلێلم گوستۆلف) ناوزەدکراوە، ناوبراو یەکێکە بووە لەو کەسە ئەکتیڤانەی پێش هەڵایساندنی جەنگی دووەمی جیهانیی بۆ ناسیونال سۆسیالزم کاریکردووەو لەسویسرا کاری سیاسیی خۆی درێژە پێداوە، لەچواری فێبراوری ١٩٣٦ لەلایەن خوێندکارێکی زانکۆی زانستە پزیشکییەکان کەبەڕەچەڵەك جوو بووە، لەماڵی خۆیدا تیرۆر دەکرێت، چوار فیشەکی پێوە دەنرێت. دوای ئەم کارە خوێندکارەکە خۆی تەسلیمی پۆلیسی سویسری دەکات، داداگای سویسرا ئەم قوتابییە پازدەساڵ حوکم دەدات. ئەم خوێندکارە ناوی (داڤید فرانکفۆرتە) و لەکاتی مردنی دایکی سەردانێکی کورتی بەرلین دەکات، لەوێ ( دەبینێت مامەی کەوەکو رابینێکی باوکە بۆ ئەو، لەلایەن منداڵێکەوە قەشمەری پێدەکرێت، منداڵەکە هاوار دەکات هێی هێی جولەکە..جولەکەو لەگەڵیشیدا ریشی رادەکێشێت..)[٢] ، داڤید لەژێر کاریگەری مردنی دایکی ودوای ئەوەی مەسەلەی ئازاردان وتالانی جولەکە لەئەڵمانیای نازی دەستپێدەکات، بڕیار دەدات گوستۆلف بکوژێت، وەك رەمزێك بۆ نازی و لەهەمانکاتیشدا وەك تۆڵەسەندنەوەیەکی سوکایەتیکردن بەڕابینی باوك.

کوشتنی دووەمی گۆستۆلف، نقومکردنێتی لەدەریادا، کاتی خۆی هیتلەر لەئاهەنگێکی رەسمیدا لەیادی (شەهید گۆستۆلف) پاپۆڕەکەی بەناوی گوستۆلفەوە ناوزەدکرد، بەم شێوەیە لەژێر تیتلی نەزۆکیدا (پاوڵ) فیگوری سەرەکی نۆڤێلەکە لەسەر ئەو پاپۆڕە وەك

کوڕێکی باوك نادیار (بەزمانی ڕۆژهەڵاتیانە زۆڵ) لەدایکدەبێت. لەلایەن کاپتنی ژێر بەلەمە رووسییەکە (مارینسکۆ) فەرمانی تەقاندنی تۆربیدەکان دەردەکرێت و پاپۆڕەکە نقومی دەریادەبێت. باوکی مارینسکۆش پیاوێك بووە بەتێهەڵدان وشەق مامەڵەی لەگەڵ کوڕەکەیدا کردووە، مارینسکۆ سومبولێکی دیکەی کوڕێکە لەباوکێکی دڵڕەق، ئیدی کوڕە بێباوکەکان و باوکەکان لەشەوی ٣١ یانواری ١٩٤٥ قەدەر رووبەڕووی یەکدیان دەکاتەوەو کوڕەکان و باوکەکان لەنێوان واقع و رەمزدا یاری جەهەنەمی خۆیان دەکەن، یەکتری لەناو دەبەن و لەدایکیشدەبنەوە بۆ زۆرانبازیەکی دیکە، ئەو لەدایکبوونەوەیەش زۆرانبازی نوێی پاوڵە لەگەڵ کوڕەکەی کۆنراد.

گونتەر گراس پێناسەی نیشتمان ونەتەوە لەیاری باوك و کوڕە نادیارو تەواو و ناتەواوەکاندا هاوکێشەبەندی دەکات، لەنێوان رەمزیەت و واقعیەت و مێژوودا جوانترین گرێچنی رووداوەکان و بەرجەستەیی فیگورەکانی خۆی لەزمانێکی ریالیستانەدا دادەڕێژێت، زمانێکی وا کەئەدەبی گێڕانەوەو چیرۆکی ئێمە سوودێکی زۆری لێوەر دەگرێت، چ نەبێت بۆ ساتێك دوور بکەینەوە لەزێدەڕۆیی فانتازیایەك بەدەرە لەهەموو پرەنسیپێکی جوانیی، زمانێکی باو لەهەمانکاتیشدا دامالڕاوە لەزمانی گێڕانەوە کەڕیالستی بناغەیەکی کلاسیکیانەیەتی.

گونتەر گراس تەکنیکی سومبولیەت وەك ڕێڕەوێك بۆ فانتازیایەکی سەربەست بەکاردێنێت، وەك تەکنیکێکی باڵای تایبەت بەخۆی و لەهەموو کارەکانیدا زمانی ریالستانە بۆ ئەوەیە کەسەربەستی بدات بەخوێنەر بۆ ئەوەی بەنێو تۆبۆگرافیای دەقەکاندا بێت وبچێت، دەقی گراس دەقێکە لەزمانێکی واقعیانە، زۆرجار وەسفکارانە پەلت دەگرێت بۆ بەردەم ژوورەکانی خەیاڵ و لەوێ بەتەنیا بەجێتدێڵێت، ئەم تەکنیکە جیاواز و توندوتیژەو هەندێکجار وشکە لە(دەرکەوتن/Schein)یدا، بەلام لە(بوون/Sein) یدا نەرمونیانی و خەیاڵێکی فراوانی لەخۆگرتووە.

تەنانەت سومبولاریزەکردنی کەسێتییەکانیشی زەق نین بەقەد ئەوەی باکگراوندێکی مێژوویی و ریالستانەیان هەیە، ئیدی واقع خۆی دەبێت بەسومبوڵ و رەمزیش بەجیاوازی رەمزیەتی رووت لەنێو مێژووی کەسەکاندا خۆی کۆرپەیی دەکات، لەهەمانکاتیشدا خوێنەری بەدیقەت بۆخۆی هەڵدەبژێرێت، ئەوەی چێژ لەڕۆمانی گونتەر گراس وەردەگرێت

کەسێکە دەبێت خۆی هیلاك بکات، بێزار بێت، بەڵام واز لەخوێندنەوە نەهێنێت تاوەکو لەپشت ریالستی دەقەکانەوە کێڵگەکانی دیکەی فانتازیا دەدۆزێتەوە. من لەوبڕاوایەدام لەم نۆڤێلایەدا ئەم تەکنیکە لەئاستێکی زۆر باڵادایەو یاری نێوان رەمزیەت و کەس و مێژوو ئەوەندە هاوگیرو گرێبەندن کەنازانی سنووری کامەیان لەکوێ تەواو دەبێت وئەوی دیکەیان لەکوێ دەستپێدەکات.

سنووری بیۆگرافیای کەسەکان و رەمزیەتیان تێکەڵن و پێکەوە گرێن و لەچەند لایەکەوە لەچەقی رووداوە مێژووییەکەدا یەکدەگرنەوە، لەلایەکەوە گوستۆلف کەڕاستەو رەگەزی ئەڵمانە، مندالی نییە، بەڵام ژنیهێناوەو رۆلێکی ترسناك دەبینێت لەنێوان ناوی خۆی وەك مرۆڤ و ناوی وەك پاپۆڕێك، لەلایەکی دیکەوە هاوکێشەی کوشتنی باوك بەدەست کوڕ جارێکی دیکە لەنەستی دەقەکەدا خۆی دووبارەدەکاتەوە، بەڵام دیسانەوە لەنێو رەمزیەتی ناوەکان و بیۆگرافیای کەسییاندا.

هاوکێشەکە بەمجۆرە تەشکیلەدەبێتەوە، داڤێد کوڕێکی سومبولی باوکێکی پیرۆزە و جووەو گوستۆلۆفیش مێردە، بەڵام باوك نییە یاوەکو هێشتا نەبووە بەباوك، لەهەمانکاتیشدا پێموایە گوستۆلف سومبولاریزەکردنی هیتلەرە وەك مێردێك، نەك باوکێك، بەم شێوەیە باوکەو کوڕەکان لەچەقی رووداوە مێژووییەکەی نقوومبوونی پاپۆڕەکە کۆتایی وسەرەتایی خۆیان لەمامەخولەیەکی ترسناکدا گێڕدەدەن و لەنێو یەکتریدا لەدایکدەبنەوە، لەڕابوردوودا وەك زۆرانبازییەك بەکوشتنی گۆستۆلف کۆتایی پێدێت وبەنێولێنانی پاپۆڕەکە بەنێوی گوستۆلفەوە دەستپێدەکات و جارێکی دیکە بەنقوومبوونی پاپۆڕەکە کۆتایی پێدێت و بەلەدایکبوونی پاوڵ لەهەمان شەوی نقوومبوونی پاپۆڕەکە دەستپێدەکاتەوە و جارێکی دیکە لەئێستادا لەسەر لاپەڕەکانی ئینتەرنێت زۆرانبازییەکان لەمەڕ زیندووکردنەوەی ئەو رووداوە مێژووییە لەنێوان جولەکەیەکی دیکە کەلەنێو یەکێك لەچاتەکاندا ناوی خۆی دەنێت (داڤێد) خۆی بەجوو لەقەڵەمدەدات و لەگەڵ کۆنرادی کوڕی پاوڵ کەبەنێوی گوستۆلفەوە لەژووری چاتدا دژی یەکدی دەکەونە زۆرانبازی و لەکۆتایشدا کۆنراد /گوستۆلف لەیەکەم چاوپێکەوتنیدا داڤێد بەدەمانچەیەکی تۆکارێڤ رووسی دەکوژێت و چوارگولە دەنێت بەداڤێدی نوێوە، لەتۆڵەی رووداوی ١٩٣٦ کەداڤێدی جوو بەچوار گوللە گوستۆلفی کوشت.

ئـاوا لەزەمــەنی ئینەتــەرنێت و گلۆبالـّدا کـۆنرادی کـوڕی پـاولّ تۆلـّەی ئـەو رووداوە دەکاتـــەوە، دیـــسانەوە زۆرانبازییـــەکی دیکـــە لەهـــەناوی زۆرانبازییـــەکی دیکـــەدا لەدایکدەبێتەوە، پاوڵی باوکیش دەیتوانی رێگربوایە لەوەی کوڕەکەی ئـەم کـارە نـەکات، چاودێریی ئەم چاوپێکەوتنەی بکردایە، تەنانەت لەدادگاییکردنی کۆنراددا بیگوتایـە کـوڕم من تۆم خۆشدەوێت، خەمبارمەبە، نەخێر ئەو کەئاگاداری ئەوە بوو کۆنراد خـاوەنی ئـەو ماڵپەڕەیە و بەناوی گوستۆلفەوە چیرۆکی نقوومبـوونی پـاپۆڕی گۆسـتۆلف دەگێڕێتـەوە بەبێئەوەی باس لەلەدایکبوونی باوکی(پاولّ) بکات لەسەر پاپۆڕێکی فریاکـەوتن لەهـەمان شـوێن وسـاتی نقوومبـوونی گۆسـتۆلف. ئـەو هـیچ ناکـات، تـەنها جگـەرە دەکێـشێت و لەئینتەرنێت چـاودێری ئـەو زۆرانبازییـە نوێیـە دەکـات کەکوڕەکـەی بـەرەو حـەوت سـالّ بەندی راپێچدەکات، ئەو لـەوە لاوازتـرە بـاوك بێـت یـاخود پـاولّ گوتـەنی کەئـەو خـۆی ( باوکێکی درەنگ وەختە)[٢].

بەم شێوەیە گراس هاوکێشەیەکی زۆر هونەرییانـە لـەنێوان سـومبولیەتی کەسـەکان و واقعیەتیان لەنێوان رابووردو ئێستادا گرێچن دەکات، بۆ زیاتر روونکردنەوە دەتوانین ئـەم هاوکێشەیە بەم شێوەیە روونبکەینەوە:

زەمـــەن ٤ فێـبرواری ١٩٣٦: کوشـتنی گوسـتۆلف بەدەسـتی داڤێـد کـەڕەمزە بـۆ تۆڵەسەندنەوەی باوك وجوو لەنازیەت.

زەمـەن ٣١ یـانواری ١٩٤٥: نقـومکردنی پـاپۆڕی گوسـتۆلف بەتۆربیـدی ژێربەلـەمی رووسی لەژێر فرمانی مارینسکۆ کە کوڕی باوکێکی دیارە↔ لەدایکبوونی پـاولّ لـەدایکێك کەلەنەفەرە رزگارکراوەکانی ئەو پاپۆڕەیەو هەر لەو شەوەدا لەسەر پاپۆڕێکی فریاکـەوتن لەدایکدەبێت، بەلاّم وەك زۆلێك.

زەمەن ئێستا: کۆنرادی کوڕی پاولّ ناوی گوستۆلف لەخۆی دەنێت، یەکێك دەکوژێت ناوی داڤێدە، لەڕاستیدا بەبنەچە ئەلّمانە ناوی(ڤۆلڤگانگ شترێمپلین)ە، خـۆی لـەنێو کەسێتیدا (کۆرپەبەند / تقمص) کـردووە، بـەمانای نیمچە جـوو/ کـوڕێکی رەمزییـە نـەك واقعی، چەکی کوشتنەکە دیسانەوە وەك چـەکی نقوومبـوونی پاپۆڕەکـە وایـە، چـەکێکی رووسییە، دەمانچەیەکی تۆکارێڤە.

نیمچە باوك و باوكی درەنگ وەخت ↔ زۆڵ وباوك نادیار ↔ ئەڵەمان و رووس و جوولەكە ↔ نیمچە ئەڵمان ونیمچە جوولەكە و نیمچە باوك

ئەمە هاوكێشەیەكی جەهەنەمی زەمەن و رەمزو بیۆگوافیای كەسیی نێوان مێژووی كۆن وئێستایە كەگونتەر گراس بێبەزیانە لەفۆرمێكی بالآی گێڕانەوەدا پێكەوەیان گرێدەدات.

خاڵێكی دیكەی گرنگی ئەم نۆڤێلایە گومانكردنە لەوشەیەكی زۆر باو لەزمانی ئەڵەمانیدا كە نیشتمانی پێ پێناسە دەكرێت، ئەویش وشەی باوكە، لەزمانی ئەڵەمانیدا بەنیشتمان دەگوترێت (نیشتمانی باوك)، لەزمانی كوردی و عەرەبیدا نیشتمان دایكە و مێیینەیە. گونتەر گراس كارەكتەری باوكێكی بێتوانا وئیفلیجی كۆمەڵایەتی كردووە بەفیگوری سەركیی نۆڤێلاكەی، هەروەك لەسەروە باسمانكرد هەموو فیگورەكان لەكێشەی باوكایەتیدا گینگڵ دەدەن، باوكێك توانای ئەوەی نییە كوڕەكەی خوشبوێت، باوكێك چاودێری رووداوەكانە نەك بەشدار، باوكێك درەنگ وەختە وەك چەمكێك كەناسیونالێتی درەنگ وەختی ئەڵەمانی لەڕێگەیەوە خۆی پێناسەدەكات، بەگشتی كێشەی بوون بەباوك لەشتروكرتوری زمانەوە هەڵگری تۆوی تێكشكاندنی خۆیەتی، لەقەیراندایە لەگەڵ باوكبوونیداو لەهەمانكاتیشدا قەیرانی ناسیونالیستی ئەڵمانییە لەكریست دیموكراتەكانەوە تاوەكو سۆسیال كریست و دواجار نازییە نوێیەكان.

گونتەر گراس دەیەوێت بڵێت كە نیشتمانی باوك هەڵگرێكی نادیارو تەموژاوییەو گوتەزای نیشتمانی باوك كەترادیسیۆنی زمانی ئەڵمانییە لەباسكردنی نیشتمان و سروودی لەمێژەی دەوڵەتی ئەڵەمانییە، گوتەزایەكی زمانەوانی پڕ گومان و نەزۆكە. ئەو لەڕێگەی كارەكتەریزەكردنی فیگورەكانییەوە هەموو شانازییە ناسیونالستیەكان دادەماڵێت لەبەها زمانەوانی و مێژووگەرایی كەڵەكەبووی، گومان دەكات لەهەموو شتێك نێوی نیشتمانی باوك و ناسیونالییەو دەیەوێت چیرۆكەكانی مێژوو داماڵێت لەهەموو فشەو هاتو و هاواری ناسیونالستی و جارێكی دیكە بەمرۆڤایەتی كردن وهیومانیزمەكردن، یاخود ئاسایكردن ونۆرماڵیزەكردنی ئەم رابووردووە دەخاتە پێش هەموو ئەو شانازییە پووچانە.

پێموایە گونتەر گراس لەشەڕی بەباوكبوون ونەبوونی پاڵەوانەكانیدا زیرەكانە چەمكی نیشتمان وەك چەمكێكی ئەڵەمانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، دایدەماڵێت لەو باوكیاتییەی

ناسیونال و نازییە نوێیەکان و کۆنزەرڤاتیفەکانی ئەڵمان شانازیی پێوەدەکەن، دیسانەوە گراس شانازییە ناسیونالیەکان دادەمالێت لەهەموو مانایەك کە مێگەلی ناسیونال پێبەخشیوە، هەروەك ئەوەی بیەوێت بڵێت کەئێمەی ئەڵەمان بەهەتیوی و زۆڵی لەنێو ئەم پەرەگرافەی مێژووماندا دەمێنینەوە.

بەندبوون لەنێو گێڕانەوەی دایکدا

( بۆچی ئێستاکە؟. یەکێکی دیکە ئەوەی گووت کەمن نەبووم. چونکە دایکم هەمیشە دووبارەو دووبارە.. ئەوزەمەنە کاتێك قریشکە لەسەر رووبەری ئاو خۆی راکێشا.. چونکە دایکم دەیویست بقیژێنێت، بەڵام توانای قیژەی نەبوو.. چونکە حەقیقەت لەسێ دێڕ زیاتر نەبوو.. چونکە تەنها ئێستا... ) ل١.پەرەگراف سەرەتای نۆڤێلاکە.

دایك لەدێری یەکەمەوە هێزی گێڕانەوە بەخۆی دەبەخشێت، لەیەکەم دێری یەکەمەوە گێڕانەوەی چیرۆکی نقومبوونی گوستۆلف لەزاری دایکی پاول (تولا پۆکریفکێ) بەردەوام تۆڕێکی بەسەر رووبەری کەس و رووداوەکاندا پەخشدەکاتەوە، لای پاوڵ چیرۆکی لەدایکبوونی خۆی دەبێتە گرێبەندییەکی عوسابی، چونکە دایکی پاوڵ بەدرێژایی تەمەنی خۆی نەك تەنها دووبارەو سەدبارەی دەکاتەوە، بەڵکو کۆنرادی کورەزای خۆشی سەرسامدەکات بەو چیرۆکانە. کۆنرادی کورەزاش لەژێر کاریگەری چیرۆکی نەنکی رێچکەیەکی توندرەوەی و راسیستی تێدا چەکەرە دەکات کەلەکۆتاییدا وای لێدێت لەبارێکی تایبەت بەنازییە نوێیەکان و بەنهێنی حکومەتەوە، دوربارەی نقوومبوونی پاپۆری گوستۆلف لەشەوی ٣١ یانواری ١٩٤٥ بۆ نازییە نوێیە کەچەڵەکان[٤] کۆڕ بگرێت. پاشان یەکێك بکوژێت کەلەرێگەی ئینتەرنێتەوە ناسیوویەتی و بەنێوی داڤێدی جوولەکە خۆی ناساندووە. گێڕانەوەی دایك گێڕانەوەیەکی سەرەتانی ترسناکەو هەمیشە وەك سێبەرێکی بەئازار بەدووی پاوڵەوەیە. چیرۆکی دایکی کۆتایی نایەت، دایکێك ئەوەندە فەرامۆش و لامسەلاییە کەلەژیاندا نەیزانیووە کێ سکی پڕکردووە؟ لەگەڵ کێدا خەوتووە و باوکی حەقیقی کێیە؟، ئەم دایکە بەشێکە لەفەرامۆشی مێژوو، لەهەمانکاتیشدا بەشێکە لەخۆگێلکردن لەراستەقینی مێژوو و چیرۆکەکانی، ئەم دایکە یادەوەری پرشکۆی باوی ئەڵەمانییە کەپرێتی لەشانازی تۆزلێنیشتوو، شێوێندراو، لوتبەرزی بێمانا و ترسنۆکی

شێردراوە، ناسیونالێتێتی سەرئاوکەوتووی داماڵراو لەهیومانیەت تەنانەت لەهەستکردنیش بەنیشتمانێکی باوك نەزۆك، باوك نادیار و ئانەنومێکی پڕ لەڕابووردوویەکی پیس...

دایك هەر دەیگێڕێتەوەو دەیگێڕێتەوە، دایکێك لەساتێکدا بەئادۆلف هیتلەر سەرسامە، لەهەمانکاتیشدا لەشەوی مردنی ستالیندا مۆم دادەگیرسێنێت و دەگری (ڕۆژی ئاشکراکردنی مردنی ستالین، ئەو ڕۆژە بوو کەلەموبەقی ئێمەدا مۆمێکی زۆر داگیرسا، من هەرگیز دایکم ئاوەها نەبینیوو بەکوڵ بگری ... )ل ٣٩ ئەمە لایەنێکی دژەکاری کەسایەتی ئەم دایکەیە کە لەهەمانکاتدا بۆ ستالین فرمێسك دەڕێژێ و لەئەڵەمانیای سۆسیالستی و لەناوچەکەی خۆیدا وەك کرێکارێکی دڵسۆز بۆ سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستی ناودەردەکات، بۆ تێکشکاندنی پەیکەری گوستۆلفوفیش دەگری و هەموو جارێکیش بەنهێنییەوە وەك ریتواڵێك (عادەتێکی ئاینی) گوڵ دەخاتە سەر شوێنای ئەو پەیکەرەی کاتی خۆی بەئامادەبوونی سەرانی نازییەت لەنێو دارستانێکداو ڕووبەڕووی دەریا پەردەی لەسەر هەڵدرایەوەو لەکۆتایی جەنگیشدا روخێنراو تەنها بناغەکەی لەو شوێنەدا لەنێو گژوگیای هەڵساو بەفەرامۆشکراوی ماوەتەوە. ئەوەتا پاوڵ دەڵێ: (دایکم گووتبووی کەئەو بۆ پەیکەری ڤلهێم گوستۆلف کەلەپەنجاکاندا تێکوپێکیان شکاند، گریاوە، ئەوانەشی ئەو کارەیانکردووە بەرجنێوی ئەو کەوتوون ودایکم بەقەبرتێکدەر ناوی دەبردن..)ل٤٠

لەهەمان شوێندا داڤێدی (داڤیدی ساختە) وکۆنراد یەکدەگرنەوە، داڤێد تفدەکات لەشوێنای پەیکەرەکەو کۆنرادیش هەرلەوێ چوار فیشەك دەنێت بەداڤێدەوەو دەیکوژێت، هەروەك چۆن داڤێد فرانکفۆرتەی راستەینە لەساڵی ١٩٣٦ دوای کوشتنی گوستۆلف خۆی تەسلیمی پۆلیس دەکات و تاکە قسە کەپۆزش بۆ ئەو تاوانە بهێنێتەوە ئەوەیە کەدەڵێت: (من ئەوم کوشت، چونکە من جولەکەم)، بەهەمان شێوە لەشوێنای پەیکەری گۆستۆلفەوە، کۆنراد بەرەو پۆلیس ڕێگەدەگرێتەبەرو لەپۆلیسخانەشدا هەمان رستەی داڤێد فرانکفۆرتە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەهەڵگێڕانەوەیەکی پێچەوانە (بەڵێ من ئەوم کوشت، چونکە من ئەڵمانم..).

شوێنایەك کەدایك و داپیرە پیرۆزی دەکات هەر ئەو شوێنەیە کەنەوەکان تێدا دەستیان دەچێتە خوێنی یەکترەوە، دایك بکوژێکەو لەو دیوو کوشتنەوە خۆی دووبارە

دەکاتەوە، پاوڵ ئەو فیگورە سەیرەیە لەنێوان باوکێکی نادیارو دایکێکی پڕ دژایەتی زمانڕەش و کۆڵنەدەر لەگێڕانەوەی شەوی لەدایکبوونی ئەو کوڕەی لەگەڵ نقومبونی پاپۆڕەکە لەسەر رووبەری دەریا بەبێ قیژەو هاواری دایك هاتەدنیاوە. ئەو شەوە هەستی بەئازاری لەدایکبوون نەکردبوو، چونکە دکتۆری قاوشەکە، کاتێك پاپۆڕەکە بەرەو نقوومبوون رۆدەچوو دەرزییەکی لێدا، دەرزیەك بۆ ئەوەی بێئازار منداڵەکەی لەدایك بێت.

لەسەر پاپۆڕی فریاکەوتن و لەکاتێکدا پاپۆڕی گوستۆلف بەتەواوەتی نقومدەبێت، لەگەڵیشیدا بەمشێوە تراژیدۆکۆمیدییە پاوڵ لەدایکدەبێت، لەگەڵ قیژەیەك کەنەهاتۆتە دەرێ، دایکێك ئازاری بەلەدایکبوونی رۆڵەکەیەوە نەچەشتووە، دایکێك مێژوویەکی پڕدژەکار لەنێو دەریادا جێدێڵێ و بۆ کوڕەزاکەشی بیرەوەریەك رەگازۆدەکات لەبەندیشدا بەشانازییەوە بەردەوامی دەدات بەخۆی، دەبێت ئەم دایکەی گونتەر گراس چ جۆرە دایکێك بێت؟

ئەم دایکە بەشێکە لەفەرامۆشی و بەشێکیشە لەخۆگێلکردن، ئەم دایکە ئاگای لەڕووداوەکان نییە بەتەواوەتی چۆن و بۆچی روویانداوە، ئاگای لەو هەموو ووردەکاریە نییە کەتایبەتە بەنقومبوونی گۆستۆلفەوە، دایکێکە بۆ شکۆمەندیە گچکەکانی رۆژانەی خۆی دەژی و دەیەوێت قاچێکی لەنێو رابووردوودا بێت بەهەموو شانازییەکانیەوەو قاچێکیشی لەئێستادا بێت بەهەمووو سەرکەوتن و وەهمەکانی شانازی ناسیونالییەوە؟؟، ئەوەی وێنەی ئەو دایکە نیگارکێش دەکاتەوە کۆمەڵێك راستی مێژوویی یەکلایەنەن کەشانازی پێویستی پێیەتی نەك مێژوو خۆی، ئەم دایکە تەنها بیرەی یەکلایەنەی مێژووەو نایەوێت کەس بەرەخنەوە سەیری ئەو مێژووە بکات، ئەم دایکە یادەوەری ناسیونالیستی ئەڵمانە کەبەیەکگرتنەوەی لەگەڵ کۆنزەرڤاتیەتدا تۆڕێکی لەشانازی و خۆگێلکردن پێکهێناوە، لەدوا ئامانجدا دەبن بەوسێبەرانەی نازییە نوێیەکان لەژێریدا وەك قارچك هەڵدەتۆقێن.. ئەم دایکە چەندە مەترسیدارە کەهەمیشە لەگێلێتی خۆیدا و لەڕێگەی دەرخستنی ئەو بەشێك لەحەقیقەت نەك حەقیقەت بەهەموو هێڵ و ئاسۆگەو ئێوارەو بولێڵییەوە، ئەم دایکە مێژوویە کەڕۆڵەکانی خۆی فێرە فەرامۆشی دەکات.

لەهەمانکاتیشدا هەستکردن بەتاوان لای ئەم دایکە وشەیەکی نامۆیە، لەقوڵایی خۆیدا هێزێکی جەهەنەمی هەیە کەهەموو هەستێك لەم جۆرە فڕێداتە دەرەوە، ئێمە لەبەردەم

فیگورێکن کەخۆی لەنێو مێژودا کاراکتـەریزە دەکـات بـەوەی هـەموو راسـتیەکان لەچـەند بەشـێکی پـچڕاو و گەشـبیندا خۆیـان دەرخـەن، بـەمانای دەرخـستن و ئـەویتریش بـۆ لەبیرچونەوەیەك، هەمان لەبیرچوونەوەیە بۆنەوەی سێیەم (کۆنراد) بەمیراتی دەمێنێتەوە و تەنانـەت لەبەندیخانەشـدا بەردەوامـە لەسـەر بیروبۆچـونەکانی، ئـەو میراتییـەی لەنەنکییـەوە بـۆی ماوەتـەوە فەرامۆشـی لایەنـە رەشـەکان وسـڕینی دەسـتی خوێنـاوی بەپشتی ئەوانی تر.

ئەم دایکە کاتێك بێئومێد دەبێـت لـەوەی کوڕەکـەی (پـاوڵ) لـەژیانی رۆژنامەنووسـی خۆیدا تەنانەت یـەك دێڕی لەسـەر ئـەو رووداوە نەنووسـیوە، بێئومێدە کاتێـك دەبینێـت رۆژهـەلاتی ئـەڵمانیا بەجێـدێڵێت بـۆ ئـەوەی بـەردوامی بـدات بەخوێنـدنی بـالا، کەچـی دەبیستێت بووە بەپـەیامنێری رۆژنامەیـەکی چـەپ و رەخنـەش لـەبلۆکی سۆسیالـستی و سیـستمی سۆسیالـستی ئـەڵمانیای رۆژهـەلات دەگرێـت، دایکێـك کەچـۆن بـۆ چـیرۆکی گوسـتۆلف ونازییـەت دڵـسۆزە، ئاوەهـا بەهـەمان هێـزەوە خـۆی لەگـەڵ چوارچـێوەی ئایدۆلۆژی بلۆکی سۆسیالیستیدا دەگونجێنێت و کاری کوڕەکەی بەعەیبـەیەك تێدەگات بەناوچـاوانییەوە، ئـەو کـوڕەی دەیـەوێت دوور بێـت لـەو هـەموو چـیرۆکە پـڕ شـانازی و ناسیونالی و بەهەیبەتانەو بەڕەخنەوە لەو مێژووە دەڕوانێت. ئـەو کـوڕە لەچـاوی دایکـی شکـستەخواردێکی (فاشـل) راسـتەقینەیە، کوڕێـك لەتەمـەنی کامـڵ بوونیـدا جگەلەجگەرەخۆرێکی پیس نەبێت هیچی دیکەی لێدەرنەچووە، بـەلام کۆڵنـادات، چـاوی لەسەر کوڕەزاکەیەتی بۆ ئەوەی ئەو شانازییە ناسیونالی و وەهمە درێژە پێبدات. ئـەوەتا پاوڵ دەڵێت ( دایکم پێگووتم: لەکۆنراد چاوەڕوانی شتی مەزنی لێدەکرێت، کاری گەورە و گرنگ نەك وەکو تۆ کەجگە لەشکستەخواردوویەك نـەبێت هیـچی دیکـەت لێدەرنەچـووە، منیش گووتم : تـەواو راسـتە، راسـتە چـاوەڕوانی کـاری مـەزن لـەمن ناکرێـت، بـەلام وەك دەبینی دایەگیان منیش پێدەگەم و پەرەبەخۆم دەدەم و خەریکە دەبمە جگـەرەخۆرێکی عەجایب، بێگومان ئەگەر بتوانین ناوی پەرەسەندنی لێبنێین..) ل ٤٥

دایك جەستەیەکە لەنێویدا هەموو بیـۆگرافی منداڵـەکانی خـۆی دەسـڕێتەوەو تاکۆتـایی نۆڤێلاکە دایك ونبوونی رۆلەکانی خۆی درێژە پێدەدات.

چارەنووس و فەرامۆشیەکی ترسناك

چارەنوسی کەسەکان لەم نۆڤێلایەدا چارەنووسێکی پڕنوشستییە، چارەنوسی مارینسکۆی رووس کەئەفسەری پلەیەکی فەرماندەری ژێربەلەمە رووسیەکە بوو، نەك هەر مەدالیای ئازایەتی پێنابەخشرێت، بەڵکو لەژێر پەستاوتی ئیداری بیروکراتیەتی سوپای سووردا سوپا جێدێڵێت و لەکارگەیەکدا دەبێتە ژمێریار، بەهەمان هەستی دڵسۆزییەوە بۆ سۆڤیەت لەوێ کاردەکات، بەڵام کاتێك بەرتیلخواردنی ئیدارەی کارگەی بۆئاشکرا دەبێت، دەکەوێتە نێو جەنگێکی سەختەوە، بەڵام دیسانەوە بەختیار نابێت و دادگا بڕیاری سێ ساڵ کارکردن وبەندی بەسەردەدەن لەو دوورگە چەپەکانەی (سۆلژێنیستین) لەڕۆمانی دۆکۆمینتاری ( ئەرخبیل گولاك) باسیکردووە. مارینسکۆ سێ ساڵ لەژێر سەخترین باری ژیاندا وەك کۆیلە کاری پێدەکەن، لەهاتنە دەرەوەیدا مرۆڤێکی تەواو تێکشکاوە، کەشتیەکی شڕو ڕزیوە لەبەندەردا دەگیرسێتەوە بۆ ئەوەی لەسەرخۆ بڕزێت و نقومی ژیانی راوەستاوی بێت.

دیارە کوژرانی هەزارەها ژن ومنداڵ لەئاوی ساردی دەریادا، کاتێك منداڵەکان بەمردوویی، بەجەستەی شینبۆوە لەسەرمادا سەر رووبەری ئاو دەکەون، کاتێك هەموو هەڵاتووەکان لەنێو ئاودا لەپەلوپۆدەکەون و یەك لەدوای یەك بەمردوویی، بەجەستەی شینەوە سەرئاو دەکەون، کاتێك منداڵەکان سەریان لەنێو ئاودا بەجەستەی سڕیانەوە سەرئاوکەوتوون وسەریان شۆڕکردۆتەوە نێو ئاو، لەکاتێکدا کوژرانی ئەم هەموو هەڵاتوانە بەتۆرپیدەکانی مارینسکۆ لەناودەچن، لەوکاتەشدا سەری دایکی پاوڵ سپێتی تێدەکەوێت و لەهەموو بۆنەیەکدا دەڵێت: لەگەڵ ئەم سپی تێکەوتنەی پرچەکان پاوڵ لەدایك دەبێت..

ئیدی چارەنووسی مارینسکۆ کەدوای دووساڵ لەمردنی ستالین و بەپیری مەدالیای شەرەڤ نقوومکردنی پاپۆڕی گۆستۆلفی پێدەبەخشن، لەبەرئەوەی ئەو کاتە سۆڤیەت پێی شەرم بوو باس لەو رووداوە بکات و ئەڵەمانیاش دوای دۆڕانی ئەوەندە سەرقاڵبوو، کەڕووداوی ئاوەها باسبکرێت وەك پەرچەکردارێکی دژ بەڕابووردوو ئەو هەزارەها خەڵکە بێتاوانەی لەگەڵ پێچانەوەی مەلەفەکانی نازییەت فەرامۆشکران و کەس باسی نەکردن. ئازاری ئەو خەڵکە بێتاوانانەی لەپێچی رووداوەکاندا بەفەرامۆشکردنەوە لەبیردەکرێن و وندەبن، تەوەرەیەکی دیکەی گاڵتەجاڕییەکانی قەدەرەو گونتەر گراس بەهەموو توانایەکییەوە زیندووی دەکاتەوە.

ئیدی مارینسکۆ لەوپێچەدا وندەبێت، منداڵ و ژن وپیرە بێتاوانەکان کەلەدەریادا لەناودەچن، لەپێچەکانی چیرۆکی ناسیونال سۆسیالزمی ئەڵمانی کارە تاوانکارەکانییانەوە وندەبن و باسناکرێن، داڤێد فرانکفۆرتەش دوای نۆ ساڵ بەندی و تێکشکاندنی نازییەت لەسویسرا ئازاد دەکرێت و لەئیسرائیل وەك فەرمانبەرێك لەوەزارەتی بەرگری ئیسرائیلی بەبێئەوەی کەس باس لەو بکات،کەئەوێك پێش جەنگی دووەمی جیهانی، پێش ئەوەی نازییەکان سەربازگەکانی جووکوژی بکەنەوەو کەبە (ئاوس شڤیتز – Auschwitz– بەکوردی مانای ئارەقکردنەوە) ناوزەدکرابوون و هەزارەها جوویان کۆمەڵکوژ بکەن و بسوتێنن، داڤێد پێش ئەم رووداوانە دژی نازییەت جەنگاو گوستۆلفی نازی تیرۆرکرد، بەڵام وەك مارینسکۆ ئەویش لەبیرچوونەو لەفەرامۆشی مێژوویدا ژیانی بەسەر برد. لەهەمانکاتیشدا پاوڵی لەدایکبووی نێو ئەم رووداوە جگە لەپیاوێکی فەرامۆش و پەراوێزگیری جگەرەکێش نەبێت هیچی دیکە نییە..

ئەوانەی کەدەمێننەوەو دەیانەوێت ئەم چیرۆکە درێژە پێبدەن ئەوانەن لەبێهودەیی و نەخوێندنەوەی ریالستانەی ئەو پەرەگرافانەی مێژوودا لەقەیرانێکی بەردەوامدان، ئەوانەن کەدرێژە بەشانازییە پڕ وەهمەکان دەدەن. فیگوری داپیرەو کۆنراد بەرجەستەبوونی ئەم یادەوەرییە پڕ تەمومژاوی و وەهمڕێژەن، ئەمان درێژە بەم چیرۆکەدەدەن.

کۆنراد لەبەندیخانەشدا ئەکتیفە ونمونەی پاپۆڕێك دروستدەکات بەتەواوەتی لەگوستۆلف دەچێت بەهەموو وردەکاریەکانییەوە. لەهەموو سەردانەکانی پاوڵدا کۆنراد باسی ئەو پاپۆڕەدەکات، هەموو ماتریاڵە پێویستەکانی دروستکردنی ئەو نمونە گچکەیە لەلایەن نەنکیەوە بۆی پەیدا دەکرێت، نەنکێك بەردەوامە لەگێڕانەوە بێهودەییەکانی، نەنکێك وازناهێنێت لەنەوەکان دوور لەهەموو رق و راسیستیەك هەناسە هەڵکێشن، چیرۆکەکانی مێژوو، بێتاوانەکانی ئەم رووداوانە وەك خۆیان باسبکەن نەك وەك داماڵینی لەهەموو دوورییە مێژووە ریالستیانەکەی، ئیدی کەشتی گوستۆلف جارێکی دیکە بەنمونەی دروستدەبێتەوە، لەبەرامبەریشیدا پاوڵی باوك بەفەرامۆشی و لامسەلاییەوە لەکۆنراد دەڕوانێت، ئەو تەنها سەیرکەرێکی ترسنۆکە، هەرچەندە لەدوا سەردانی پاوڵدا کۆنراد پاپۆڕەکە دەکێشێت بەزەویداو تێکوپێکی دەشکێنێت، نەك وەك رەتکردنەوەی

چیرۆکی گۆستۆلف، بەڵکو وەك تورەبوونێك لەفەرامۆشی و ترسناکی باوك و پێدەڵێت (ها..بابیلە° ئێستا کرمەکەت مرد.. ئاسودەبوویت.) دوالاپەڕە ٢١٦..

بەڵام ئەم یارییە جەهەنەمییە راسیستانەیە کۆتایی نایەت، گەمژێتی ناسیونالی کۆتایی نایەت و ئەوەتا پاوڵ لەئینتەرنێتدا ماڵپەڕێك دەبینێت لەیادی ماڵپەڕی کورەکەی کەبەنێوی شەهیدانەوە هەبوو، ئەم ماڵپەڕە نوێیە بەنێوی کۆنرادەو لەجیاتی یادکردنەوەی گۆستۆلفی نازی وپاپۆڕەکەی، یادی کۆنراد و پاڵەوانبازی ئەودەکات کە داڤێدی زەمەنی ئێستای خۆکردوو بەجووی کووشتووە، پاوڵ لەکۆتاییدا دەکەوێت بەسەر بەردەوامی ژەهراوی ئەم چیرۆکە راسیستانەی ئەڵمان بەردەوام بەدرێژایی زەمەن دووبارەیدەکاتەوە، دوا رستەی نۆڤێلاکە بەڕستەی پاوڵ کۆتایی پێدێت کاتێك ماڵپەڕی نوێ دەبێنێت یادی کۆنرادی کوڕی دەکەنەوە و نوسراوە ( ئێمە براوامان بەتۆیە، ئێمە چاوەڕوانت دەکەین، لەسەر رێبازی تۆ بەردەوام دەبین ودوات دەکەوین..، ئیدی پاوڵ دەڵێت، ئەم چیرۆکە ( هەرگیز کۆتایی نایەت، هەرگیز واز ناهێنێت..هەرگیز خۆبەدەستەوەنادات، وازناهێنێت..) ...

گونتەر گراس وەك کۆرپەبوونێکی ریالستی نوێ

کاتێك باس لەگونتەر گراس دەکەین، باس لەسیستمێکی تەواوی ژیانی ئەڵمانی دەکەین کەنەوەی جەنگی دووەمی جیهانی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەم پیاوێکی ئێجگار سەیرە و بەردەوامیش ئەوەندەی جیاوازی و شەڕ بەرپادەکات، ئەوەندە گونجاو نییە لەگەڵ شانازییە کۆمەڵایەتی و ناسیونالییەکان. لەگەڵ ئەمیشدا رۆماننووسێکی وەك مارتین ڤالسەر کەنەوەی گونتەر گراسە ئەو هەموو وروژاندەش لەلایەن ئەویشەوە چاوەڕوانکراوە. بەگشتی ئەم دووانە دەمێك لەگەڵ ناسیونالەکان و دەمێك لەگەڵ حکومەت و دەمێك دەربارەی چیرۆکی جولەکەکان لەگەڵ رای گشتیدا دەکەونە کێشمەکێش. راستیتان دەوێت ئەم نوسەرانە زۆر خۆشەویسیت نین بەقەد ئەوەندەی بەمەجبوری داهێنانیانەوە لەلایەن بەشێکی زۆری بەنێو رۆشنبیر وسیاسەتبازانی ئەڵمان قووتدەچن.

گونتەر گراس لوت دەژەنێتە هەموو ئەو پرسیارانەی نەتەوە بێزاردەکەن، ئەم پیاوە پێش هەموو کەس زەنگ لێدەدات کاتێك ناسیونالی ئەڵمانی بەناڕاستەوخۆو پێواریەوە

دەیەوێت دزە بکاتەوە نێو کۆهۆشمەندی کۆمەڵایەتی. ئـەو دەزانێـت کەئـەم ناسـیونالزمە بنـەمای مێـژوویی خـۆی هەیـەو هەمیـشەش بـەدووی هـەموو سـەرکەوتن و بـۆ نەیەکـدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی خۆی دووبارە تەشکیلە بکاتەوە، گراس لەزۆر شتی ورد دەسڵمێتەوە کە زۆربەی رۆشنبیران وسیاسەتمەداران تەنانەت وەرزشکارانیش پـەی پێنابـەن، ئـەو زۆر زوو بۆنی مەترسیەکانی ناسیونالستی توندڕەوی ئەڵەمانی دەکات و بێڕەحمانـە رەخنـەی لێدەگرێت، ئەو نایەوێت نەتەوە لەڕێگەی بۆنەکانیـەوە بکەوێتـەوە نێـو چاڵە دێرینـەکانی ناسیونالـستیەك بـۆنی راسیـستی لێـدێت. دوونمونـەی بـچوك هەیـە لەمێـژووی تـازەی گونتەرگراسـدا، یەکـەمیان گوتارەکـەی بـوو لەکڵێـسای پـاوڵ لـەفرانکفۆرت کەڕسـتە بەناوبانگەکـەی (مـن شـەرم لەوڵاتەکـەی خـۆم دەکـەم کـە مامەڵـەو بازرگـانی بەمردنـەوە دەکـات و داواکـاری پەناهـەدەیی کوردەهـەڵاتووەکان رەتدەکاتـەوە)[٦]، ئـەم شـەرمکردنە لەنیـشتمان و حکومـەتێك دنیایـەك شـانازیی و سـەروەریی بـۆ خـۆی دەسـتەبەرکردووە رستەیەکی جەهەنەمی بوو رای گشتی ئـەڵمانی وروژانـد، هـەر لەهـەمان گوتاریـدا خـۆی و یەشارکەمال لەسێ خاڵدا گرێبەندی دەکات، یەکەمیان بەوەی چۆن یەشار کەمال کـوردەو بـەوە دەناڵێنێـت بـەزمانێکی دیکـە بنوسـێت و لـەنێو کلتـورێکی دیکـەی زمانەوانیـدا چیرۆکەکانی خۆی بگێڕێتەوە، ئاوەها ئەویش وەك لەدایکەوە پۆڵۆنیەکی (کاشـوبی) یـە و دەبێـت وەك یەشـار کـەمال چـیرۆك و ئارەزوومەنـدی خـۆی بـۆ نووسـین بـەیادەوەری زمانەوانی ئەڵەمانی بنوسێتەوە، لەدووەمیاندا ئەویش وەك یەشار کەمال خۆی لەوڵاتێکـدا دەبینێتەوە کە مومارەسەی کوشتنی بەکۆمەڵی نەتەوەو رەگەزو گروپـە ئیتنیـەکانی نێـو خـۆی کـردووە، سـێیەمیان ئەوەیـە وەك چـۆن یەشـار کـەمال دژی شـەڕی لـەناوبردنی حکومەتی تورکیە دژی کوردەکان و بۆ دیموکراسیەت خەباتـدەکات، ئاوەهـا ئـەویش دژی ئەو راسیستیە خەباتدەکات کە دژی تۆلەرانسو لێبوردنی پێکـەوەیی مرۆڤـە لەئـەڵمانیادا، ئیدی ئەم پیاوە چی ناکات...

دەربارەی ئەوەی کەلەم سـاڵانەی دوایـدا کۆمپانیاکـان بەئاسـانی هـەزارەها کرێکـاری خۆیان دەردەکرد و لەبەرامبەریشدا کرێکاران زۆر بەگرنگی پێنەدانەوە ئـەم دەرکردنـەیان قبوڵدەکردو هەوڵیان دەدا لەشوێنی دیکە کار بدۆزنەوە، گونتـەر گراس لەچـاوپێکەوتنێکدا

رەخنەی لەکارەکتەری چینی کرێکاری ئەڵمانی گرت و گووتی کرێکارانی سەدەی نۆزدە هوشیارانەتر لەکرێکاری ئێستا مامەڵەیان لەگەڵ ئەم جۆرە کێشانەدا کردووە.

تەنانەت بیرم دێت هاوینی پار (٢٠٠١) خۆی هەڵقورتاندە وەرزیشەوەو دەستی خستە سەر ئەو مۆتیڤە شاراوەیەی دژەی وەرزشەو پاڵپێوەنەری فوتبۆڵی تیپی بایەر میونشنی ئەلەمانیە لەیاریەکانیدا، ئەو رەخنەیەکی توندوتیژی لە(ئێفن بێرگ)ی کاپتنی بایەر میونشن گرت وگووتی ئەو هەموو شتێکە تەنها وەرزشەوان نەبێت، دیارە مەبەسەتی لەوە بوو کەبایەر میونشن لەهەستێکی ناوچەگەری (بایەرییەوە) سەرچاوەی هەڵگرتووە، بایەر وحکومەتەکەی بەناوبانگن بەکەللەڕەقی ناسیونالی و سڵەمینەوە لەبێگانە و حیزبی دەسەڵاتدار لەو ناوچەیەدا کەمیونشن پایتەختێتی و شارەکانی وەك نورنبێرگ وڤرتزبۆرگ و پاساو و ئاوگیۆرگ و چەندەها ناوچەی دیکەی خوارووی ئەڵمانیا دەگرێتەوە. گراس دەزانێت راسیستی ودژە لێبوردن وپێکەوە ژیان لەچ جومگەیەکی کۆمەڵدا سەرهەڵدەداو بەسەختی ئەو شانازی و هەستە ناوازەیە بریندار دەکات و زۆر زووش پێشینە مێژووییە رەشەکەیان بیردێنێتەوە.. نۆڤێلای پاشەکشێ کارکردنێکی دیکەیە لەنێو ئەو یادەوەریەی بەردەوامی دەدات بەشانازی وەهمەکانی، پێدەچێت گراس بیەوێت بڵێت کە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا جگە لەوەهمێك زیاتر هیچی دیکە نییە کەهەمان شتروکتوری راسیستی دژی ئەڵمان خۆشی لەکاردایەو ئەڵەمانی بەشی رۆژئاوا تاوەکو ئێستا بەچاوێکی نزم لەئەڵمانی رۆژهەڵات وشێوەژیانایان دەڕوانن، ئەم یەکگرتنەوەیە تەنها سیاسی و ناسیونالیە، دەنا لەخودی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا، لەکۆنەستدا ئەڵەمانیا دووبەشەو بەردەوام لەسەر ئەو بنچینەیە لەژێر ماسکە جۆراوجۆرەکاندا گوزارشت لەخۆی دەکات.

گونتەر گراس ئەو نوسەرەیە بەردەوام ریالستەو ئەکتیفە لەهەموو پرسیارەکانی کۆمەڵی خۆیدا، نموونەیەکە لەنەخوێندنەوە و بێئاگایماندا (بەتایبەت رۆماننوس و چیرۆکنووسەکان) لەم نوسەرە گەورەترین وانەی شەڕکردن و جوانی لەدەست دەدەین، ئەم پیاوە لەهەموو رۆمان و نووسینەکانیدا چەندە ریالستە ئەوەندەش خاوەن فانتازیا و یۆتۆبیای گێڕانەوەیە، فانتازیایەك لەتەکنیکێدا خۆی بەرجەستە کردووە کە زمان لەڕیالستیی رووداوەکانەوە راکێشی فانتازیاو کرانەوە دەکات، لەفانتازیاشەوە دەیهێنێتەوە بۆ نێو فۆرمی ریالستانەی گێڕانەوە، زمانێك کەسەکان، شوێنەکان،

خەونەکان بەزمانی ریالستی دادەڕێژێت، بەڵام خەیاڵ بۆ خوێنەر جێدێڵێت بۆئەوەی یۆتۆبیای خۆی، ماناکانی خۆی تێدا ئازادبکات، ئەوەی ئێمە لەم تەکنیکەوە فێری دەبین ئەو ریالستیە نوێیانەن توندو تیژەن زمان باڵا، پڕفانتازیایە لەسەر بنەمای واقعیەت خۆی گرێچن دەکات، مێژوو دەکات بەگۆڕەپانێك لەهەستکردن بەتاوان و شەرم و سەرکەوتن و تاکڕەوی و فەرامۆشی ئەو کەسانەی مرۆڤی سادەبوون و لەو پێچانەدا لەبیرکراون، ئەو هەمیشە لەنێو برینی زماندا راکشاوە وەك ئەوەی مێژوو خۆی گێڕانەوەیەکی زمانەوانی رۆمانخواز بێت وەك لەوەی وەهمێك لەوەهمەکانی شانازیە سیاسیەکان.

نۆڤێلای (پاشەکشێ) فێرمان دەکات دوور کەوینەوە لەڕستەی زیاد و نابەرجەستەیی فیگوری چیرۆك و رۆمانەکانمان، فێرمان دەکات لوتبژەنینە نێو هەموو جومگەیەك لەجومگەکانی مێژوو و کۆمەڵ و ئەوەندە حیزەڵانە بەنێوی رۆمانسیەتی پووچەوە خۆمان لەدنیاسیحرییە بێ یۆتۆبیاکان تەنهاو قوشمەڵە نەکەین کەوەك گوڵی نایلۆن جوانن بەڵام زیندوونین، ئەم تەکنیکە فێرمان دەکات کەباشترین فانتازیاو دنیای سیحری ئەو دنیایەیە لەڕیالستی فیگور و مێژوویانەوە سەرچاوە هەڵدەگرن، بەلێهاتووانەوە زمانێکی باڵای گێڕانەوەن بێئەوەی شیعریەتی خۆیان ونکەن، کەشیعر زەدەی مێژو و واقعە بەهەموو توندوتیژی وجوانییەوە.

سەرچاوەو پەراوێز:

[1] گونتەرگراس–پاشەکشێ–بڵاوکراوەکانی شتایدل –ل٢٢ بەزمانی ئەڵەمانی **Günter Grass. Im Krebsgang. Steidl Verlag- S 22**

[2] هەمان سەرچاوە لاپەڕە١٦. **Günter Grass. Im Krebsgang.Steidl Verlag**

[3] هەمان سەرچاوە ل ١٧٦ **Günter Grass. Im Krebsgang. Steidl Verlag.**

[4] نازییە نوێیەکان بەزۆری حەزدەکەن بەسەری کەچەڵ و قەمسەڵەی رەش و پۆستاڵەوە خۆیان نیشانی خەڵك بدەن.

[5] وشەی بابیلەم بەکارهێناوە لەبەرامبەر کورتکردنەوەی ناوی باوکە، کەلەشێوە قسەکردنی ئەڵەمانیدا ناوزەدێکی بچوکراوەی جوان نییە، وشەی Vater کراوە بە Vati ن لەکوردیشدا بابەم کردووە بەبابیلە. (ئیسماعیل)

٦ گوتاری گونتەر گراس بەبۆنەی بەخشینی خەڵاتی پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت ١٩٩٧ بەیەشارکەماڵ.

**سەرچاوە** : **ساتێك بۆ خۆتێهەڵقورتاندن** Zeit، sich einzumischen. Steidl Verlag. Göttingen 1998

**دیدارێکی ئەحلام مستەغانی**

محەممەد عەبدوڵڵا

**جیهانگیریی و بەجیهانیکردن**

ڕەفعەت مورادی

**کـــــەوێ**

کوردەوان محەممەد سەعید

**ئۆریانا فالاچی**

ڕەزا مەنوچەهری

**ئامردن..**

عەبدولکەریم شێخانی



# وەرگێڕان

# من بوونەوەرێکم لە مەرەکەب

## ئەحلام مستەغانمی:

و: محەمەد عەبدوڵڵا*



**- دەبێت خەڵاتێک بۆ خوێنەران دابێنم، لەزەمەنێکدا ژمارەی نووسەرانی لەخوێنەرانی زیاترن.**

**- بەسەعدی یوسف دەڵێم: (ئەوەی لەسەر برینی خەڵک دەژی، هەرگیز تێر ناخوات).**

**- ناوە گەورەو دوورو درێژەکان نیشانەی بچوکی خاوەنەکانیانە**

ئەحلام مستەغانمی (بوونەوەرێك لەمەرەکەب) چەند ساڵێك لەمەوبەر و لەپڕێکدا، ناوەندی رۆشنبیریی عەرەبی هەژاند، بەخۆی و رۆمانی (ذاکرة الجسد) کە بووە مایەی مشتومڕێکی توند لەو نێوەندەدا.

نەجیب مەحفوزی گەورە رۆماننووس لەوەسفێکیدا بۆ رۆمانەکە وتی: ئەو رۆمانە پێش مێژووی نووسینی خانمە نووسەرانی عەرەب کەوتووە.

ئەوەندەی نەخایەند تا لەچەند لایەکەوە بەوە تاوانبارکرا، کەگوایە ئەحلام مستەغانمی نووسەری راستەقینەی رۆمانەکە نییە، بەڵکو شاعیری ناسراوی عیراقی (سەعدی یوسف) ئەو رۆمانەی نووسیوە.

ئەحلام زۆر بەتوندی ئەمەی رەتکردەوەو جەختی لەسەرئەوە کرد کەسەعدی یوسف لەوکاتەدا خۆی بێدەنگکرد، تا سوود لەو پروپاگەندەیە وەربگرێت، بەمەش ویستی لەسەر برینی خەڵك بژی بۆیە هەرگیز تێر ناخوات.

دواتر مستەغانمی دوو رۆمانی دیکەی بڵاوکردەوە (فوضی الحواس، عابر سرير) بەمەش رۆمانە سێ بەشییەکەی تەواوکردو بەهەموو پێوەرەکان بوو بەئەستێرەیەکی درەوشاوە. ئەمە زۆر بەڕوونی لەپێشەنگای نێودەوڵەتیی کتێبدا دەرکەوت کە لەجەزائیر بەڕێوەچوو، نووسەر لەم پێشەنگایەدا جێی بایەخی زۆری جەماوەرو رەخنەگران بوو، هەر لەپێشەنگاکەدا ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵدا سازکرد:

## *ئایا تۆ دڵخۆشیت بەو ناوبانگەی بەدەستت هێناوە؟

—لەو بڕوایەدام نووسەر ناتوانێت بنووسێت و لەژێر رۆشنایی راگەیاندنیشدا بژی، ئەو نووسەرەی بەدوای ناوبانگدا دەگەڕێت، بەدوای زۆر بلێی و دەنگە دەنگەوەیە لەسەر حیسابی داهێنان.

هەموو ئەوەی نووسەر دەتوانێت بیڵێت، دەبێت لەناو کتێبدا بێت، نەك لەدەرەوەی، سەرکەوتنی من خوێنەرەکانم دروستیان کردووە، نەك رۆژنامەوانیی و رەخنەگران.

هەمەنگوای دەڵێت: (نووسەر ئەو کەسەیە خوێنەری هەیەو کتێبی نییە)، من تەنیا سێ کتێبم هەیە، خەڵکیش هەیە سی کتێبی هەیە، بۆیە دەبێت هەموو کاتەکانی خۆم بۆ خوێنەرەکانم تەرخانبکەم، دەکرێت داوای لێبووردن لەڕۆژنامەگەریی بکەم، بەڵام هەرگیز ناتوانم داوای لێبووردن لەخوێنەرەکانم بکەن، خوێنەرێکی نابینا هەبوو، من بەنموونەی خوێنەری چاکی دەزانم، بگرە ناوی دەنێم تێکۆشەری خوێندنەوە، ببینە پیاوێك بەنابینایی لەدایکبووەو لەژیانیدا پیتێکی نووسراوی نەدیوە، کەچی کتێب دەکڕێت، بەڵێ کتێبەکەی منی کڕی کە نرخی (٢٠) دۆلارە، لەکاتێکدا تەلەفونیشی نییە، ئەو دەڵێت: (کتێب لەپێش تەلەفونەوەیە)، کەواتە ئەو کەسە نابینایە بەدوای مەعرەفەدا دەگەڕێت و ئەدرەسیشی نییە، کارتەکەی خۆیشی دامێ تاناوی بنووسم، منیشی پێموت: (لەبەرخاتری ئەو خەڵاتێك بۆ خوێنەران دادەهێنم، لەزەمەنێکدا ژمارەی نووسەرانی لەخوێنەرانی زیاترن).



***ئەی خوێنەری عەرەبی ئێستا چۆن دەبینیت؟**

– هەندێك خوێنەر هەن موجامەلەت دەكەن و دێن ئیمزات وەردەگرن. ئەوانەی گرنگیپێدانیان بۆ هیچ شتێك نییە، بەڵام كەسە نابیناكە تەواو پێچەوانەی ئەوانە، چونكە كتێب یارمەتیدەریەتی بۆ خولقادنی جیهانێك لەناوەوەیدا، بۆیە دووبارەی دەكەمەوەو دەڵێم، بانووسەران لەخۆبایی نەبن، چونكە نووسەر نە بەوتەو نە بەبڕوانامەو تەنانەت نەبەژمارەی ئەو كتێبانەشە كە نووسیونی.

من ناڵێم دكتۆرەم، چونكە بڕوانامە نایسەلمێنێت كەمن داهێنەرم یان نووسەرم، ئەگەر گۆرانیبێژێك بەو ناوەوە نەبووایە، من دەمویست تەنیا (ئەحلام) بم و بەس، چونكە نووسەر تاگەورەتربێت ناوەكەی بچوكتر دەبێتەوە، وەكو نزار، پێویستی بەپێناسە نییە، بۆیە ناڵێین مامۆستا گەورە نزار قەببانی، بووەتە بلیمەتێكی ناسراو بەبێ نازناو، كاتێك دەڵێین نزار، ئیدی پێویست بەهیچ زیادەیەكی دیكە ناكات تابزانرێت مەبەستمان نزار قەببانییە، بۆیە ناوە گەورەو دوورودرێژەكان نیشانەی بچوكی خاوەنەكانیانە.

***لەكاتی پێشكەشكردنی سمینارەكەتدا لەهۆڵەكەدا زۆرترین خەڵك لەڕەوتە جیاوازەكان كۆبووبوونەوە، ئەمە چۆن راڤەدەكەیت؟**

– من ئاگاداری ئەوە نەبوون، بەڵام لەکاتی ئیمزاکردنم بۆ خەڵك هەستی پێدەکەم، جارێك لەلوبنان وارێککەوت (راهیبەیەك) هاتەلام و بەدوایدا محەجەبەیەك و لەهەمان هۆڵیشدا کچێکی نیمچەرووت هاتە لام، محەجەبەکەو کچەکەی دیکە وتیان کە گوزارشت لەوان دەکەم، ئەمەیە جوانیی، ئەگەر ئێمە لەکاتی نووسیندا بیر لەهەڵخەڵەتاندی خودی خوێنەر بکەینەوە، ئەوا سەرکەوتوو نابین، رەنگە ئەو خوێنەرە بەدەستبهێنین، بەڵام ژمارەیەکی زۆری خوێنەران لەدەست دەدەین، نهێنییەکەش لەوەدایە کەدەربارەی خودی بەشەریەت و هەستەکانت بنووسیت، بەبێ بیرکردنەوە لەچەشەکردنی خوێنەر، یان بیرکردنەوە لەچۆنییەتی سەرلێشواندنیان.ئەمەش نهێنی سەرکەوتنەکانمە.

***ئایا دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیە تووشی لەخۆباییبوون نەبوویت؟**

– نووسەر بەناوبانگ و داهێنانەکانی ناپێورێت، بەڵکو بەسادەو ساکارییەکەی، لەخۆباییبوون کۆتایی ئەفراندنە، من دەڵێم نووسەر دزەو بەدزینی ژیانی خەڵك و هەستەکانیان تاوانبارە، جاری وایە نووسەر دەڕوات و تۆماردەکات، بەڵام بەئەمانەتەوە، بۆئەوەی لەپرەنسیپەکانی نووسین دوورنەکەوێتەوە، دەکرێت سوود لەچیرۆکی خەڵکانی دیکەو تیرامانەکانیان وەرگریت، زۆرجار لەشۆفێری تەکسییەکەوە فێری زۆرشت دەبیت، من دزی لەخوێنەر دەکەم، بەڵام هەرگیز دزی لەنووسەر ناکەم.

***نووسینی رۆمانی (ذاکره الجسد) درایە پاڵ شاعیری عیراقی سەعدی یوسف، ئەم مەسەلەیەش زۆر بەفراوانی ئیستغلال کرا، چۆن ئەم مەسەلەیەت وەرگرت؟**

– ئەو پرۆپاگەندەیە تەنیا لەوتارێکدا نەنووسراو کۆتایی بەمەسەلەکە بێت. ئەگەر وابوایە مەسەلەکەم لەلا سووك دەبوو، بەڵام هەواڵەکە بۆ ئاژانسی هەواڵەکانی فەرەنسی گوێزرایەوە، کە داوایەکی یاساییم لەدژی تۆمارکرد، ئەوەی زۆر ئازاری دام پێکانەکە لەجەزائیرەوە هات، چونکە هەفتەنامەی (الخبر) هەواڵەکەی لەژێر ناونیشانی (سرقات ادبیة– دزییە ئەدەبییەکان)و لەلاپەڕەی یەکەمدا بڵاوکردەوە، ئایا دەکرێت ئەوەی بەروحی کارێکی بۆ بەرزڕاگرتنی وڵاتەکەی نووسیبێت، ببێتە دز؟ لەکاتێکدا دزی راستەقینە خەڵات دەکرێت و میدالیای دەدرێتێ و بۆ نوێنەرایەتی کردنی وڵاتەکەی دەنێردرێتە دەرەوە. هەرگیز ناچێتە عەقڵەوە کارێك بدزم وردەکارییەکانی لەمێشکمدا

نەخشابێت و پاکانەم بۆ بکات، ئەو کارە هیچ کەسێك ناتوانێت بینوسێت، هیچ نووسەرێك نە لەعیراق و نە لەفەلەستین ناتوانێت مێژووی ئەم جەستەیە تۆماربکات و یادەوەریی بۆ دروستبکات.

***ئەو کێشەیە چۆن ئیستغلال کرا؟ هەڵوێستی سەعدی یوسف چۆن دەبینیت؟**

– شەش مانگ بەرگی گۆڤارەکان لوشیاندەدام و کەس نەهات بەهانامەوە. سەعدی یوسف بەتەواوی ونبوو، تامانگونیوێك هەواڵەکەشی بەدرۆنەخستەوە، وایدەزانی سەرکەوتنێك و کۆشکێك بنیاتدەنێت، بەڵام کۆشکێك تەنیا لەخەیاڵی خۆیدا، چونکە ئەوەی لەسەر برینەکانی خەڵك بژی هەرگیز تێر ناخوات و ناتوانێت بگاتە قەناعەتپێکردنی بەرامبەرەکەی. لەبەرئەوەی قەڵەمەکە هی منە، لەوەش گرنتر یادەوەرییەکە یادەوەریی منە، سەعدی یوسف قسەی نەکردو بێدەنگ بوو تاسوود لەپڕوپاگەندەکە وەربگرێت، ئەگەرچی لەو کەسانەشە کە بەرگریم لێدەکردو دەموت: ناچمە ناو عیراقەوە چونکە سەعدی یوسف نەفیکراوە، من بێدەنگییەکەی ئازاری دام، سەبارەت بەویش بەدرێژایی تەمەنی ئازار بەدوایەوە دەبێت.

*** چۆن بەرگریت لەخۆت کرد؟**

– مەبەستت کتێبەکەمە، ناتوانین بەرگریی لەکتێب بکەین، کتێبەکان خۆیان بەرگریی لەخۆیان دەکەن، کتێبێك بۆچی باشە کورتەیەکی ڕۆح و فکرو تێڕامانەکانمان تێکردبێت و لەدوای هەڵایەکی بۆش بێین و بڵێین هی ئێمەیە، من تەنیا بەرگریم لەشەرەف نووسین کردووە، کاتێك نووسەرێك دەمرێت، کتێبەکانی هەڵدەستن بەئەرکی بەرگریی لێکردنی، لەم بارەیەشەوە وتومە:ئێمە کتێب دەنووسین بۆئەوەی بەرگریمان لێبکات، نەك بەرگریی لێبکەین، ئەگەر نەشیتوانی لەعنەتی لێبێت.

***دوای ئەو (فوضى الحواس) هات، وانییە؟**

– نەخێر، لەکاتی هەڵاکەدا (فوضى الحواس) نووسرابوو، لەوکاتەدا (عابر سرير) هات، بەڵام (فوضى الحواس)م بەئەندازەی خۆشەویستی کۆچکردو (بوضیاف) خۆشدەوێت، راستە لەم ڕۆمانەدا حیکایەتخوانەکە ژنەو هەڵگری برێکی زۆر خۆشەویستییە، بەڵام شێوازێکە بۆ گواستنەوەی مێژوو بۆ ناو لاپەڕە سپییەکان، تاپیتەکان نەکوژرێن و



راســتییەکان تــاڵان نــەکرێن، چــیرۆکی قۆناغێــك لەقۆناغــەکانی مێــژووی جــەزائیرم نووسیوەتەوە کە بەکوشتنی سەرۆك (بوضیاف) کۆتایی دێت. ڕۆمانەکەش بەرۆحی ئەو و رۆحی شەهید (سلەیمان عمیرات) پێشکەشکراوە.

## *دەڵێن (فوضى الحواس) لەئاستی (ذاكرە الجسد) دا نییە، رات چییە؟

– (ذاكرة الجسد) رۆمانی یەکەمەو ئـازاری یەکەمیشە، رەنگە خوێنـەران لـە (فوضـى الحواس)دا تاسەی ئەو گەرموگوڕییە بکەن کە لە(ذاكرة الجسد)دا هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەکارێکی جوانی دەزانم و بێگومانیشم بەرگرییم لێدەکات، هـەر هـیچ نەبێت لەبەرئەوەی بەشێکە لەڕۆمانە سێ بەشییەکە، لەمیانی مێژووی (٥٠) ساڵی مێژووی جەزائیر لەفەزایەکی کاغـەزدا کـە (١٠٠٠) لاپـەرە تێدەپـەڕێت، باوەڕناکـەم کـەس لـەکاتی خوێندنەوەی ئەو ساتانەی وەسفی کوشـتی (بوضـیاف) دەکـەم، بتوانێـت فرمێسکەکانی راگرێت، بەتاسەیەکی زۆرەوە هەوڵم داوە یادی ئەو پیاوە بگوێزمەوە دووتوێی لاپەڕەکانی رۆمانەکەم و جیهانی عـەرەبی، کـە نایناسـێت، مێـژوو رووداوەکـەی تۆمـارکردووە، بـەڵام ئێــستا کــەس بــۆ مێــژوو ناگەڕێتــەوە، بۆیــە رۆمــانێکی وەســفئامێز کەبــەردەوام دەخوێندرێتەوە، بچووکترین وردەکارییەکانی دەپارێزێت.

***هەندێک دەڵێن زۆر بەجوانیی قسەت لەسەر خۆشەویستی کردووە، هەندێکی دیکەش ئەو وەسفکردنە شیعرییانەی بەتەوزیفکردنی سێکس داناوە، ئەگەر بەڕاستی تەوزیفکردنە، چ مەبەستێک لەپشتیانەوەیە؟**

– من هەرگیز دەربارەی سێکس بەتێگەیشتنە باوەکەی نەمنوسیوە، دەق و نووسینە چاپکراوەکانیشم گەورەترین بەڵگەن بۆ ئەم قسەیە، ئەگەرچی سێکس بەشێکی ژیانی رۆژانەمانەو ناکرێت پشتگوێ بخرێت، بەڵام من لەسەر خۆشەویستم نووسیوە. نووسەر بەشێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ خودی بابەتی سێکسدا پێوانەدەکرێت. لەڕۆمانەکانی مندا خوێنەر دەگاتە کۆتایی و نازانێت چی لەنێوان پاڵەوان و خانمە پاڵەوانەکەدا روویداوە، من هەستەکان دەگوێزمەوە کە ئارەزووی لەدوای خۆیەوە بەجێهێشتووە. من نووسەری ئارەزووم، نەك چێژوەرگرتن، ئارەزوو شتێکەو چێژ شتێکی ترە، چێژیش بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەدەب دەکوژێت.

هەر لەم بارەیەشەوە کاتێك پێمدەڵێن رۆمانەکانم بۆیە دەفرۆشرێن، چونکە سێکس تەوزیفدەکەم، پێیاندەڵێم، بچن کاری خانمە رۆماننووسە لوبنانی و میسرییەکان بخوێننەوە، من دژ بەوەش نیم، بەڵام قەڵەمەکەم کۆپییەکە لەخۆم، قسەدەکات وەك چۆن پاڵەوانە پیاوەکانم قسەدەکەن، پیاوەکانی منیش بەو شێوەیەن، منیش (بوونەوەرێکم لەمەرەکەب) و بەخشینم تەنیا لەڕێگەی زمان و ئەدەبەوەیە بۆ پاکتاوکردنی زەوقەکان، ئیتر چۆن هەوڵ بۆ چێژ وەرگرتن دەدەم تابەرهەمەکانم بفرۆشرێن.

***کەواتە ئەحلام کار لەسەر دووانەی زمان و هەست دەکات؟**

– بەڵێ... هەر لەبەرئەوەشە وەرگێڕانی کارەکانم بۆ زمانەکانی دی کارێکی سەختە، چونکە من گێڕانەوەو شیعر تێکەڵدەکەم، ئەوەشە خوێنەرەکانم لەنووسینەکانمدا پێیانخۆشە، کاتێکیش دەربارەی ئەو زمانە عەرەبییەی پێی دەنووسم پرسیارم لێبکرێت، پێیان دەڵێم لەجەزائیر فێربووم و لەئێوەش زیاتر عەرەبی نازانم، چونکە کەدەنووسم هەڵەی زۆری زمانەوانی و رێنوسم هەیە، تەنانەت هەندێکجار پرسیاری چۆنییەتی نووسینی هەمزە (ء) دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا بەزمانێکی جوان دەنووسم، نەك لەبەرئەوەی من لەوان باشتری دەزانم، بەڵکو لەبەرئەوەی لەوان زیاتر زمانەکەم خۆشدەوێت. بڕوای تەواویشم هەیە کە ئەوانەی مردن، لەپێناوی ئەم زمانەدا بوو. بەڕای من نووسین بەعەرەبی جۆرێکە لەجیهاد، بۆیە ئەوەی دەیەوێت جیهاد بکات بابەعەرەبی

بنووسێت، نەك تەنها لەبەرئەوەی زمانی قورئانە، چونكە رۆژانە (٢٥) زمان لەجیهاندا دەفەوتێن (بەپێی راپۆرتێكی رەسمیی یونسكۆ). ببینە پاكتاوكردنی رەگەزی دژ بەزمان لەئارادایە، رۆژێك دادێت جگە لەزمانە گەورەكان هیچیتر نامێنێت و زمانی ئینگلیزیش دەبێتە شازادەی زمانەكان، چونكە زمانی زانست و تەكنۆلۆژیایە، لەبەرئەوە دەبێت بەرگریی لەزمانەكەمان بكەین، من تەنیا بەرگریی لەزمانی عەرەبی ناكەم، بەڵكو بەرگریی لە لەهجە جەزائیریەكەشم دەكەم لەناو عەرەبیدا. لەبەردەم جیهاندا وەك عەرەبێك دەوەستم و لەبەردەم عەرەبیشدا وەك جەزائیرییەك.

*** لەكۆتاییدا... نووسین بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

– نووسین تەسفیەی حساباتە، رۆمانە سێ بەشییەكەم بۆ تۆڵەسەندنەوەی باوكم نووسیوەو بەوەش ناوەستم، من لەكاتی رێزلێنانیشمدا هەست بەئازار دەكەم، وەك نووسەر رێزلێنان بەلامەوە گرنگییەكی نییە، لەوە گرنگتر لەلام هاولاتیبوونمە، وتەیەكی بەناوبانگ هەیە دەڵێت (لا كرامة لنبي في قومه– پەیامبەر لەناوگەلەكەیدا رێزی نییە) نامەوێت پەیامبەر بم بەقەد ئەوەی دەمەوێت هاولاتیی بم، دەمەوێت ژیانی هاوولاتییەكی بەخشندە بژیم نەك رێزلێنراو، كەس نییە لەرێی خوادا رێزت لێبنێت، رژێمێك نییە بێبەرامبەر رێزلێنانی بۆداهێنەران هەبێت، چونكە رژێمەكان حساباتی خۆیان هەیە، كە چویتە تەمەنەوە ئینجا رێزت لێدەنێن، لەبەرئەوەی پێویستیان بەروفاتی داهێنەرانە، وەك ئەوەی لەگەڵ (محمد الديب)و ئەوانی دیكەدا روویدا.

*دیداری: ئینشراح سەعدی

لەگۆڤاری (المثقف العربي) میسرییەوە ژمارەی (٤٠) ساڵی پێنجەم ٢٠٠٥.

# جیهانگیریی و بەجیهانیکردن

نووسینی: ئۆلریش بەك
و.لەفارسییەوە: ڕەفعەت مورادی

مەبەست لـەگڵۆبالیزم (جیهـانگیری) ئایـدیۆلۆژیی نیۆلیبرالیزمـە، واتـە ئایـدیۆلۆژیای باڵادەستبوونی بازاڕی جیهانیی یان بازاڕی ئازاد، ئـەم تیـۆرە وەك یاسـای بـەهۆکاربوونی ئـابووریی لەسیـستمی جیهانیـدا تەماشـادەکرێت بـەمجۆرە پرسـە چـەند ڕەهەنـدەکانی بـەجیهانیکردن دەبێتـە یـەك ڕەهەنـد واتـە ڕەهەنـدی ئـابووری، سـەرەڕای ئـەوەش ئـەم ئایدیۆلۆژیایـە بەشـێوەیەکی هێڵـی بـیری لێدەکرێـتەوە واتـە گەشەسـەندنی بـەردەوامی (وابەستەیی)و پاشکۆگەریی. (ئـۆلرێش) کۆمەڵناسـێکی ئەڵمانییـە کـە پێشوازییەکی زۆر لەتێڕوانییـــەکانی کـــراوە، ئـــۆلرێش تـــەوەری مۆدێرنیتـــەی دووەم یـــان کاردانـــەوەی مۆدرێرنیتـەی لەگـەڵ ئـانتونی کیـدنزو ئۆسـکار لـێش هێناوەتـە گـۆڕێ، ئـۆلرێش لـەڕیزی یەکەمی ئـەو کەسـانەیە کـە لەقەڵـەمڕەوی زمـانی ئەڵمانیاییـدا، تـەوەری بـەجیهانیکردنی بڵاوکردۆتەوەو کاریگەری کۆمەڵناسی چەمکی بەجیهانیکردنی لەنێو تیۆری کۆمەڵناسـی و تیۆری کۆمەڵایەتیی و سیاسیدا تاوتوێکردووەو توانیویەتی لەم بوارەدا دوو کتێب بەچـاپ بگەیـەنێت، بەرهەمـەکانی تـری بـریتین لـە: داهێنـانی (فـەرمانی سیاسـی، کۆمـەڵگای مەترسیدار، ئەوروپای کۆسمۆپۆلیت)

## ئەمریکای گڵۆباڵ و مۆدێرنە،

بەڕای من وتەکانی پییەر بۆردیۆ زۆر سەرنجڕاکێش بوون، بەتایبـەت ئـەو بەشـەی کـە پەیوەندی بەلایەنی (هێمایی، کەلتووری) سیاسـەت و سـتراتیژەوە بـوو. لـەنێو وتەکانیـدا باسـی وەك یـەکبوونی جیهـانگیری و ئیمپریـالیزم دەکـات، وەك ئـەوەی بڵێـی ئەمـە بەراوردێکی ڕوون و وبەڵگە نەخواز بێت، بەڵام من پێموانییە بتوانی ئـەم دوو چـەمکە بـەو ئاسانییە وەك یەك تەماشایان بکەیت.

پێمباشـە بەگێڕانەوەیـەك دەسـتپێبکەم، گێڕانەوەیـەك کـە دەکـرا لـەزاری هەنـدێك نووسەری نیولیبڕاڵەوە بوترایـە: بـورژوازی لـەڕێگای سـوود وەرگـرتن لـەبازاڕی جیهانیـدا (بازاڕی ئازاد) (بەرهەمهێنان و بـەکارهێنانی) وڵاتـانی جیهـانی کـرد بـەجیهانی خۆمـاڵی و بەپێچەوانەی داخ و حەسرەتی زۆری کۆنەپەرسـتان، پیشـەسازی وڵاتـانی لەچوارچێوەی میللی و نەتەوەییـدا هێنایـە دەرەوە، بـورژوازی پیشـەسازی کـۆن و لەنێوچووی وڵاتـانی دواکەوتووی وەلاناو لەباتی ئەوە، پیشەسازی نـوێ و مـۆدێرن کەگەشـەپێدانی بـۆ هـەموو شارستانییەکان پێویستە هێنایە ئاراوە، ئـەو پیشـەیە کـە چیدی مـادە خاوەکـەی تـەنیا لەنێو یەك وڵاتدا دەستناکەوێت، بەڵکو لەدوورترین شوێنی ئـەم جیهانـە دەسـتدەکەوێت و بەرهەمەکـەی لەهــەموو وڵاتـانی جیهانـدا بـەکاردەهێنرێت، ئـەم پیـشە نوێیـە لـەباتی دابینکردنی پێویستییەکانی پێشوو کـە لـەڕێگای مـاددەی خـاوی پیـشە خۆماڵییەکانـەوە دابین دەکرا، ئێستا بەسـەرهەڵدانی پێویـستییە هەنووکەییـەکان ناچـارە مـاددەی خـاو و بەرهــەمی وڵاتــانی دوورە دەســت دەســتەبەربکات، لەهەلومــەرجێکی ئــەوادا داخــۆ دوورخـستنەوەو پـشتبەستن بەبەرهــەمی خۆمـاڵیی جێگـای خـۆی داوەتـە پەیوەنـدیی هەمەلایەنــە لەگــەڵ وڵاتــانی جیهانــدا، ســەبارەت بــەبوارە رۆحــی و فیکرییــەکانیش لەهەلومەرجەکـە هاوشـێوەی بـوارە ماددییەکانـە، دەسـتکەوتە فیکرییـەکانی وڵاتـانی جۆراوجــۆر بووەتــە دەســتکەوتێکی هاوبــەش، لــەم دۆخــەدا پــشتبەستن بــەخۆو سنوورەدارکردنی وڵات و پێداگری لەسەر ئەدەب و کەلتووری نەتەوایەتی مەحاڵەو لـەباتی ئەوەدا ئەدەبیات و کەلتوورێکی جیهانی دێتەئاراوە.

مـن سـەرەتا، حەپەسـاو و سەرسـامم، بـەڵام خۆشـحاڵم لـەئاڵۆزبوونی وتوویـژ لەمـەڕ بەجیهانیبوون، ئەوشـتەی کـە لەڕاسـتیدا هەیـەو نییـەو بەپێچەوانەوە ئـەوەی کـە نییـەو لەئارادایــە، گێڕانــەوە بــەو جــۆرەی کــە زانایــان هەســتیان پێکــردووە لەمانیفێـستی نێولیبڕاڵەکانی (ساڵی ١٩٩٧) دانەبڕاوە، بەڵکو ئـەوە پەیوەسـتە بەمانیفێـستی کۆمـۆنیزم لەســاڵی ١٩٤٨دا، ســەرنجڕاکێش ئەوەیــە پەیوەندییــەکی نزیــك لــەنێوان ئایــدیۆلۆژیای نێولیبراڵ و ئایدیۆلۆژیای سەرەتایی مارکسیزمدا بەدیدەکرێت، بـەجۆرێك کـە ئێمـە ئـەمڕۆ بەئاشکرا لەهەندێك رووەوە ئامانجی یۆتۆپیاو ناسیۆنالیستی خۆمـان لـەبیرکردوە، ئێـستا بۆمان دەردەکەوێت کە بەپێچەوانەی بۆچـوونەکانمان دیـالۆگ پێـشینەی کـۆنتری هەیـەو

ئێمه بەلەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکانی ئەم دیالۆگە لەبەرامبەر ئەو بیرو باوەڕانەوە وەستاوین کە هێشتا بیرمان لێنەکردوونەتەوە.

بەڵام بێگومان دەبێت بیریان لێبکەینەوە، بەتایبەتی وەك پێش زەمینەیەك بۆ ئەم دیالۆگە، کێشەکە لەوەدایە کە هەندێك لەبنەما فکرییەکان چالاکنین، ئێمە چۆن دەتوانین لەچەقبەستنی نەریتی چەمکی سیاسەت کە لەگەڵ هێڵە دیاریکراوەکانی دەوڵەتی نەتەوەییدا پەیوەندیی هەیە خۆمان دەرباز بکەین و لەهەمانکاتدا چ ئالتەرناتیڤێکمان هەیە بۆ ئەم تێڕوانینە نەریتییە لەبواری سیاسەتدا.

من هەروەها لەزۆربوونی کەلتوورە سیاسییەکانی ئەورووپا حەپەساوم، لەهەرشوێنێکی فەرەنساو ئەڵمانیا کە ناوی بەجیهانیکردن دەبردرێت، خەڵکەکە وەك کەروێشکێکی ئیفلیجیان لێدێت، کە چاوەڕوانە مارێك (بازاڕی جیهانی) هەڵیلوشێت، لەبەریتانیا مەسەلەکە پێچەوانەیە، پاش (١٠) ساڵ وتوویژی چڕی زانستی و کۆمەڵایەتی لەمەڕ چەمکی بەجیهانیبوون، ئەم چەمکە شوێنی بیروباوەڕی سیاسی ئاشکراو پیرۆزی دۆزیوەتەوە، (گلۆبالیزم هاتووەتە ئاراوە) لەوێدا چیتر لەچەمکی بەجیهانیکردن ناترسین، بەپێچەوانەی فەرەنساو ئەڵمانیا کە بەجیهانیکردن، تیڕوانینی چەمکی داخراو و سنوور بۆ داڕێژراوی (نەتەوەیی– دەوڵەتی) رووبەڕووی مەترسی کردووەتەوە، لەبەرامبەردا بەریتانیای گەورە کە ئیمپراتیۆریەتی جیهان بوو، چەمکی بەجیهانیکردن یادگاری خۆشی ئەو سەردەمەیە، هەڵبەتە نەتەوەی هەناردە واتە ئەڵمانیاش دەمێکە کە بووەتە وڵاتێك کە تێیدا کەلتوورە جیهانییەکان بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە گوێچکەی گەروون کەڕ دەکەن، بەڵام ئەم راستییە لەژێر کاریگەری تێڕوانینی دەسەڵاتی نەتەوەیی لەسەریەك وەك خۆی مایەوە، بەجۆرێك کە تائەمڕۆ لەسەربنەمای هاوخوێنی و خزمایەتی خۆی پێناسەدەکات، کەچی لەڕەوتی بەجیهانیکردندا تەواوی ئەم پێوەرانە وەلا دەنرێن، دواجار سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە لەسەرووی تەواوی یاسا زۆرەملێیەکان بانگهێشتی بەجیهانیکردن دەکەن (واتە یەکە بازرگانی و سەرو نەتەوەییەکان) بەڵگەکانیان بەزۆری سادەو ناتەواون ئەوانە بوونەتە باجدەرێك لەئاستێکی بەرزدا، کەچی هیچ کەس تاوانباریان ناکات بەئەخلاقی دوو لایەنەی سەرمایەداری، بەڕای من سەرزەنشتکردنی سەرمایەداری کە ئیمکانیاتی پیشەیی بۆ وڵاتانی تر هەناردە دەکات

یان بەبێسوز لەبەرامبەر نیشتماندا کە لەئەڵمانیادا بەزۆری دەردەبرێت، ناشیرینە، ئەم سیاسەتە کە لەڕێگای پارانەوە گەشەی ئابووری بەبەردەوامی سفاریش دەکات، لەڕاستیدا جێگای گاڵتەپێکردنە، گرنگ ئەوەیە کە لەشوێنێکدا کە بەهیچ جۆرێك ناکرێت باس لەو چەمکە بکەیت، بەردەوام تەوەری بەجیهانیکردن لەگۆڕێدایە، ماوەیەکە کە بۆ مرۆڤی سەردەم و گیرودەی ترس و دڵەڕاوکێ ئەڵمانیا ئەوە شیدەکرێتەوە کە کۆماری فیدراڵی ئاڵمانیا لە وڵاتێکی خاوەن ئابووری گەشەسەندو و دەوڵەمەند بووەتە وڵاتێکی داڕماو هەژار کەچی بەپێچەوانەوە هەناردەو دەستکەوتەکانی بەرز دەبێتەوە، لەکاتێکدا تائێستاش هەناردەی پیشە جۆخێیەکان بۆ ئەو وڵاتانەی کە بازاڕێکی لەباریان هەیە بەرێژەیەکی ئاسایی لەئارادایە، واتە نزیکەی ١٠٪ی کۆی هەناردەی ئەو وڵاتە، هەرچەندە کە لەهەمانکاتدا بۆ جارێکی تر ئەگەری لیستی حەسابە دیاریکراوەکان لەڕێگای هاوردەوە دێتە ئاراوە. بۆیە لەهەموو شوێنێکدا بەجیهانیکردن لەگەڵ بەنێو نەتەوەییکردن بەهەڵە بەراورد دەکرێت، هەڵبەتە بەنێو نەتەوەییکردنی سەرەتا بەواتای ئەوەیە کە رەوتی ئاڵوگۆڕی کاڵاو شتومەك لەنێو ناوچە رێکچووەکانی جیهاندا سەرهەڵدەدات، کاتێك ئەم مەسەلەیە لەئەڵمانیادا خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ئەوکات بۆمان دەرکەوت کە هێشتا پتر لە ٧٠٪ بازرگانی بەنێو وڵاتانی پیشەیی رۆژئاواو تەنانەت زۆرترین بەشی ئەو بازرگانییە لەچوارچێوەی ئەوروپادا ئەنجامدەدرێت، بەم هۆیەوە دەبێت بەڕوونی چەمکی بەجیهانیکردن و بەنیو نەتەوەییکردنی لێکجیابکەینەوە. ئەگەر بەجیهانیبوونی ئابووری دیاردەیەکە، ئیتر ئەم هەموو دەنگوهەرایە بۆچییە. بۆ هاوپەیمانێتی گەورەی پیرۆتیکسیۆنیشتەکان وەك کاردانەوەیەك لانیکەم لەبەرامبەر بەجیهانیکردندا گومانی لێدەکرێت.

پیرۆتیکسیۆنیزمی رەشەکان (حزبە راستەکان) لەمەڕ کەمڕەنگبوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان و لەدەستچوونی واتای چەمکی نەتەوایەتی شین دەکەن، کەچی بەپێچەوانەوە بنەماشکێنی نیۆلیبراڵەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی درێژە پێدەدەن، لەلایەکی ترەوە پیرۆتیکیسیۆنیزیمی سەوزەکان (حزبە سەوزەکان) دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەرچاوەی ژینگەی سیاسەتێکی بەرەو رووخان و لەبەردەم مەترسیدا دەدۆزنەوە کە

لەستانداردی ژینگە لەبەرامبەر دەستدرێژیی بازاڕی جیهانیدا داکۆکی دەکات، بەشێوەیەك لەڕوانگەی ئەوانەوە ژینگە لەبەردەم مەترسیدا شیاوی پاراستنە.

پرۆتیکسیۆنیستە سوورەکان (حزبە چەپ و سۆشیال دیموکراتەکان) تا ئێستاش باس لەخەباتی چینایەتی دەکەن، بۆ ئەوان بەجیهانیکردن وشەیەکی ترە بۆ دەستەواژەی (حەقمان بەدەست بوو) چەشنی ئیسترون (ڕۆژی خەبات لەپێناوی ئاشتیدا) جۆرێك رابوونە بۆ ئەو هێزانە، کەواتە باسکردن لەمەسەلەی رەوابوونی یۆتۆپیا کوێرانەیە.

## گلۆبالیزم ئایدیۆلۆژیای نێولیبراڵەکان

ئەم باسە ئەوەندە ئاڵۆزە کە بۆ روونکردنەوەی واتا زۆرو زەبەندەکانی تەنیا بەجیاوازییەك لەنێوان جیهانگیری و بەجیهانیکردنی باسەکەم درێژە پێدەدەم، جیاوازی لەنێوان جیهانگیری لەلایەکەوەو بەجیهانیکردن و بەجیهانیبوون لەلایەکی ترەوە پاڵنەرێك بوو بۆئەوەی ئەم تەوەرە لەنێو تەوەرەکانی پەیوەست بەبەشی ئەنگلۆساکسۆندا بگونجێنم، مەبەست لەجیهانگیری، ئایدیۆلۆژیای نیولیبرالیزمە، واتە ئایدیۆلۆژیای باڵادەستبوونی بازاڕی جیهانیی، کە ئابووری لەسەرووی هەموو شتێکەوە دادەدنێت، بەم جۆرە چەند رەهەندی بوونی پرسی بەجیهانیکردن دەبێتە تاك رەهەند واتە رەهەندی ئابووری، سەرەڕای ئەوەش بەشێوە هێڵی ئاسۆیی بیری لێدەکرێتەوە کە بەواتای بەرزبوونەوەی بەردەوامی زەنجیرە پەیوەندییەکانە، کەچی تەواوی رەهەندەکانی تر لەوانە: بەجیهانیکردنی ئیکۆلۆژی و کەلتوورو سیاسەت تەنیا بەئەگەری باڵادەستبوونی بەجیهانیکردنی ئابووری باسیان لێوەدەکرێت.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەم جیهانگیرییە نەتەنیا هەڵەیە، بەڵکو نەیارەکانیشی لەدەوری خۆیدا کۆکردووەتەوە. لەم رووەوە جیهانگیری بەهەردوو شێوازی پۆزەتیف و نەگەتیف بوونی هەیەو بەهۆی ئەوەوە کە پشتئەستوورە بەباڵادەستبوونی بازاڕی جیهانییەوە، لەشێوەی جۆراوجۆری (پرۆتێکسیۆنیزم)دا خۆی دەرباز دەکات، تەنانەت جۆرێك لەجیهانیگریی گوماناوی (نایشی) کە لەناو چەپی رابردوودا زۆر باوە بەدیدەکرێت، ئەم جیهانگیرییە بەشك و گومانەوە تەماشای بەجیهانیکردن دەکات، دیاردەی بەجیهانیکردن لێرەدا بەواتای قسەی پڕوپووچ یان تەمومژاوی بوونەو پەیامی راستەقینەی تێدا نییە. ئەم شك و گومانە رادیکاڵانە لەبەرامبەر بەجیهانیکردندایە کە

دواجار گلۆبالیزم تێدەپەڕێنێت و حاشا لەبوونی دەکات، بەو هۆیەشەوە بەجیهانیکردن و جیهانیبوون، بوونی نامێنێت، بەڕای من مەترسی گلۆبالیزم لەوەدایە کە پتر لەڕادە لەتایبەتمەندیی ئابووری ئەم ڕەوتە بیربکەیتەوە ئەوکاتە خۆت لەتاکە ڕەهەندێك سنووردار دەکەیت و ئەم شێوە بیرکردنەوەیەش واتە بیرکردنەوە لەتاکڕەهەندی ئابووری، دەخاتە بەردەم پرسیار، ئەم لەکاتێکدایە کە تەواوی ڕەهەندەکانی تر لەوانە ڕەهەندی ئیکۆلۆژیك، سیاسی و کەلتووری کە بەشێکی هەرە گرنگی بەجیهانیکردنن، نەناسراو دەمێننەوە.

## جیهانیبوون و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگای جیهانی

پێمخۆشە جیهانیبوون و جیهانییەت لەدوای جیهانگیری دەربهێنم، مەبەست لەجیهانییەت ئەوەیە کە ئێمە دەمێکە لەکۆمەڵگەی جیهانیدا دەژین، بەو واتایە کە تێگەیشتن لەشوێنە داخراوەکان ببێتە گریمانێك، هیچ وڵات و هیچ گروپێك ناتوانێت دەرگا بەڕووی خۆیدا دابخات، ئەگەر وابێت ئەوا کەلتوورە جیاوازەکان بەرەو ڕووی یەکدەبنەوەو بنەما روون و سەلمێنراوەکان، تەنانەت کەلتووری ژیانی ڕۆژئاوا دەبێت سەرلەنوێ خۆیان پێناسە بکەن، بەجیهانیکردن پێچەوانەی ئەو ڕەوتەیە کە دەبێت جیاوازییەکانی بەشێوەی ئەزموونی لێکبدرێتەوە، واتە لەسەرەتایەکی دیاریکراو و بەلەبەرچاوگرتنی شوێنێکی دیارو بەسوود وەرگرتن لەپێوەرێکی دیاریکراو لەئاستی پەیوەندییە سەرو نەتەوەیی و کەلتوورییەکان، لەباس و لێکدانەوەکانی بواری ئەنگلۆساکسۆندا کە ١٠ تا ١٥ ساڵ لەپێش باسەکانی ئێمە لەئەڵمانیادایە، بەبەردەوامی وشەی دیالێکتیك لەم پەیوەندییەدا دەردەکەوێت، بەجیهانیکردن بۆ نموونە هیچ نەبەواتای گرنگیپێدانی لەڕادەبەدەرو نەبەواتای سڕینەوەی مەسەلە ناوچەیی و خۆجێییەکان نەهاتووە، بەڵکو بەواتای نوێکردنەوەی ئەو مەسەلانەیە.

پتر لەهەموو شتێك بەجیهانیکردن دەبێت لەشوێن و لەبیوگراف واتە لەوردەکارییەکاندا تاوتوێ بکرێت بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت کۆمەڵناسی سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە.

ئەوانەی لەبەرامبەر بەجیهانیکردندا گومانیان هەیە دەپرسن بەجیهانیکردن چ شتێکی نوێی تێدایە، هەر خۆشیان وەڵامدەدەنەوەو دەڵێن لەڕاستیدا شتێکی گرنگی تێدانییە ! ! ئەوان لەڕووی مێژوویی و ئەزموون و تیۆردا، لەهەڵەدان، شتی نوێ تەنیا لەژیانی ڕۆژانەو

لەبازرگانی بەردەوام و لەتۆڕە لێکئاڵۆسکاوەکانداو لەئاستی باڵای پەیوەندییەکانداو لەبەرچاوگرتنی ئەرکی دوو لایەنە لەسەر سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوایەتیدا وێناناکرێت. نویێ واتە بێشوێنبوونی مرۆڤ و کارو سەرمایە، ئێمە دەبێت سەرەتا لەوە تێبگەین کە نویێ، سەرهەڵدانی جیهانی ئیکولوژیك و ئاگابوون لەمەترسییەکان و دواجار مەیدانە پراکتیکییەکانە، نویێ، تێگەیشتنێکی سەرووی کەلتوورو سنوورە ناوچەییەکانە واتە کەلتوورو تێڕاوانینێکی تری ژیانە کە ناچارمان دەکات بەتێکەڵاو بوون و دیالیۆگکردن لەگەڵ بنەما کلتوورییەکانی خەڵکانی تر.

(نویێ) ڕەوتی کەلتووری پیشەسازیی جیهانییە، بەواتایەك تێڕوانینی سەرو نەتەوەیی ئەو کەلتوورە پیشەسازییەیە کە هۆرکهایرو ئادۆرنۆ باسی لێوەدەکەن، دواجار ئاستی چەقبەستنی ئابووری نوێیە، کە لەڕێگای ململانێی بازاڕی جیهانیی بێسنوور رادەگیردرێت، بەم پێیە مەبەست لەبەجیهانیکردن هێنانە ئارای دەوڵەتێکی جیهانیی و گشتگیر یان وردتر بڵێین کۆمەڵگای جیهانی بێدەوڵەت نییە، بەڵکو ئامانجی بەجیهانیکردن جۆرێك لەبۆرژوازی بێسنوورە لەجیهاندا کە لوژیکی جۆراوجۆری تایبەت بەخۆی هەیە لەهەموو ڕەهەندەکانی چەمکی بەجیهانیکردندا، کەوابوو ئایا ئەم ڤایرۆسە فیکرییەی گلۆبالیزم لەناوبەرین یان لەهەموو ڕووێکەوە ئامێزی بۆ بکەینەوە.

# ئۆریانا فالا چی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕەزا مەنوچەهری

**پێشینە:**

فالاچی بەدرێژایی چەندەها ساڵ کارکردن لەبواری پسپۆری خۆیدا زۆر خەڵاتی گرنگی پێبەخشراوە،وەك مەدالیای زێڕینی ناوەندی ڕۆشنبیری بەرلسکۆنی، مەدالیای (ئامبەرگنۆ درو) کە گرنگترین خەڵاتی شاری میلانەو خەڵاتی (ئـانی تیلـۆر)ی ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی کولتـوری ڕەشـۆکی نیویـۆرك‌و چـەند خـەڵاتی دیکـە. تەنانـەت جـارێکیش پێـشنیارکراوە بۆوەرگرتنی خەڵاتی نۆبـڵ. چاوپێکەوتنەکانی فالاچـی کـە لەگـەل سـەرکردە دیارەکـانی جیهانـدا سـازی کـردوون ناوبـانگێکی بـەربڵاوی بـۆ دروسـتکرد. فالاچـی لەگـەڵ ئـەم کەسایەتیانە دیداری سازکردووە، ئەندێرا گاندی، هێنـری کێـسێنجەر، موعەمـەر قـەزافی، یاسـر عـەرەفات، ڕەزاشـا، زولفـەقار عـەلی بوتـو، خومـەینی. لـەکاتی جـەنگی دووەمـی جیهانیدا وەك پارتیزانێك لەدژی فاشیزم جەنگاوە. ئێستا لەڕووی سیاسییەوە بەکەسـێك دەزانرێـت کـە دەسـتی لـەبیروبڕوا چـەپگریەکەی هـەڵگرتووە بەڕاسـتڕەو دەژمێردرێـت. لـەڕووی ئاینییـەوە وەك بێبـاوەڕێکی مەسـیحی سـەیر دەکرێـت، چـونکەوەك دەگـوترێـت باوەڕی بەخوداوەند نییە، بەڵام هەندێکجار حەزێکی بۆ مەسیحییەت دەربڕیوە. بۆ نمونـە لەئەگۆسـتی(٢٠٠٥)دا چـووە بـۆ دیـداری پاپـا (بەنیـدیکت). ئۆریانـا فالاچـی لـە(٢٠٠٢)دا کتێبێکـی بەناونیـشانی(تـوڕەیی‌و خۆپەرسـتی) بڵاوکـردەوەو لەلایـەن دژبەرانییـەوە بـەکتێبێکی دژە ئیـسلامی لێکدرایـەوە، چـونکە پـاش ڕووداوەکـەی(١١)ی سـیپتەمبەر نوسراوە. گەرچی ئەم کتێبە چەندەها کێشەی بۆ ئۆریانا دروستکرد، بەڵام نەیتوانی پێش بەوەبگرێت کەنەبێتە پڕفرۆشـترین کتێبـی سـاڵی(٢٠٠٢) لـەئیتالیادا. پـاش بڵاوبوونـەوەی کتێبەکـە پۆلیـسی ئـەمریکا چـەند کەسـێکی بـۆ پاراسـتنی ژیـانی ئۆریانـا فالاچـی دەستنیشانکرد. فالاچی لەو کتێبەیدا ئیـسلامی شـوبهاندۆتە کوێـستانێك کـە(١٤٠٠) سـاڵە لەشـوێنی خـۆی نـەجوڵاوەو پـڕە لەئەشـکەوتی تـاریکی ناکۆتـاداو دەرگایـەکی بـەرەو

پێشکەوتنەکانی شارستانیەتی نوێ نەکردۆتەوە. ئایینێکە بەئەنقەست دژایەتی ئازادیی و دیموکراسی دەکات و هەرگیز بیر لەپێشکەوتن ناکاتەوە. هەمیشە کەسانێك بەناوی (پێشەنگی ئایینیەوە) یان سەرکردایەتی ئیسلامەوە دژایەتی لەگەڵ دەرکەوت و دیاردەکانی شارستانیەتدا دەکەن. بەکورتی هیچ گۆڕانێکی لەخۆیدا دروست نەکردووە، یان هیچی لێ نەگۆڕاوە. رقبوون لەخۆرئاوا میناکی بلێسەی ئاگرێکە کەوەك با بەناو ئیسلامییەکاندا بلاودەبێتەوە.

ئەو رقلێبوونە وەك ڤایرۆسێکە کە لەیەکەوە بۆ دوو لەدووەوە بۆ چوار بۆ شانزە زیاد دەکات. پاش بلاوبوونەوەی ئەو کتێبە موسوڵمانانی فەرەنساو ئیتالیا هەڕەشەی کوشتنیان لێکردووە. لەوەڵامی هەڕەشەکاندا ئۆریانا وتی: من لەتەمەنی نۆساڵیمەوە ململانێ لەگەڵ مەرگدا دەکەم. لەڤێتنام، لوبنان، مەکسیك و بۆلیڤیاو زۆر شوێنی دی رووبەڕووی مەرگ یان کوشتن بوومەتەوەو لەهەڕەشەو گوڕەشەکان نەترساوم، بەڵام لە١٩٩٢ پاش ئەو نەشتەرگەرییەی کە بۆ چاکبوونەوە لەشێرپەنجەی مەمك ئەنجاممدا هەموو رۆژێك مەرگ بەچاوی خۆم دەبینم.

ئۆریانا فالاچی لەمانگی سێپتەمبەری (٢٠٠٦)و لەتەمەنی (٧٦) ساڵیدا بەهۆی توشبوون بەشێرپەنجەوە لەنەخۆشخانەیەکی فلۆرانسی ئیتالیادا ماڵئاوایی لەژیان کرد.

### *ژیاننامە و بیروڕاکانی

ئۆریانا فالاچی لەسەردەمی دەسەڵاتی مۆسۆلۆنیو لەمانگی ژوئەنی(١٩٣٠) دا لەشاری فلۆرانسی ئیتالیادا چاوی بەژیان هەڵهێناوە. کاتێك ئۆریانا تەمەنی نۆ ساڵان بوو جەنگی دووەمی جیهانی دەستیپێکرد، چونکە باوکی فالاچی رقی لەمۆسۆلۆنی بوو، چوونە ریزی بزوتنەوەی بەرگری ژێرزەمینییەوە. ئەگەرچی ئۆریانا لەدوایدا نوسیبووی هەر دوو لایەنی جەنگ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەل یەکدیدا نەبووە، بەڵام یارمەتی باوکیداوە، تاکو تەواو بوونی جەنگو لەم ماوەیەدا زۆر شتی ترسناکی ئەزمون کردوەو تێپەڕاندوە. هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی بیست ساڵی کە دەستیکرد بەنوسین لەرۆژنامەکاندا، هەروەك خۆی دەڵێت: هێزو توانای وشەکانی دۆزییەوە. بەهۆی توانای دەربڕین لەئاستێکی بەرزدا، تێگەیشتنی تایبەتی لەسیاسەت و ئازادیی و نەترسییە شازەکەی خێرا لەنوسینی گۆشەیەکی بچوك لەرۆژنامەیەکی لۆکاڵدا بوو بەرۆژنامەنوسێکی نێودەڵەتیو بۆ زۆربەی

رۆژنامە گرنگەکانی ئەوروپا بابەتی دەنوسی. لەسەردەمی ئەوداو بەتایبەت لەدەیەی شەشەمی زایینیدا، هەر شوێنێك ببوایە بەناوەندی هەواڵو گرنگی بۆ میدیاکان ، یان ببوایەتە مەیدانێك بۆ جەنگی دەسەڵات لەنێوان ملهوڕەکاندا ئەوە راستەوخۆ بەپەیوەستی دەزانی بەکارەکەی خۆیەوەو خۆی تێدەخزاند. لەدەیەی شەشەمی سەدەی بیستەمدا ئۆریانا بۆ ماوەی ساڵێك لەڤێتنامو مەکسیك ژیاوەو لەم ماوەیەدا کتێبێکی نووسی بەناونیشانی(ژیانو ئیدی هیچ). ئەو کتێبە تێڕوانینێکی وشیارانەیە بۆ ناو سەنگەرەکانی جەنگ، روانینێکی وردە بۆ دیوی ناوەوەی کۆمەڵگایەك کە ئاگرو باروتو جەنگ چۆن مرۆڤەکان دەکات بەپارچەیەك گۆشتی ئەنجن ئەنجن کراو و جەستەیەکی خوێن لێچۆڕاو و شین هەڵگەڕاوو هیچ بۆنێکی ژیان لەپاش خۆی بەجێناهێڵێت. فالاچی ئەو کتێبەی بۆ وەڵامی خوشکە بچوکەکەی نوسیوە کە لێی دەپرسێت ژیان مانای چییە؟ شێوازی نوسینی ئەو کتێبە لەشێوازە ناوازەکانی فالاچیەو لەهەندێك شوێندا زۆر بەتوڕەییەوە نوسیویەتی، لەهەندێك شوێندا زۆر گەشبینانەیەو لەهەندێك جێگای تردا زۆر رەشبینانە باسی ژیانی کردووە. کتێبی ژیانو ئیدی هیچ، زۆر خەڵاتی جۆراوجۆری پێبەخشراوە. کتێبێکی دیکەی گرنگی فالاچی کتێبی(دیدارە لەگەڵ مێژوو)و لە(١٩٧٤) دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو کتێبە بریتییە لەکۆمەڵێك دیدار کە لەگەڵ کەسایەتییە سیاسیەکاندا ئەنجامدراوە. هەمەڕەنگ بوونی چاوپێکەوتنەکان، شێوازو ئازایەتیو چاوکراوە بوونی فالاچی لەچاوپێکەتنەکاندا ناوبانگێکی تایبەتو شازی بۆ دروستکرد.

ئۆریانا لەو ساڵانەدا ژیانی هاوسەری لەگەڵ شۆڕشگێڕێکی یونانی بەناوی(ئەلەکساندەر پاناگۆلیس) بەسەر برد. پاش ئەوەی لە١٩٧٦ دا پاناگۆلیس کوژرا، کتێبێکی دەربارەی پاناگۆلیس بەناو نیشانی (پیاوێك) نوسی. کتێبێکی دیکەی ناوی "پنە لوپە بۆ جەنگ دەڕوات" ەو کتێبێکی تری ناوی "نامەیەك بۆ ئەو منداڵەی کە هەرگیز لەدایك نەبوو" ئەم کتێبە هاوارو توڕەبوونێکە بەرامبەر ئەو رووداوانەی کە رووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە، لەهەمانکاتدا باس لەعەشقی بەدایك بوون لەناو ژناندا دەکات. ئەو کتێبە لەیەکەم دێڕەوە تاکو دوایین دێڕ لێوانلێوە لەم حاڵەتانەدا: خۆشی، ترس، بەزەی، بێئومێدبوون، توڕەیی، ئومێد، خەمۆکیو پەشۆکان. بەڵام پێدەچێت باسی سەرەکی کتێبەکە دەربارەی لەباربردنی منداڵ بێت، هەروەها پێدەچێت بەشێوەیەکی

هەڕەمەکی پاساوی بۆ تێکڕای بۆچوونەکانی لەسەر ژن هێنابێتەوەو بەئاسانی کاریگەری لەسەر خوێنەر دادەنێت. کتێبێکی دیکەی ئۆریانا ناوی (ئەگەر هەتاو بمرێت)ە. ئەگەر هەتاو بمرێت دەربارەی بینینەکانی خودی ئۆریانایە لەئەمریکاو لەمانیاکی دیکەدا غەمنامەیەکە دەربارەی لەدەستچوونی باشییەکان‌و پرسیار لەمنی خوێنەر دەکات ئەگەر هەموو باشیەکان لەناو بچن چ رووددەدات. ئەم کتێبە زۆرتر لەرۆمان دەچێت. هیواخوازە ئەو رووداوانە بەتەنها جیهانی خەون بن. ئەو کتێبە لە١٩٩١ دا بڵاوبۆتەوە چیرۆکی ناو کتێبەکە لەبەیروتدا روودەدات‌و لەڕاستیدا لەسەر جەنگە نێوخۆییەکانی لوبنانەو تەنانەت گۆشەنیگایەکی دەربارەی جەنگی کەنداو تێدایە.

پاش ئەوە بڕیاریدا کە ئیدی کتێب نەنوسێت‌و تەمەنێك لەئاسودەیی‌و ئارامی بەسەر ببات. کاتێك کەزانی شێرپەنجەیەکی قورسی توش بووە، دیسانەوە پێداگری لەسەر بڕیارەکەی خۆی کردەوە. ئۆریانا بەهۆی روانگە تایبەتەکانییەوە کە نەبڕوای بەخوا بوو ونەبڕوایشی بەخوڵقاندنی جیهان بوو لەسەر بنەمای رێکەوت، لەهەمان کاتدا هیچ یەك لەتیۆرییە عیلمانییەکانی قبوڵ نەبوو و بڕوایەکی ئەوتۆیشی بەزانیارانی دژە دین نەبوو، ژیانێکی گۆشەگیرانەی لەئەپەرتمانەکەی خۆی لەنیۆیۆرك یان ڤیلاکەی لەتۆسکانی ئیتالیادا بەسەر دەبرد. پاش رووداوەکەی(١١) سیپتەمبەر ئیدی ئۆریانا نەیتوانی لەوە زۆرتر درێژە بەبێدەنگبوونەکەی بدات. لەئۆکتۆبەری(٢٠٠٢) کتێبێکی بەناونیشانی "تووڕەیی‌و خۆپەرستی" بڵاوکردەوە، گەرچی بەقەڵەمێکی جوان‌و سەرنجڕاکێش نوسراوە، بەڵام بەدوورە لەهەر چەشنە لۆژیکێکی گێڕانەوە. لەو کتێبەدا بەشێوەیەکی ریشەیی هێرشدەکاتە سەر ئیسلام‌و خوازیاری لەناوچوونی هەموو ئەو شتانەیە کە بەناوی ئیسلامەوە پێشکەش دەکرێن. بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە هێوری‌و ئارامی ژیانی (میس) ئۆریانا فالاچی لەتەمەنی(٧٢) ساڵیدا تێکداو ناچاربوو لەژێر چاودێری پۆلیسدا درێژە بەژیانی بدات.

ئەم کورتە چیرۆکە لەکتێبی"نامەیەك بۆ ئەو منداڵەی کە هەرگیز لەدایك نەبوو" هەڵمانبژاردووە کە بەجوانی روانگەکانی لەسەر کۆمەڵگا نیشاندەدات. رۆژگارێك بوو کچێکی بچکۆلانە عاشقی درەختێکی مەنگۆلیا ببوو. درەختەکە لەناوەڕاستی باخچەیەکدا بوو. کچەکە هەمیشە لەبەرزیەوە، واتە لەپەنجەرەی ماڵەکەیانەوە سەیری درەختەکەی

دەکرد.درەختە مەنگۆلیاکە زۆر گەورە بوو لقوپۆکانیشی زۆرو گەورە بوون. گوڵەکانی وەك دەسرۆکەیەکی راخراوی سپی بوونو زۆر لەوە بەرزتر بوون کەدەستی مرۆڤیان پێبگات. کچەکە هەمیشە ئەو پرسیارەی لەخۆی دەکرد بۆ کەس ئەو گوڵانەی لێناکاتەوەو ئەوەندە بەدرەختەکەوە دەمێننەوە، سیس دەبنو پاشان هەڵدەوەرێن. لەپاڵ درەختەکەدا تەنافێکی جل هەڵخستنی لێبوو و هەموو رۆژێك ژنێکی لاو دەهاتو جلەکانی سەر تەنافەکەی کۆدەکردەوەو جلی تازەتری لەسەر تەنافەکەی هەڵدەخست، بەڵام رۆژێکیان لەباتی ئەوەی جلی سەر تەنافەکە کۆبکاتەوە راوەستابوو واقی لەگوڵەکان وڕ ببوو،وەك بڵێت بەنیازبوو یەکێك لەگوڵەکان بۆ خۆی لێبکاتەوە. لەو کاتەدا پیاوێك کە بزەیەکی بێمانای لەسەر لێو بوو لەدوورەوە هاتو لەپاڵ ژنەکەدا راوەستاو پاشان یەکتریان ماچکردو لەسەر زەوی پاڵکەوتنو پاش هەندێك جوڵانەوەو خۆتلانەوە ئارامبوونەوە. کچەکە سەری سوڕمابوو، چما لەباتی ئەوەی گوڵێکی مانگۆلیا لێبکەنەوە راکشاون. پاش ماوەیەکی کورت پیاوێکی دی کە زۆر تووڕە دیاربوو پەیدابوو. سەرەتا پیاوە تووڕەکە بەپەلە بەرەو پیاوەکە رۆیشت، بەڵام خێرا گەڕایەوەو بەدوای ژنەکەدا رایکرد. ژنەکەی بەرزکردەوە توند کێشای بەدرەختەکەدا. ئەو لقە درەختەی کە ژنەکەی پیاکێشرا شکاو ژنەکە بەتوندی بەر بووەوە لەکاتێکدا کە گوڵێکی مەنگۆلیای بەدەستەوە بوو پان ببووەوە بەسەر زەویەکەدا. کچەکە هاواری کردو دایکی هاتو گوتی: ئەو ژنە مردووەو پەنجەرەکەی پێوەدا. پاش ئەو رووداوە کچەکە ئەو بڕوایەی بۆ دروست بوو کە دەبێت بۆ لێکردنەوەی هەر گوڵێك ژنێك بمرێت. ئەو کچە من بووم.

ریزبەندی کتێبەکانی

* ژیان، جەنگو ئیدی هیچ.
* نامەیەك بۆ ئەو منداڵەی کە هەرگیز لەدایك نەبووە.
* پیاوێك.

* ئەگەر هەتاو بمرێت.

* توڕەیی و خۆپەرستی.

* سێکسی بێسود: گەشتێك بەناو ژناندا.

* حەوت تاوانی هۆلیڤود.

سەرچاوەکان:

فارسی.BBC

پەندار دۆت نێت.

رۆژنامەی هەموەتەن سەلام.

رادیۆ زەمانە.

هەمشەهری ئۆن لاین.

سایت:ویکی پیدیا.

وەرگێڕانی بۆ کوردی: رەزا مەنوچەهری

٢٠٠٦/١١/٢٩

**چیرۆک**

# کـــــەوێ

نووسینی: جەعفەری بەدەلی

و: کوردەوان محەمەد سەعید

دەمـەو ئێـوارە پەیـدا دەبـێ، لـەراڕەوی قوتابخانەکـەدا کوتـوپڕ لەبەردەممدا قـوت دەبێتــەوە، منــیش ســەرم ســوڕ دەمــێنێو ســەیری دەکــەم، باریکەیــەکی کورتــەبالآی تاوبردەڵەیە.

دەموچاوێکی تێکچرژاوو دوو لێوی قەتماغەبەستوو و دوو چـاوی زیتەڵـەی هەیـە. پـێم دەڵێ:

–سلاو جەنابی مودیر.

لــەئامێزم دەگــرێ. منــیش دەحەپەســێم. پاشــان دەســتەکانی تێکــدەئاڵێنێت و بەکرووزەکرووز پێم دەڵێت:

–جەنابی مودیر حەبی ئازارت پێیە؟

–حەبی ئازارت بۆ چییە؟

–پشتم زۆر دێشێ، جەنابی مودیر.

–نا، ئێستا پێم نییە، بەلآم کە چووم بۆ شار بۆت دێنم،

–تا ئەوکاتە بەکەڵکی چی دێ، من ئێستا هێندە پشتم دێشێ، وا دەپسێم.

ماوەیەك کزو بێدەنگ تەماشام دەکات، دوو چاوی گەش و میهرەبانی پێوەیە.

–پارەت پێ نییە، جەنابی مودیر؟

–پارەت بۆ چییە؟

–دەچم جگەرە دەکڕم.

کە دەمبینێ من بێدەنگم، دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە.

–یارمەتی هەیە جەنابی مودیر؟

–فەرموو.

پێڵاوەکانی دادەنێ و دەچێ لەقوژبنێکدا دادەنیشێ. بەدەنگێکی نزم دەڵێ:

—دەزانی جـەنابی مـودیر.. دێو دێ دەگـەڕێم، سـواڵ دەکـەم. ئـەوی ئینـسانی چـاك بمداتێ وەری دەگرم، ڕۆن، چا، جلەکۆنوپارە، پاشان هەمووی دەبەمەوە مـاڵی براکـەم. بەڵام ئەو هیچم ناداتێ. ئەوی لەسواڵێ پەیدای دەکەم بۆ خۆی دەیخواتو منیش بەسـەگ نازانێ. ئەوجا کەوابوو منیش سەبرێکی بڕێك پارە هەڵدەگرم، دەچم دیدەم بەجگـەرە. چ بکەم دەستم کورتە.

بڕێك بێدەنگ دەبێو پاشان دەڵێ:

—جەنابی مودیر، هەم سەروماڵم تێدا چوو، هەم ئابڕووشم.

بەجلەکانم هەڵدەڕوانێ کە بەدیوارەکەمدا کردوون.

—کراسێك نادەی بەمن، جەنابی مودیر؟

—بۆ ناتدەمێ؟ دوایی وەرەوە دەتدەمێ.

—هێندەش بۆی دامەچۆ، جەنابی مودیر.

نەوایەکی خۆش لەدەنگیدایە، من بێدەنگ دەبم.

—من برسیمە. هیچی خواردنی لێیە؟

دوو هێلکـان دەکـوڵێنمو سـفرەکەی لـەپێش رادەخـەم. کـەمخۆرە، دوو سـێ پـارو دەخـواتو دەسـت دەکێـشێتەوە. کترییەکـە لەسـەر عەلادینەکـە دادەگـرمو چـاکە دەم دەکەم. دەست دەداتە کترییەکەو چا بـۆ خـۆی تێدەکا. چـاخۆرە نەگاڵتـە. خێـرا خێـرا پیاڵەکە ماچ دەکاتو دەڵێ:

—ئەمە پیاڵەی جەنابی مودیرە.

کوتوپڕ ڕەنگی دەپەڕێو لێوەلەرزەی پێدەکەوێت.

—هەم ماڵم لەدەست دا، هەم ئابڕووشم جەنابی مودیر.

دەمو چاوی ئـارەقی دەرداوە. کـە دەزانـێ مـن بێدەنگ سـەیری دەکـەم، پیاڵەچـاکە بەدەستیەوە دەلەرزێ. سەر دادەخاتو لێوە قڵیشاوەکانی لێك هەڵدەپچڕێ:

—لەگەڵ براکەمدا دانومان ناکوڵێ. گوڵاڵەی خوشکیشم لێم بەقینـدا چووەو لێناگـەڕێ لەدێی خۆمان سـواڵ بکـەم. براکەشـم هەمیـشە لـێم دەدات و دەڵـێ: نەنگـە، لێـرە سـواڵ مەکە. دەڵێ بەم کارە ئابڕوومان دەبەیت. بەڵام من بەقسەی ئەوان ناکەم.

دەستێك بەدەموچاوە چرچەلۆكەكەیدا دێنیٚو بەردەوام دەبێت.

—براكەم زۆر ئازارم دەدات. پێم دەڵیٚ،ماڵەكەی من كاروانسەرا نییە، هەر تاوناتاویٚ خۆی تێداویێ. كە لێشی دەپرسم، ئەدی من چ بكەم؟ دەڵیٚ، برۆ بمرە.

هەناسەیەكی قووڵ هەڵدەكێشیٚ.

—ماڵوێران بووم جەنابی مودیر. هەندێكجار دڵم دەگیریٚ و دنیام لەپێش چاوان تاریك دەبیٚ.

هێندە پەشێوە، قسەی بەجوانی بۆ ناكریٚ.

—منداڵانی دیٚ زۆرم ئازار دەدەن. پێم دەڵێن نایبە شێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دڵم لەمنداڵان ناڕەنجیٚ، من منداڵانم خۆش دەویٚو بەزەییم پێیاندا دێتەوە. بەڵام برینی ناتۆرەی گەورەكان بەئازارە.

فرمێسك لەچاوانیدا شەپۆل دەدەن. بەپشتە دەستە وشكو زبرەكانی چاوەكانی دەسڕێتەوە.

—كەس گویٚ لەقسەی من ناگریٚ، كەس بەمرۆم دانانیٚ.

ئەوجا هەڵدەستیٚ و دەڵێت:

—بمبەخشە جەنابی مودیر، سەرم ئێشاندی.

—بۆ كویٚ؟ هێشتا زووە.

بە ئارامی سەیرم دەكاو بێدەنگ دەچێتە دەرەوە. منیش مات و سەرسام لەجێی خۆم دادەنیشم.

******

قەدیر بەشوێنمدا هاتووەو دەڵیٚ، نایب زۆر نەخۆشەو منیش یەكسەر دەچم بۆ ماڵی ئەوان. دەرگا تەختەكەی ماڵیان لەسەر پشتە. قەدیر خۆی لەژووریٚ داویٚ، پاش كەمێك دێتە دەرەوە.

—فەرموو جەنابی مودیر، وەرە ژوورەوە.

ماڵێكی پەڕپووتو پەرشو بڵاو، بڕێكیش تاریكە. هەر لەیەكەم دیتنەوە، خەمبارو كشو مات دێتە بەر چاو.

نایب، کزو داماو، بەزەردەخەنەیەك پێشوازی کردم. سەرو چاوی ستەمدیدەی هێندە پێم ئاشنایە، دەڵێی دەموچاوی دۆستێکی لەمێژینەیە.

نایب نەخۆشە، بەتەنیشت کورسییەکەوە درێژ بووەو بەئازاراوە دەتلێتەوە. چاوە رەشو بەقووڵدا چووەکانی تێبڕیوم. برێك پشتی راست دەکاتەوەو رووم تێدەکاتو دەڵێ:

—چۆن بوو منت وەبیر هاتەوە، جەنابی مودیر؟

ماڵەکە تابلێی شپرێو بوو. گوڵاڵە لەدەنگی را خەمبار دیار بوو گوتی:

—لە دوێشەوێوە تا دێ خەرا تر دەبێ.

گوڵاڵە، یەکی بەلە باریکەی بێ ڕەنگ و ڕووە. کراسێکی لەبەردایە چ ڕەنگی پێوە نەماوەو لەچکێکی شینی بەسەردا داوە. من لەتەنیشت نایبەوە دادەنیشمو نایب هەروا چاوی تێبڕیوم. چاوەکانی ئاڕاستەی خۆیان لەدەست داوە. سەر و چاوی نایب تەواو گۆڕاوە لەڕو لاواز بووەو زگی بەپشتییەوە نووساوە. کە دەیڕوانمێ هێندە دڵم پێی دەسووتێ، دڵم توێتوێ دەبێت. ژوورەکە کپە هەوای دەرناچێ، هەست بەدڵ تەنگی دەکەم، قەدیر دەچێتە کن نایبو بەپەنجە زبرەکانی دەست لەنێوچەوانی نایب دەدات.

—تای لێهاتووە جەنابی مودیر.

نایب بەدەم ناڵینەوە:

—پەکم کەوتووە جەنابی مودیر. ئەگەر من سەرم بەژێر خاکدا بکەم، ئەمانەش ڕزگاریان دەبێ لەدەستم.. خۆم دەمزانی تا زەلیل نەبم نامرم.

دڵخۆشی دەدەمەوە:

—نوقلانەی وا لێ مەدە نایب. هاکا زستان تەواو بوو.

نایب بەنیگای پڕ لەئازاری دەڕوانێتە من.

—ئەمە دوا زستانە، جەنابی مودیر، جگە لەوەش پیاو تاکەی هەروا دەست لەم ولەو پان کاتەوە.

نایب زۆر نەخۆشە. حاڵی پەشێوە.

—هێندە گەڕاوم هێزم لەبەر بڕاوە. وەك باڵندەی بێلانە وام سەرگەردانم، کلۆڵو سەرگەردانم جەنابی مودیر.

—که زستان کۆتایی پێهات بەفر توایەوە پێکەوە دەچینە دەشتی و گوڵە نەورۆزە دەچنین.

—ئاخر جەنابی مودیر پیاو کە لەم دنیا گەورەیەدا کەس شك نەبات و کەس دەرگای لێ نەکاتەوە، وا بەهاریش هات! چ دەردێکی دەرمان دەکات.

قەدیر بەرابەرم دادەنیشێت. ماوەیەك بوو گۆڕی گوم بوو قوتارمان ببوو لەدەستی. کەچی پەیدابۆوە. نایب دەناڵێنێ:

—تینومە خوشکێ تینومە.

گوڵاڵە پەرداخێ ئاوی بۆ دێنێ. نایب دەستەکانی دەلەرزن گوڵاڵە بێ جووڵە بەسەرسەریەوە وەستاوە. نایب پەرداخە ئاوەکەی لەدەست وەردەگرێت بەسەرییەوە دەنێ. گوڵاڵە لەنێو ئاقاری نائومێدیدا دەستەکانی تێك دە ئاڵێ و ئاخ هەڵدەکێشێ:

—دەمرێ.

پەشۆکاوە. کە قسان دەکا دەنگی دەلەرزێ قەدیر تووڕەدەبێ.

—چاوت لێیە جەنابی مودیر، نایب هیچ جێی نەدیوەتوە ئێرە نەبێ، دەڵێی زاروە پێمانەوە نووساوە، یەخەمان بەرنادات.

گوڵاڵە سەری کز کردووە. گوێ بەقسەکانی مێردەکەی نادات، مات و خەمبارە گوڵاڵە وەك رەنگی لاوێتی بەخۆوە نەدیبێ، هەر بەمنداڵی پیر بووە. جارناجارێك لەدەرەوە دەنگێك دێت. ناڵە ناڵێکی پڕ ئازار دەنگی سەگوەڕ و قاڕەقاڕی قەلەڕەش. قەدیر کەدەبێنێ گوڵاڵە دەگری، دەیکاتە هەرا:

—لەهیچو خۆڕایی لەبانگی گریانێ مەدە.

نایب دەستە لەرزۆکەکانی لەسەر دەستم دادەنێتو لەجێی خۆی بڕێك ڕاست دەبێتەوە.

—پەنجەرەکان جەنابی مودیر، پەنجەرەکان بکەوە، خنکام.

من هەڵدەستم پەنجەرەکە دەکەمەوە. لایەك لەئاسمان هەورەو لەچوار چێوەی پەنجەرەکەشەوە پەڵە هەورێك دیارە. تووڕەیی پێوە دیارە بەدەنگێکی نزم دەڵێ:

—دەستت خۆشبێت جەنابی مودیر خەریك بوو دەخنکام هێندەی نەمابوو بمرم.

گوڵاڵە بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە ڕاوەستاوە.

—منیش دەمرم..

کابرا چاوی بڕیوەتە گوڵاڵەو حەپەساوە

—چەقە چەق مەکە ئافرەت.

بەڵام گوڵاڵە دەست بەردار نییە.

—ئەگەر منیش بمرم، ئاسوودە دەبم خۆم زۆر چاك دەزانم.

قەدیر لەسەرو چاوی گوڵاڵە ڕادەمێنێ.

—دەبەسە ئافرەت..

قەدیر لەچاوانی را دیارە چەند پەشۆکاوو ترساوە. بەڵام گوڵاڵە بێ دەنگ نابێو دانانیشێ بەپێخاوسی بەناو ژوورەکەدا دێتو دەچێ قسان دەکاو چاوەکانی بەفرمێسکن.

—ڕۆژێکی خۆشم لەژیانی خۆمدا نەدیوە. لەو ڕۆژەوە هاتوومە ئەم ماڵە یان زگم هەبووە، یان منداڵە بەر بووم، نەمتاونیوە دەستێك بەسەرو پۆتەڵاکی خۆمدا بێنم.

قەدیر زۆری بۆ دێت، توورە دەبێت، بەدەنگی وشك دەڵێ:

—ئافرەت، دیسان دەتەوێ بەزم ساز کەی.

قەدیر دەیەوێ ددان بەخۆیدا بگرێ:

—ئاخر جەنابی مودیر، تۆ خۆت بڵێ.. تۆ کە مرۆڤێکی تێگەیشتووی، باشە ئافرەت، مەگەر هەر کاری منداڵبوونو گەورە کردنیان نیە؟

من وەڵامی نادەمەوە.

گوڵاڵەش خۆی لێ کەڕ دەکات.

رادیۆیەکی بچوکی قاوەیی تەپوتۆزی لەسەر نیشتووە بەئاستەم خشە خشی دێت. بێژەرەکەی وەك لووتی گیرابێ دەڵێت..

—پەنجەرەکان بکەنەوە بۆنی بەهار دێت.

ئەو پەنجەرەی کراوەتەوە، هەوایەکی ساردو ناسازی لێ دێتە ژوورێ، وەك مار دەگەزێ، کار دەکاتە سەر مۆخو ئێسقانی بنیادەم. نایب تازە لەجموجۆڵ کەوتووە.

—لەجێدا کەوتووم، جەنابی مودیر، تازە هەڵناسمەوە.

گوڵاڵە لـەو جێـی کـە دانیـشتبوو، هەڵدەسـتێتو پەنجەرەکـە دادەخـات. منـیش چـاو دەبڕمە نایب، کە لەسەر کورسییە ساردو سڕەکە لەسەرمان گرمۆڵە بـووە، وەك مارانگـاز جینگڵ دەدات. قەدیر دەڵێ:

—زۆر کەللەڕەقە جەنابی مودیر بەگوێی کـەس ناکـات. زمـانم سـوا هێنـدم ئامۆژگـاری کرد. تەواو ئابڕووی بردووین، پیاو سەری هەڵنایەت، هۆشی لێ براوە جەنابی مودیر. کاری وا دەکـات، شـەیتان نایکـات، پـێرێ چـووبووە گونـدی خێـراوا، کـە هـاتبۆوە بـۆ ئێـرە، هەرچەندە پێیان گوتبوو مەڕۆ بمێنەرەوە، بەگوێی کەسی نەکردبوو. گوێنییـەکی پڕیشی نابووە سەرشان. پاشـان لەگونـدی محەمـەدکو سـەری دەرهێنـابوو، خـودا بـەزەیی پێـدا هاتبوو، کە مام باقر سەربانی دەماڵی، چاوی پێ کەوتبوو. تا هێنامانـەوە ئێـرە گیانمـان دەرچوو. هێزی لەبەر بڕابوو، نەیتوانیبوو لەو کێوە بێتە خـوارێ، تلـۆر ببـۆوە خـوارەوە. هێندەی نەمابوو بمـرێ. خـەتای خۆیـەتی، سـەری لێـی دەخـورێ، ئـێ ئێمـەش ئـابڕووی خۆمان خۆش دەوێ جەنابی مودیر.

نایب بێئەوەی گوێ بەقسەکانی ئەوبدات، سەبرێك دەڵێت:

—چاوت لێیە جەنابی مودیر، ئەمانە دەڵێن نایب لەقەست وادەکات، بەڵام تازە خـۆری من ڕوو لەئاوابوونە.

رادیۆکە مۆسیقا دەڵێ، مۆسیقایەك پیاوی پێ دڕدۆنگ دەبێ. گوڵاڵە دەیکوژێنێتـەوە، ئەوجا ڕوو دەکاتە نایبو بەمیهرەبانی پێی دەڵێ:

—دە بەسە. ڕۆحم دەرچوو..

قەدیر هەروا تووڕەیە.

—کلۆڵی لەهەموو لایەکەوە رووی تێکردووین. نایب وەك ڕێوی خۆی لێ مرانـدووە، ئـەم ژنەش قوڕ دەپێوێ.

نایب هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ، زۆر سەیر تەماشام دەکات.

—ئەگەر ماڵێکی خنجیلەو ئەسپێکی چاکم دەبـوو.. ئـەو کـات ئاسـوودە دەبـووم. ئـەو دەمی ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بایە ڕوویەکی خۆشم دەدیت.

پاشان ئاماژەم بۆ دەکات، کە بچم لەنزیکی دانیشم. نیگای پڕ لەتاسەی نایب لەسـەر وێنەی ئەو کەوە گیرساوەتەوە، کە بەدیوارەکەوە هەڵواسراوە. کەوێکی جوانە، دەندووکو قاچەکانی سوورن.

–تۆ دەزانی جەنابی مودیر، لەکن خودا شاراوە نییە، لەتۆشی ناشارمەوە، جارێکیان ویستم ژن بێنم، بێوەژنێکم لەشك بوو، لەگوندی قرمزباخ، ناوی کەیٚ بوو، جوانو لەبار بوو. بەهەزار پاڕانەوەو لالانەوە گولالەی خوشکم ناردە داوای. بەلام ئەو لەوەلامدا گوتبووی، من شوو بەشێتو پەتیارەی وا ناکەم. کە ئەوەم بیست، چەند رۆژێك نەخۆش کەوتم، لەگیانی خۆم بێزار بووم. رۆژێکیان هات بەسەرمدا کە تەنیا خۆم هەستم بڕۆم بۆ گوندی قرمزباخ، دەستی کەویٚ بگرمو بیهێنمە مالی خوشکم. پێچو کلاوم لەسەر ناو بەرەو قرمزباخ وەڕیٚ کەوتم. بەلام هەر ئەوەندەم خۆش بوو تا گەیشتمە ئەویٚ، خەلکی قرمزباخ سەگیان تێبەردام، منیش هەر لەڕاستە خۆم بامدایەوەو هەلاتم. هێندەی نەمابوو سەگەل پرزۆلٚ پرزۆلم کەن، بەسەری شکاوو دەست لەگونان درێژتر گەڕامەوە. خەلکی گوندیش بێدەنگەیان لیٚ نەکرد، بەسەرهاتەکە چەندە بوو ئەوەندی دیکەشیان سەرکردو بلاویان کردەوە. ئیدی من تا ماوەیەکی زۆر نەمدەوێرا خۆ لەو ئاقارە بدەم، براکەی خۆشم کە خەلکی قرمزباخە پشتگیری نەکردم. دواتریش هەر کاتیٚ رێم دەکەوتە ئەو ناوە قرمزباخییەکان تێم دەورکان، لیٚ یان دەدام، جوێنیان پیٚ دەدام. ئاخر من چ وەیەکم بۆ ئەوان نەبووە.

نایب بەچاوی رەشو پاکو پڕ سۆزی تێم دەڕوانیٚ. وەك بلیٚ ی شەرم دەکات کە بەسەرهاتی دلداری بۆ من دەگێڕێتەوە. قەدیر بەچاوی سووکەوە دەڕوانێتە نایب.

–(دەزانی جەنابی مودیر.. لەهەموو لایەکەوە قەرزدارم. کەوتوومە سەر ساجی عەلی. دووکانداری گوندیش ئیدی قەرزم لەگەلٚ ناکات. ئەو کاتی بابم بەڕەحەتی خودا چوو.. وەسێتی کردو پیٚی گوتم مەهێلە ئاور لەمالت ببڕیٚ. من ئەو کاتە پڕ بەدلٚ هەرێم دایە. بەلام ئێستا سەیر دەکەم ناتوانم لێرە بمێنمەوە. ئەودەمی کەبابم مابوو خاکی ئێرە بژوێن بوو، بەرمێن بوو، وەك هەنگوین شیرین بوو. بەلام ئێستا خاکی ئێرە سووتاوە، ڕووتو بیٚ بەرهەمە، کەس گەنم ناکات. ئاخر گوندنشینێکی ئێرە گەنم لەگوندی قەرەئاخاچ بکڕیٚ مانەوەی چ سوودێکی هەیە؟ ئەوجا من مەڕو مالاتیشم نی یە. لەمالی دونیا تەنیا بزنێکو مانگایەکم هەیە. بستیٚ زەوی شك نابەم بەشی پاتالەکەی گیا لیٚ بکەم، پاتالەکەش خەزورم بۆم بەخێو دەکات.)

گولالە قسەکانی بەقەدیر بڕی:

–هەمیشە هەروا دەلیٚ جەنابی مودیر

قەدیر وەلامی دەداتەوە.

–جا خراپ دەڵێم ژنەکە؟ خودا ئەم دەستە موحتاجی ئەو دەستە نەکا.) گوڵاڵە تووڕە دەبێ:

–جا ئێستا بابم هیچی بەتۆ گوتووە؟

–قەدیر بەزمانێکی نەرمتر وەك بیەوێ ئاشتی کاتەوە

–ئاخر ژنەکە.. من هاوینان دەبێ بچم لەشاری کرێکاری بکەم، مەمرە مەژی بهێنمەوە بۆ ئێرەو بیخۆین.

بۆ شڕو شیتاڵم خڕنەکەمەوەو نەچمەوە شاری؟ بۆ لەوێ دانەنیشم؟

گوڵاڵە درێژەی دەداتێ. بەرەبەرە نەخۆشیی نایب لەبیر دەچێتەوە. نایب ناناڵێنێ، دەڵێ:

–دوێ شەو خەوێکی ترسناکم دیت، لەخەونمدا سواری ئەسپێکی سپی ببوم. ئەسپە کوتو پڕ حیلاندیو پێ ی چەکاند، هەرچەند خەریك بووم نەڕۆی. یەکڕاست بەعەرزیدا دام. کە هەستامەوە لاقم لەدووم نەدەهاتنو ئەسپەکەش دوورکەوتبۆوەو بەرەو قرمزباخ وێرغەی دەکرد.

خەمێکی تاڵ سەرو چاوی نایبی داگرتووە. لەگەڵ وڕێنەکانیدا هەمیشە ناوی کەوێ ی لەسەر زمانە. کاتی ڕۆیشتن دێتو هەڵدەستم. قەدیر دەڵێ:

–خۆ لەچۆڵەوانی جێ نەماوی جەنابی مودیر. با ئەم شێوەت لەگەڵ هەژاراندا بێت. من دەڵێم:

–سوپاس لەسەر ڕۆشتن دەستە زبرەکانی نایب دەگوشم. دەستەکانی گەرمن زۆر بەکزی دەڵێ:

–من پەنام بۆ ئێرە هێنا کەچی لێرە گیرم خواردووە. تازە من کۆتاییمە. کەس سەرم لێ نادات، کەسیش بیرم ناکات. کلۆڵیمە جەنابی مودیر.

نیگای شێواوەو چاوەکانی پڕ لەفرمێسکن. بێ ئەوەی هیچ بڵێ ڕوو وەردەگێڕێو تا بن گوێ ی دەکات بەژێر لێفەی سەر کورسی یەکەوە. کە دێمە دەرەوە گوێم لەهەنیسکەکانییەتی دەگری. قەدیر دەڵێ:

–هەر کەس بەشی خۆی قوڕی بۆ گیراوەتەوە.

لە دەرەوە کڕێوە دەکات. بەفر بەباوە دەبارێ. بایەکی دێت بەفری سەر زەویش هەڵدەگرێو بەدەمو چاوی بنیادەمیدا دەدات، قەدیر تا نزیك قوتابخانە بەڕێم دەکات. کاتی ماڵاوایی دەڵێ:

–بمانبەخشە جەنابی مودیر. نایب هەروایە یەخەی هەر کەسی گرت بەری نادا.

لەو هەڵدەبڕیم، بەتەنیاو وڕوکاس دەچمەوە ماڵەوە. تازە کازیوە هێناوە. دنیا هەورە، هەوای بەفری هەیە، تەمێکی ڕەش گوندی داپۆشیوە. دەشتو دەر لەبەر بەفر سپی دەکاتەوە. تەنیا چەند پەڵەیەك لەدامێنی گوندی (مەحمەد کو) لەدوور وەك پەڵەی قاوەیی دیارن. لەدوورەوە دەنگی ناڵە ناڵی بەئازاری ژنانی گوندی دێت. هەموو بەیەك دەنگ، دەنگێکی خەمناکیان لێ دێت. دیسان قەدیر هاتووە بەدوامدا:

–نایب، جەنابی مودیر نایب...

–نایب؟ چ قەوماوە؟

–مرد جەنابی مودیر... دوێ شەو مرد

ناڵە ناڵێك لەدوورەوە دێ. ناڵە ناڵێك کە با لەگەڵ خۆی دەیهێنێ.

وەك مەلی بێ لانەم لێ هاتووە، سەرگەردانم.. ئەگەر ئەسپێکی سپیم دەبوو، دەچووم بەدوای کەوێ دا... کەوێ.

سەرچاوە/ گۆڤاری (ادبستان) ژمارە (٢٢)ی ساڵی (١٣٧٠) هـ، ش (١٩٩١)م.

# تامردن..

وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە:
عەبدولکەریم شێخانی*

زەنگی تەلەفۆنەکە لێیداو دکتۆر (فرنویل) لەسەر کورسییەکەی راپەڕی کە بەنیمچە لەهۆشخۆچوونێك لەسەری پاڵیدابووەوە، دوای چەند سەعاتێك کاری قورس و ماندوێتی و لەوبەری خەتی تەلەفۆنەکە گوێی لەدەنگێکی ناسك بوو، بانگی دەکرد:

–پێیر: خۆشەویستەکەم دواکەوتی.

بزەیەك هاتە سەرلێوی و بەدەنگێکی ناسك وەڵامی دایەوە:

–خۆشەویستەکەم هەر ئێستا دێمەدەر.. هەر ئێستا.

چاوێکی خێرای بەکاغەزە کەڵەکەبووەکانی بەردەمیدا گێڕاو پەرستارەکەی بانگکردو دوافەرمانی پێ ڕاگەیاند:

–ئەمشەو دکتۆر (ریمۆر) لەنەخۆشخانە دەمێنێتەوە.. ئەم کاغەزانەی پێبدە با بۆ کات بردنەسەر پێیاندابچێتەوە.. خۆ ئەگەر شتێکی تازەش هاتە ئاراوە، ئەوا من لەماڵەوەم و..... ئەگەر رۆیشتم ژمارەی تەلەفۆنەکە بەجێدەهێڵم...

پەرستارەکە وەك نیشانەی گوێڕایەڵی کەمێك دانەویەوەو ویستی هەستێ. لەدڵی خۆیدا گوتی: (دەکرێت لەوە دڵنیابم کە هەموو شتێك بەباشترین شێوە بەڕێوەدەچێت.. چونکە دکتۆر (ریمۆر) گەنجێکی زۆر چاکەو ئیشکەرەو لەوە بەدواش جێگەی من دەگرێتەوە، چونکە پیاوێکی چاکەوە بەرژەوەندیی خۆی دەزانێت و دەشزانێت چۆن رێگا بۆ ئەو مەبەستە دەگرێتەبەر.. بەتەواوی وەك من، وەك منی لەمەوبەر کاتێك تەمەن و پایەو شوێنم وەك تەمەن و پایەو شوێنی ئەو بوو!).

لـەڕابردوودا! .. دکتـۆر (فرنویـل) هەمیـشە بـیر لـەو رابـردووە دەکاتـەوەو خـۆی پێهەڵدەشەنگێنێت.. زۆرجار کە ئەو رابـردوو، و یادگارانـەی دێنـەوە بـیر، دڵـی بەپەلـەو خێرا دەست بەلێدان دەکات.

ئـەو شـەوەش، پـێش ئـەوەی لـەو نەخۆشـخانەیەی کـە خـۆی بـەڕێوەی دەبـات بچێتەدەرێ، یادکردنەوە بەرەو رۆژانی رابردووی بردەوە.. خـۆی بـینی لاوێکـی بیـست و پێنج یان بیست و شەش ساڵانەو.. بڕوانامەی پزیشکی لەپلەی نایاب وەرگرتـووە.. بـەڵام ئەو هەژارەو ناتوانێت وەك گـەلێك دۆسـت و هـاوڕێی دیکـەی ڕێگـای پێـشکەوتن لـەبواری پزیشکی و نەشتەرگەریدا بەهێزو توانای پارە شەق بکات و بیبڕێت.

وێنەیەکی جوان بەبەر دیدەیدا رەتبـوو. وێنـەی ئـەو کـچەی کاتێـك کـە قوتـابی بـوو، خۆشیویست و کە بڕوانامە نایابەکەشی وەرگرت خـوازبێنی کـردو بڕیاریـشدا دوای ئـەوەی پلەو پایەیەك بۆ خۆی دەسـتەبەر دەکـات کـە شـایانی ئـەوەبێت ببێـت بـەخاوەنی مـاڵ و سەرۆکی خێزان بیخوازێت و ببێتە هاوسەری.

هەتا ویستگەی (لیون) کچەکە لەگەڵی چوو تا بەڕێی بکات پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پاریس. لەپەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە سەری دەرهێناو هەردوولای روومـەتی ماچـکردو ئەویش بەهەمانشێوە وەڵامی دایەوەو ئینجا لێی پرسی:

—مارگرێت چاوەڕوانیم دەکەیت.. وانییە؟

دووچاوی پڕ لەسۆز و خۆشەیستی بۆ هەڵبڕی و بەزمان گیراییەوە، گوتی:

—هەرچەند دووربیت و نادیار، هەر چاوەڕوانت دەکەم!

—باشە، هەرخۆشیشت دەوێم؟

—تامردن!

ئیـدی شـەمەندەفەرەکە شـاری بەجێهێـشت و وێنـەی کـچەکە لەبەرچـاوی دەزگیرانـی بزربوو، بەڵام دوو وشەیەی دوایی هەر لەگوێیدا دەزرنگانەوە: (تامردن!).

ئەمە پێش چەند ساڵێك بوو. چەند ساڵێکی زۆر

***

پـاریس ئـەو لاوەی حـەزی بـەکارکردن دەکـرد، گرتـە بـاوەش. (پییـێر) هـەر لەیەکـەم کاتەوە تەڵەکەو پیلان و فێڵ فێر بوو، چونکە هـاوڕێ و دۆسـتەکانی بـۆ ڕێگـا شـەقکردنی

خۆیان بۆ سەرکەوتن و ناوداریی پێشبڕکێ دەکەن و هەموو ڕێگایەك لەو پێناوەدا بەڕەوا دەزانن. بەڵام ئەم، لەو مەیدانەدا وەکو ئەوانی پێناکرێت.. ئایا دەبێت لەدوای کاروانەوەبێت و دوابکەوێت، یان وەکو ئەوان فێر بێت؟.. بۆ گەیشتن بەئامانج هەموو ڕێگایەك ڕەوایە !

دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانی وەك پزیشکێك بچێتە نەخۆشخانەی (ڤۆلتێر) کە دکتۆر (بلگارد) بەڕێوەی دەبرد. تەنانەت تاکە خولەکێکیشی بەفیڕۆنەدا. بەڵکو خوێندی و کارەکەی خۆی کردو هەوڵیداو شەونخونیی کێشاو لەپێناوی پێگەیشتندا، هەموو خۆشییەکی ژیانی لەخۆی حەرامکرد.

ساڵێك بەسەر هاتنیدا بۆ ئەو نەخۆشخانەیە تێنەپەڕیبوو، کە سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو سۆز و خۆشەویستیی دکتۆر (بلگارد)ی وەدەستهێناو ئەوی لەنێوان هەموو هاوڕێکانیدا بەیاریدەدەرو ئەمیندای نهێنییەکانی هەڵبژارد.(فرنویل) نامەی بۆ دەزگیرانەکەی نووسی و ئەو هەواڵە خۆشەی پێ ڕاگەیاند، ئەویش بەنامەیەك وەڵامی دایەوەو هەر هەستێکی هەڵچوو و خۆشەویستی و ئەوینێك کە لەنێو دڵیدا پەنگی خواردبووەوە لەنێو ئەو نامەیەدا هەڵیڕشتبوون و نامەکەی بەم وشانە کۆتایی پێهێنابوو: (کەنگێ دەگەڕێیتەوە؟ کەمێکیش بەختیاریمان پێدەگات؟ من هێشتا هەر خۆشمدەوێیت و هەر خۆشیشم دەوێی تامردن!).

***

ڕۆژێکی یەك شەممە، دوای ساڵێکی تەواو، دکتۆر (بلگارد) داوای لەیاریدەدەرەکەی کرد کە لەماڵەوە سەرێکی لێبدات و هەموو ئەو نامەو کاغەزانەی پەلەلێکردن دەخوازن، لەگەڵ خۆی بەرێت بۆئەوەی سەیریان بکات، چونکە ماندووەو ناتوانێت لەماڵ دەرچێت.

یاریدەدەر فەرمانی سەرۆکەکەی جێبەجێکرد.. لەمەوبەر هەرگیز لەماڵەوە، بەڵکو لەکۆشکەکەی کە کەوتبووە دەورووبەری ئەو پایتەختە جەنجاڵەوە، سەردانی نەکردبوو..

بەدوودڵی و قاچ تێکئالانەوە، چووە ژووری میوان و بەپێوە ڕەق ڕاوەستابوو نەیدەوێرا دانیشێت. لەپڕ دەنگێکی نەرم لەدەرگاکەیەوە هات، لەپرکرایەوەو کچێکی گەلێك جوانی لێهاتە ژوورو لێی پرسی:

–گەورەم تۆ کێی و چیت دەوێت؟

بەزمان گیراوییەکەوە وەڵامی دایەوە:

–من دکتۆر (فرنویل)م.. دکتۆر (بلگارد) چاوەڕوانم دەکات.. هەندێك کاغـەزم پێیـە.. لە... هاتووم..

کچەکە لەقاقای پێکەنینی داو قسەکەی پێبڕی:

–بۆ واقسەکان لەقوڕگتدا گیران. دانیشە، بۆ بینینی من تا ئەو رادەیە دەتشڵەژێنێت؟

(فرنویل) بێدەنگ بوو، و لەشەرمان سوورهەڵگەڕاو وای هەستکرد کە خەریکـە بێهۆش دەبێت.

بەڵام هاتنە ژوورەوەی دکتۆر (بلگارد) لەو هەڵوێستە رزگاری کرد:

–ئازیزەکـەم، کـچەکەم، بـەر بەهــەموو میوانێـك دەگرێـت و شـەڕ بەهــەموو ئەوانـە دەفرۆشێت کە تووشیان دەبێت بەتووشییەوە.

کچەکە بەناڕەزاییەوە هاواریکرد:

–بابە، تۆ لەبەرامبەر خەڵکی دەمشکێنی..

(فرنویل) هەناسەیەکی خۆشیی هەڵکێشاو، کاغـەزەکانی دایـە دەسـت سـەرۆکەکەی.. بلگارد بەگاڵتەکردنێکەوە پێی گوت:

–دڵت لەو کچە بچکۆلە هەڵەشەیە نەیەشێت، ئەو دڵی زۆر چاکەو.. کچە تاقانەشمەو.. خـانمی ماڵەوەشـە. دایکـی مـردووەو ئـەو خـۆی سەرپەرشـتی هــەموو شـتێك دەکـات لەماڵەوە.. لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە تاکە میتراگرمە..

کچەکە گوتی:

–پاش تەمەنێکی زۆر باوکە:

ئینجا روویکردە (فرنویل):

–دکتۆر، من رۆژی یەکشەممە چاوەڕوانت دەکەم بۆ چایی خواردنەوە، وانییە بابە؟

***

دکتۆر (فرنویل) لەجیاتی جارێك، دەجار چوو بۆ چایی خواردنەوەو هـەموو جـارێکیش کە دەگەڕایەوە ژوورەکەی لەو ئوتێلەی کە تێیدا دانیشتبوو، لەخۆی دەپرسی: (تـۆ بڵێـی ئەم کچە بەنسیبی کێ بێت لەگەڵ ئەو سامانە زۆرەی کە بەمیرات بـۆ دەمێنێتـەوە؟ ئـەی شوێن و پایەی دکتۆر بلگارد دوای مردنی؟ باشە بۆ ئەوەندە پێگریی دەکات کە حەفتـەی سـێ چـوارجار بـۆ چـایی خواردنـەوە بـچێتە ئـەوێ، ئەگـەر سـۆزێك لەدڵیـدا چـەکەرەی نەکردبێت کە لەوانەیە خۆشویستن، یان رەنگە ئەڤین بێت؟).

ئەو بانگکردنانە چەند بارە بوونەوەو نامەی (فرنویل) بۆ (مارگرێت)ی دەزگیرانی، کە لە (لیۆن) چاوەڕوانیی دەکرد، روویان لەکەمبوونەوەکرد، بەڵام نامەی (مارگرێت)ی پێ پچڕانەوە یەك بەدوای یەك هەر بۆ دەهات و لەکۆتایی هەر نامەیەکیشدا ئەم دوو وشەیە (تامردن) دەست لەملانێی ناوی دەزگیرانەکەی دەبوون.

***

دوای ئەوە نامەی (فرنویل) بۆ (مارگرێت) هاتە بڕان و رۆژێك (مارگرێت) لەڕۆژنامەکانی (لیۆن) ئەوەی خوێندەوە کە (پۆلین)ی جوان و چەلەنگی کچی دکتۆر (بلگارد) شووی بەدکتۆر (فرنویل)ی یاریدەدەری باوکی کردووە !

کچەکە کەوت و بوورایەوەو ئەو نامەیەی کە ئامادەی کردبوو بۆ دەزگیرانە بێوەفاکەی بنێرێت و هەروەك جاران بەو دوو وشە خۆشەویستە کۆتایی پێهانابوو (تامردن)، بەسنگی خۆیەوە نووساند. دکتۆر (فرنویل) بەزوویی بەپلەی سەرکەوتن و ناوبانگ پەیداکردن و دەوڵەمەندیدا سەرکەوت، چەند ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی و هیچ شتێکی لەبارەی دەزگیرانەکەیەوە بەرگوێ نەکەوت و دکتۆر (بلگارد) وازی لەکارکردن هێناو بۆ کارەکەی نەخۆشخانەی، یاریدەدەرەکەی جێگەکەی گرتەوە.

ئەوە ئەو ژیانەی بوو کە بەمێشکیدا تێپەڕی پێش ئەوەی نەخۆشخانە بەجێبهێڵێت بۆ ماڵە زۆر خۆشەکەی و بەدەم بانگکردنەوەی ژنەکەی بچێت. ژنەکەی چاوەڕوانی بوو و باوەشی بۆ کردەوە، بەگەرمی یەکتریان ماچ کرد، ئەوان دوای تێپەڕینی دەساڵ بەسەر ژن و مێردایەتییان وەکو دوو ئاشقی سەردەمی دەزگیرانییەتی وان !

–گیانەکەم ئەمشەو چێشتێکم بۆ لێناوی کە لەمەوبەر نەتخواردووەو پەنجەکانتی لەگەڵ دەخۆی.. بەدەستی خۆم ئامادەم کردووە.

دکتۆر فرنویل ویستی جلەکانی داکەنێت، بەڵام، زەنگی تەلەفۆن جارێکی دیکە لەو بێدەنگییەی شەوەدا زرنگەی هات: (ژنێکی بریندار لەنەخۆشخانەیەو خوێنێکی زۆری لەبەردەڕوا.. رووداوێکی سەختە لەبەردەمی نەخۆشخانە روویداوەو ژنەکە هەر داوادەکات کە دەبێت دکتۆر (فرنویل) خۆی چارەسەری بکات.. حاڵەتەکەی مەترسیدارە، پێویستە نەشتەرگەرییەکی بەپەلەی بۆ بکرێت بۆ وەستاندنی خوێنبەربوونەکەی لەناوەوە..).

ژنەکەی دەستی بەبۆڵەبۆڵکردو گوتی:

—ئەمە ژیان نییە، مرۆڤ ناتوانێت کەمێك بحەسێتەوە ! من لەتۆ ماندووترم.. ئەم شارە جێدەهێڵین و دەچین بۆ جێگەیەکی دوور، ئەو سامانەی هەمانە بەشمان دەکات و سەرو زیادیشە..

بەڵام مێردەکەی قسەکەی پێبڕی:

خۆشەویستەکەم.. ئەرکەو پێویستە.. هەتا لەم شوێنە بم، دەبێت ئەو ئەرکەی لەئەستۆمدایە بەجێی بێنم..

ئیدی (فرنویل) بەپەلە چووەدەر بەرەو نەخۆشخانە.

چووە ژووری نەشتەرگەریی کە ژنە بریندارەکە لەوێ لەسەر مێزەکەدا پاڵخرابوو و یاریدەدەرو پەرستارەکان لەدەوری بوون و هەریەکەیان خۆی بۆ بەجێهێنانی ئەرکی خۆی، ئامادەکردبوو.

دکتۆر (فرنویل) پاڵتۆ سپییەکەی کردەبەرو دەم و لووت پۆشەکەی خستەسەر دەمی و دەستکێشەکەی کردە دەستی، ئینجا نەشتەرەکەی هەڵگرت و لەژنە نەخۆشەکە نزیك بووەوە کە تەنیا بەشێکی زگی بەدەرەوە بوو، لەماوەی کەمتر لەدە خولەك، دکتۆر لەکارەکەی بووەوەو هەموو هاوڕێکانی پیرۆزبابیان لێکرد:

—دکتۆر، کارێکی زۆر چاك، شتێکی سەرسوڕهێن بوو، مایەی دەستخۆشییە.

—هەولێکی زۆرم دا بۆ رزگارکردنی ئەو کلۆڵە.. بەڵام گومانم لەوەدا هەیە کە هەڵسێتەوە.. ئاگاتان لێی بێت.. سبەینێ سەیری دەکەینەوە.

بۆ بەیانی رۆژی داهاتوو، دکتۆر (فرنویل) چووە نووسینگەکەی خۆی، یەکەم پرسیار لەپەرستارە سکرتێرەکەی خۆی کرد:

—نەخۆشەکەی دوێنێ چۆنە ؟

—ئەو کلۆڵە لەدوا ساتەکانی هە رناوێکی دەگوتەوە کە وای لێکردین بیر لەتۆ بکەینەوە: (پییێر..پییێر...)

—مرد ؟

—سەعات پێنجی بەیانی.

—ئەی نەهاتەوە هۆش خۆی؟

–بەڵێ.. بەهۆش هاتەوەو پرسی چی روویداوەو ئێمەش پێمان گوت لەسەر داوای خۆی دکتۆر (فرنویل) نەشتەرگەری بۆ کردووە.. نیشانەی هەست بەخۆشیکردن لەسەر رووە هەڵبزڕکاوەکەی دەرکەوت.. پرسی: (خۆی لەکوێیە؟) پێمان گوت کە تۆ سەعات حەوتی بەیانی سەری لێدەدەی، بەڵام دەستی بەگریان و داوای قەڵەم و کاغەزی کرد. شتێکی نووسی کە ئێمە نەمانخوێندەوە، چونکە پێچایەوەو گوتی:

– (ئەمە بۆ دکتۆر (فرنویل)ە).

دکتۆر بەپەلە چوو بۆ ئەو شوێنەی تەرمەکەی لێبوو.. پەرستارەکە نامەکەی دایە..

بەدەستێکی لەرزۆك کردییەوەو چاوێکی بەکاغەزەکەدا گێڕا کە بەقەڵەمی رەش دەستی یەکێك نووسیبووی کە بەرەو کۆتایی ژیان دەچوو و تەنیا دوو وشەی نووسیبوو.. هەردووچاوی فرمێسکیان تێزا.. لەتەرمەکە نزیکبووەوەو چەرچەفەکەی لەسەر لادا. کە سەیریکرد لەشوێنەکەی خۆی وشك بوو.. نامەکەی لەدەستکەوتە خوارەوە، یاریدەدەرو پەرستارەکان چاویان تێبڕی.. نامەکە تەنیا دوو وشەی تێدا نووسرابوو: (تامردن).

* ئەم چیرۆکە لەفەڕەنسیەوە کراوە بە عەرەبی



# هونەر




دیدار لەگەڵ هونەرمەند ئاری بابان
عەتا مەحمود

گفتوگۆ لەگەڵ موزسیان سابیر ئزرگاهی
نەورۆز جەمال

دیدار لەگەڵ هونەرمەند سوهام حەسەن
رێبواری ئازادی

پیکاسۆ بلیمەتێکی سادی
دلێر محەممەد

# هونەرمەند ئاری بابان:

# دروستکردنی مۆزەخانە پەیوەستە بەئاستی هۆشمەندیی دەسەڵاتەوە

دیداری: عەتا مەحمود



ئەمڕۆ لەدنیادا بەتایبەتی لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا، نەك هەر گرنگییەکی زۆر بەهونەری نەتەوەیی دەدەن، بگرە دەیان و سەدان مۆزەخانەیان داناوە بۆ پاراستن و بەزیندوویی هێشتنەوەی هونەری نەتەوەکەیان، بەڵام لەلای ئێمە سەرەڕای بوونی وەزارەتی رۆشنبیری بەدرێژایی زیاتر لە (١٥)ساڵی رابردووی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرەڕای بوونی چەند پەیمانگایەکی هونەرە جوانەکان و چەند کۆلێژێکی هونەرو ئەزموونی دەیان ساڵی هونەرمەندان، کەچی تائێستا تەنها یەك مۆزەخانەی هونەرییمان نییە کە کاری هونەرمەندانی تێدا پارێزراوبێت.

لەبەرگرنگی ئەم بابەتەو تیشکخستنەسەر لایەنەکانی، هونەرمەند (ئاری بابان) بەم شێوەیە بۆمان دوا:

***گرنگیی مۆزەخانەی تایبەت بەهونەر لەچیدایە، یا بابڵێین دەتوانیت باسی گرنگی مۆزەخانەمان بۆ بکەیت؟**

–بەڕای من مۆزەخانە لەهەموو روویەکەوە گرنگە، گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ هەر نەتەوەیەك، لەبەرئەوەی مۆزەخانەی هونەریی رووی شارستانی ئەو نەتەوەیە نیشاندەدات، هەر نەتەوەیەك مۆزەخانەی تایبەتی نەبوو بەپەیکەرو تابلۆی

هونەرمەندەكانی، بەكلتووری خۆی، كەواتە ئەو نەتەوەیە جاریَ لەئاستێكدا نییە هەست بەبەرسیارێتی خۆی بكات بەرامبەر بەو كلتوورەی كە خۆی هەیەتی، من پێموایە پاراستنی ئەو كلتوورەو پاراستنی ئەو تابلۆیانە بەتەنها ئەركی هونەرمەندەكە نییە، بەڵكو ئەركی دامودەزگاكانی دەوڵەتە، دامودەزگاكانی دەوڵەت پێویستە بێنە پێشەوەو ئەو هەنگاوە گرنگانە بنێن، بێگومان یەكێك لەكێشەكان بەنیسبەت حكومەتی خۆمانەوە ئەوەیە كە تائێستا دەیان هەنگاوی گرنگ هەیە كە نەیانتوانیووە بینێن، هێشتا كاری رۆژانەی خەڵك لەئارادایە، كارەبا لەئارادایە كە پێویستییەكی رۆژانەی ژیانە، كە ئێمە باسی كۆمەڵگەی مەدەنی دەكەین باسی خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی دەكەین، كەواتە ئەو خزمەتگوزارییە كارەبایە، ئاوە، شاقام و رێگاوبانە، نەخۆشخانەیە، كە ئەمانە هیچیان وەكو پێویست نین، هەندێكی هەر لەجێی نەبوونە، حكومەت واتە ئەو خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییانەی كە پێشكەشی دەكات، ئەگەر حكومەتێك خزمەتگوزاری پێشكەش نەكات، ئەو حكومەتە لەئاستی پێویست نییەو حكومەتی خەڵكیی نییە، ئەو كارانەش كە بەكاری رۆژانەی خەڵكی دەستپێدەكات تا دەگاتە پاراستنی كەلتووری نەتەوەو پاراستن كەسێتیی هاوولاتی.

***تا چەند ئاگاداری ئەو هەوڵانەیت كە بۆ دروستكردنی مۆزەخانە دراون، هەوڵەكە تاكەكەسی بێت وەک هونەرمەندان، یان هەوڵی دەسەڵات بێت وەک وەزارەتی رۆشبیری؟**

–هەوڵدراوە بۆ دروستكردنی مۆزەخانە، بەڵام هێشتا هەر دەڵێن دروستی دەكەین، بەداخەوە كەس بەدەنگییەوە ناچێت، جگە لەچەند هونەرمەندێك نەبێت، كە پێویستە لێرەدا دەوری هونەرمەندی هاورێم (رێبوار سەعید) باسبكەم، ئەو دەورێكی باشی هەبوو كە هاتەوە لەدەرەوەی وڵات، بابەتی مۆزەخانەی زیندووكردەوەو هەروەها لەكۆلێژی هونەرە جوانەكان و یەكێتیی هونەرمەندانیش هەمانشت باسكراوە.

***ئێمە هەمیشە باسی ئەوەدەكەین كە حكومەت یان دەسەڵات كەمتەرخەمبووە، ئەی بۆ لەلای ئێمە نەبۆتە كلتوورێک، دەوڵەمەندی ئێمە بیر لەپرۆژەیەكی وا بكاتەوە مۆزەخانەیەک دروستبكات كە جگە لەوەی**

**لەڕووی مەعنەوییـەوە بـۆ هونـەری نەتـەوە گرنگـە لـەڕووی مادییـشەوە داهاتێکی بۆخۆی دەبێت؟**



پڕۆژەی دروستکردنی مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لەسلێمانی

– ئێمـه باسـی کلتـوور دەکـەین، ئایـا ئـەم کلتـوورەی هەمانـە بۆتـە کلتـوورێکی کۆمەڵایەتی، خـۆی کێـشە سـەرەکییەکە لێـرەوە دەسـتپێدەکات، ئەگـەر سـەیری هونـەر بکەین لەئەوروپا هونەرمەنـد هێـشتا لەهـەنگاوی یەکەمدایـە کەسـانێك هـەن کـە پاڵپـشتی هونەرەکەی بکەن و بـزانن ئـەم هونەرمەنـدە بـەرەوکوێ دەڕوات، تابلۆکـانی لەسـەرەتادا دەکڕن هێشتا رەنگە تابلۆی دروستنەکردبێت، هونەرمەندەکە باری ژیـانی دابینکـراوە بـۆ ئەوەی کە کاری هونەری بکات، زۆر جار ئەمە حکومەت نایکات دامودەزگاکـان دەیکـەین، هەندێکجار دەوڵەمەندەکان دەیکەن، لەوێ هەمیشە شتێك هەبووە پێیانوتووە (بـۆرژوازی نیشتمانی)، کە هونەرو ئەدەب و کلتووریان پێشخستووە، لەلای ئێمە ئەو دەوڵەمەندانـەی کـە بەنیـشتمانپەروەر ناودەبرێـت تاچـەند دەورییـان هـەبووە لـەم پێشخـستنەدا، مـن بەدڵنیاییەوە دەڵێم هیچ، بەڕاستی دەبێت تـۆ لێـرەوە دەسـتپێبکەیت، کـە ئـەو کلتـوورە ببێتە بەشێك لەنەریتی ژیانی ئێمە، ئەمەش وا بەئاسانی نابێت، چونکە لێـرەدا پـەروەردە کاریگەریی هەیە، تاچەند لای ئێمە هەوڵدراوە لەمنداڵییـەوە دەسـتپێبکەین و بڵێین: ئـەم

منداڵانە وا پەروەردە دەکەین کە لەهونەرو لەمۆزەخانەو شانۆو مۆسیقا تێبگەن، واتە لەژیان تێبگەن، کێشەکە لەوەدانییە ئەو نەیتوانیوە مۆزەخانە دروستبکات، بەڵکو ئێمە نەمانتوانیوە ئەو کلتوورەی کە هەمانە بیکەینە کلتوورێکی کۆمەڵایەتی، ئەو هونەرەی کە هەمانە ببێتە بەشێك لەکلتووری کۆمەڵایەتی، تاکو خەڵك بتوانن چێژ لەهونەر ببینن، لای ئێمە رۆشنبیری ئێمە رۆشنبیرییەکی سەمعییە، واتە رۆشنبیریی بیستنە، گوێ لەڕادیۆ دەگرین تەنانەت کە سەیری تەلەفزیۆن دەکەین ئەوەندە وێنەکان بەلامانەوە گرنگ نییە، کلتووری ئێمە وایە کە گوێ لەهەواڵەکان دەگرین دەڵێین بزانین چی دەڵێت، ناڵێین بزانین چی پیشاندەدات، کەڕەنگە زۆرجار وێنە گوزارشت لەهەواڵەکە بکات، کەواتە رۆشنبیری ئێمە رۆشنبیری بیستراوە، رۆشنبیری بینین لای ئێمە کزەو ئەو کلتوورە گرنگە نییە، ئەوە هۆیەکە تائێستا رۆژانە چەندین رێستۆرانتی گەورەو جوان و چەندین میوانخانە دەکرێنەوە، کامیان تابلۆی هونەرمەندانیان هەڵواسیوە، یان باواز لەوانە بهێنین و بێینە سەر دامودەزگاکانی حکومەت، لەکام دامودەزگای حکومەتدا تابلۆ هەڵواسراوە، بڕۆ سەیری ناو وەزارەتەکان بکە، کام وەزارەت بەدیواری ژوورەکانییەوە تابلۆی هەڵواسیوە، تاوەکو خەڵکەکە چاوی ئاشنابێت پێیان، ماڵی کام دەوڵەمەند چەند تابلۆیەکی هونەریی هەڵواسیوە کە بەهای ئەو تابلۆیە بزانێت کە پارەیەکی دیاریکراوە، بڕۆ سەیری زۆر لەماڵەکان و دووکانەکان بکە، وێنەیەکی کۆن هەبوو کە نووسراوە (عاقیبت نقد فرۆشی) کە قاسەیەکەو مشکێکە پارەکان دەخوات، ئێستاش لەزۆر دووکانی بازرگاندا ئەوە هەڵواسراوە کەئەوە لەساڵانی پەنجاکاندا وەکو وێنەیەکی بچکۆلە دەفرۆشرا، رەنگە ئەوە ئەوسا بەچەند فلسێك کرِیبێتی، ئێستا ماوەو لەدووکانەکەیدا هەڵواسراوە، کێشەکەی ئێمە لەوەدایە ئەو کلتوورە بۆ لای ئێمە دروستنەبووە.

***بەڕای بەڕێزت بۆچی ئەو کلتوورە دروستنەبووە، یان هۆکارەکانی دروستنەبوونی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

–بێگومان هۆکاری زۆرە لەوانە: سەرمایەداری ئێمە یا بابڵێین دەوڵەمەندی ئێمە هێشتا نەیانتوانیوە سەرمایەکەیان لەناو وڵاتدا بکاربهێنن، بۆ ئەوەی وڵاتەکەی خۆیان پێشبخەن، زۆرجار دەوڵەمەندێك دەچێت لەوڵاتێکی تر کارگەیەك دەکاتەوە تا قازانجی بۆ

بکات، بەبێئەوەی بیربکاتەوە کە ئەو کارگەیە لێرە بکاتەوە، یان ئەو مۆزەخانەیەی تۆ دەیڵێیت لێرە بیکاتەوە.

-خاڵێکی تر هەیە بەڕای من زۆر گرنگەو دەبێت ئاماژەی پێبدەین کە لەلای ئێمە هونەری شێوەکاریی تەمەنی زۆرنییە، تۆ ئەگەر سەیری هونەری ئەورووپی بکەیت، هونەرێکە لەکاتی ئەشکەوتەکانەوە تائەم کاتە دابڕانی تێدا نییە، لەسەردەمی مەسیحییەتدا کۆمەڵێك هونەرمەند ئەو ڕێچکەیەیان شکاندووە کە قەدەغەبووە، وێنەی مەسیح و وێنەی تر هەبووە، لەسەردەمی یۆنانییەکان و گریکەکان و سەردەمی ڕێنیسانس (عصر النهضة) تائێستا هونەر بەردەوام بووە، کەواتە بۆتە کلتوورێك خەڵك لەویٚ هەستدەکات هونەر بەشێکە لەژیانی، لای ئێمە هونەر تەمەنی کورتە، سەدە هەیە هونەری میللی کاری کردووە، هونەر وەك هونەر بەماناکەی نەبووە، هونەر لەبەڕەو جاجم و لەگۆزەو شتی دیکەدا خۆی بینیوەتەوە، ئەگەر سەرنج بدەین زۆر لەئێمە پێشەنگەکانی هونەری شێوەکاریمان لەیادە، عەزیز سەلیم-ی خۆمان چەند جارێك بینیومانەو لەگەڵی دانیشتووین کە لەساڵانی سییەکاندا ئیشی کردووە، پێش ساڵانی سییەکان چی هەبووە، نایزانین، کەواتە تەمەنی هونەر لێرەدا لەساڵانی چل و پەنجاکاندا زۆر کزبووە، تاکەتاکە هەبوون، لەساڵاکانی شەستەکاندا تۆزێك زیاتر، لەساڵانی حەفتاکاندا هەنگاوی جددی ناوە، تابلۆ بەمانای تابلۆ سەردەمێکی کەمە هاتۆتە ناو ئێمەوە، کەواتە کلتوورێکی زۆر کۆنمان نییە کە ئێمە لەگەڵی ژیاوین، ئەمەش بەمانای ئەوە نییە کە هونەرمان نەبووبێت، نەخێر، ئەگەر بێتو ئێستاش لەناوچەی چەرمو لەچەمچەماڵ ئەو خاکە هەڵبدەیتەوە دەیەها پەیکەر دەدۆزیتەوە، کە هەمووی پەیکەری جوانن، واتە هەستدەکەیت ئەمە لۆژیکی تێدانییە کەتۆ هەزارەها ساڵ پێش ئێستا پەیکەری جوانت هەبووبێت، بەڵام لەسەدەی بیستویەکدا پەیکەر بکەیت و بیشکێنن، ئەمە کلتووری ئێمەیە، ڕاستی کێشەکە لەوەدایە ئەم دابڕانە چییە کە لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا پەیکەر سەرلەنوێ لەلای ئێمە سەریهەڵدا، ئەو دابڕانە دوورودرێژە لەمێژووی ئێمەدا هەبووە کە هەمووی هۆکاری خۆی هەیە، من نامەوێت بچمە ناو ئەم باسەوە، بەڵام لێرەدا دەڵێم ئەم دابڕانە هەبووەو مێژوویەکی کۆنمان نییە لەهونەردا، تابلۆ بەمانا هونەرییەکەی کە کانفاس و ئامادەدەکرێت نەبووە، ئەگینا لەوەوپێش لەسەر دیواری مزگەوتەکان و چایخانەکان

هەندێك شت وێنەكراوە، بەڵام بەو مانایە نییە، واتە تابلۆ بەمانا هاوچەرخەكەی لای ئێمە تەمەنی زۆر نییە.

***باشە دەبێت ئێمە هەر چاوەڕێبكەین و بڵێین جارێ لەبەرئەوەی مێژوویەكی زۆرمان نییە كاتی مۆزەخانە نەهاتووە!؟**

–بێگومان نەك كاتی نەهاتووە بەڵكو لەزووەوە ئەوكاتە هاتووە كە دەبێت مۆزەخانەمان هەبێت، پێویستی مۆزەخانە لێرەوە دەردەكەوێت، كەتۆ كاری هونەری دەكەیت ئەوكارانە لەماڵەكاندا پارێزراوە، ئەگەر بێت و مۆزەخانەیەكمان هەبێت تابلۆی هونەرمەندەكانی تێدا بپارێزرێت، هەموو خەڵك لەڕێی ئەو مۆزەخانەیەوە كلتووری ئێمە دەناسێت، ئاستی رۆشنبیری نەتەوەكەمان دەناسێت، من لەوبڕوایەدانیم دروستكردنی مۆزەخانە هێندە كارێكی قورس و گران بێت، زیاتر لەوەی پەیوەستە بەئاستی هۆشمەندی ئەو كەسانەی كە بەم كارە هەڵدەستن، واتە ئاستی هۆشمەندی پەرلەمان و حكومەتی كوردستان، ئاستی هۆشمەندی دەسەڵات، نموونەیەكی بچووك باسدەكەم لەوڵاتی لوبنان لەدوای دروستبوونی حكومەت مۆزەخانەیان نەبوو، وەزارەتی رۆشنبیرییان هەستا بەكڕینی تابلۆ، لەهەر پێشانگایەك تابلۆیەكی كڕی، ئەو تابلۆیانەی كۆكردەوە خانوویەكی گەورەی بۆ دابینكردو بوو بەمۆزەخانەی نیشتمانی، ئەو بەرهەمانەی تێدا دانا كە بووە بەموڵكی خۆی، هەنگاوێكی زۆر ئاسان بوو، بەڵام كارێكی جوانیش بوو.



***ناکرێت ئێمەش سوود لەو ئەزموونەی ئەوان ببینین؟**

–بێگومان من زۆر باسم کردووە، ئەوە ئەزموونێکی زۆر جوانە، دەتوانین سوود لەو ئەزموونەی ئەوان ببینین، ئەو ولاتانەی کە مۆزەخانەیان نەبووە بەهەنگاوی سادە دەستییان پێکردووە، ئێمە تائێستا نەك مۆزەخانەیەکی تایبەت، دەزگایەکی وەکو ئەرشیفی نەتەوەییمان نییە، بێگومان ئەرشیفی نەتەوەیی بەتەنیا ئەوە نییە کە چەند رۆژنامەو گۆڤارێك کۆبکەیتەوە، وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە، ئەرشیفی نەتەوەیی لەوە زۆر گەورەترە، پێویستە هەرچی بەڵگەنامەی زۆر گرنگ هەیە کە لەسەر کورد دەرچووبێت لەوێ کۆکرابێتەوەو لێکۆڵەر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، ئایا تا چەند لێکۆڵەر سوودی لەئەرشفی نەتەوەیی بینیوە، کەواتە تەنها مەسەلە مۆزەخانە نییە، بەڵکو هۆشمەندیمان دەربارەی ئەرشیفکردنی شتەکان نییە، من لێرەدا حەزدەکەم نموونەیەکی بچووك باسبکەم لەمەسەلەی بەئەرشیفکردنی مۆسیقادا، کاتی خۆی هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی) نموونەیەکی گێڕایەوە، وتی: لەتورکیا باسی هەندێك ئاوازکرا، دەیانوت ئەمە هی ئێمەیەو تورکییە، ئێمەش دەمانوت ئەمە کوردییە، ئەو ئەرشیفی بۆمدەردەکردو لەلای ئەو تۆمارکرابوو، منیش هیچم لانەبوو کە لای من تۆمارکرابێت و لەئەرشیف پارێزرابێت، ئەمە بەنیسبەت مۆسیقاوە، بۆ بەشەکانی هونەریش هەروایەو نەپارێزراوەو ئەرشیف نەکراون و هەڵنەگیراون.

***لەکۆتاییدا سوپاست دەکەین، ئەگەر شتێکت هەبێت باسی بکەیت؟**

–منیش سوپاستان دەکەم، دەڵێم ئێمە نەوەیەك بووین کەم یا زۆر کۆمەڵێك کارمان کردووە، ئەوە پەیمانگەی هونەرجوانەکانە لەهەشتاکانەوە کراوەتەوە، ئێستاش کۆلێژی هونەر هەیە، هیوایەکی زۆر گەورەم بەو گەنجانە هەیە کە خوێندن تەواو دەکەن، بتوانن برەو بەهونەری شێوەکاریی بدەن و بەجددیتر کاری تێدا بکەن.

بەکورتی

- ئاری بابان لەساڵی ١٩٥٣ لەشاری کەرکوك لەدایکبووە.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبەشی زانستی کتێبخانە لەکۆلێژی ئاداب لەزانکۆی موستەنسرییە بەدەستهێناوە.
- بەشداری زیاتر لەهەشتا پێشانگەی تایبەت و هاوبەشی کردووە لەناوەوەو دەرەوەی ولات.

# گفتوگۆ لەسەر رەوتی موزیکی کوردی لەگەڵ موزسیان سابیر نزرگاهی



ئامادەکردنی: نەورۆز جەمال

**موزیک تاکە زمانی جیهانییە بۆ تێگەیشتن لەکەلتووری یەکتری، ئەم کارە بۆ گوێگر ئاسانە، بەڵام بۆ موزسیان زۆر سەختە، چونکە دەبێت ئەو کەلتوورە بکات بەنەریتی موزیکی**

سابیر نزرگاهی دەرچووی زانکۆی تارانە بەشی موزیک، لەساڵی ١٩٧٤ لەشاری سنە لەدایکبووە، لەتەمەنی ١٥ ساڵییەوە دەستیکردووە بەکاری موزیکی، سەرپەرشتیارو دامەزرێنەری گروپی (نیشتمان)ە لەتاران، لەسەردانێکیدا بۆ شاری سلێمانی توانیمان ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازبکەین.

*** سابیر نزرگاهی چۆن دەستیکردووە بەکاری موزیکی، واتە سابیر گەیشتووەتە ئێستا، سەرەتای کارکردنی بۆ موزیک چۆنبووە ؟**

– من لە ١٥ ساڵیمەوە لەشاری سنە دەستم بەفێربوونی موزیک کردوە، سەرەتا بەئامێری سێتار لەلای مامۆستا (فەرهاد مەشعوف)و پاشان من ئارەزوی زیاترم هەبوو بۆ موزیك ئەمە وایکرد بچمە شاری تاران، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم من چەند ساڵێك لەسنە مامەوە، ئینجا چووم بۆ تاران، لەوێ لای مامۆستایان (بەهرام ساعید، داریوش پیرنیکان،

داریوش طلایی ، ئەرشەد طهناسبی) دەستم بەفێربوونی ئامێری تارکرد، پاشان لەزانکۆی تاران بەشی موزیك وەرگیرام ئەم بەشەشم تەواوکرد، دەبێت ئەوەش بەیادتان بێنمەوە وەرگرتنم لەزانکۆی تاران لەبەر لێهاتوییم بوو.

*** پێمواییت لەگەڵ چەند گروپێک کارتکردووە لەچەند شوێنێکیش کۆنسێرتتان کردووە؟**

– تائێستا لەزووبەی شارەکانی ئێران و دەرەوەی وڵات کۆنسێرتم کردووە، لەگەڵ گروپە موزیکییەکاندا وەك ئەندامی سەرەکی کارمکردووە.

*** گروپی نیشتمان کەی دامەزراو ئەندامەکانی چۆن لەناو ئەم گرووپەدا یەکیانگرت؟**

– گروپی نیشتمان لەساڵی ۲۰۰۲ دامەزراوە، ئەم گروپە بەهاوکاری کۆمەڵێك لەدۆستەکانمان پێکهاتووە کە هەموویان خوێندکاری زانکۆی تاران، زۆربەیان کوردن و خەڵکی شارەکانی سنەو کرمانشاە، پاوە، بیجار، مهاباد)ن.

*** ئەم گروپە بەچ مەبەستێک دامەزراوە؟ واتە شتێک ئیزافە دەکات بۆ موزیک و کەلتووری کوردی؟**

– ئەم گرووپە بەبەمەستی پەرەپێدانی موزیك و کەلتووری کوردی دەستیبەکاری موزیکی کرد، توانی تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووش بێت، بۆ ناساندنی موزیکی کوردیش چەند کۆنسێرتێکمان کردووە لەشارەکانی ئێران، یەك جاریش بۆ شاری سلێمانی هاتین لەساڵی ۲۰۰۲، کۆنسێرتێکمان کرد.

*** لەکۆی گفتوگۆکەتان دەرکەوت گروپەکەتان گروپێکی (لاوە)و خوێندکارن، رای جیاوازتان نییە؟**

– ئەرکێك کە ئێمە هەمانە ئەوەیە کە بتوانین زیاتر موزکی کوردی بناسێنین، ئەمەش دیارە بەیەك کەس ئەنجامنادرێت، بەڵکو دەبێت دەستە جەمعی بێت، هەمووشمان یەك تەمەنین دەتوانین لەیەك بگەین، رای جیاوازیشمان هەبێت دەتوانین لەیەکتری بگەینەن، ئەو جیاوازییەش گروپەکەی بردۆتە پێشەوە.

*** باسی شوناسی موزیک و ناسینیمان کرد، راتان چییە لەبارەی موزیکی کوردی، موزیکی کوردی تا چەند توانیویەتی شوناسێکی تایبەت بەخۆی هەبێت؟**

– موزیکی کوردی زۆر دەوڵەمەندە لەهەر کام لەچوارپارچەکە توانیویەتی خۆی بەرێتە پێشەوە، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە موزیکی کوردی تێکەڵاوی کەلتوورەکانی تر نەبێت، ئەمە بەو مانایە نییە کە مۆزیك شتی جیاواز بەرهەمدەهێنێت واتە تێگەیشتن روونادات، بەڵکو دەبێت هەر کەلتوورە بۆخۆی خاوەنی شوناسێك و ریتمێکی تایبەتی موزیکی بێت بۆ خۆی رەنگدانەوەی کەلتوورەکەی بێت، موزیك سنوور ناناسێت، تەنیا زمانێکە کە گشت خەڵك دەتوانێت لەو زمانە تێبگات بێت.

*** موزیک زمانە، پەیوەندیی موزیک و زمان پەیوەندییەکی چۆنەو لەکوێ و لەچ ئاستێکی زمانە؟**

– تاکە ئاستی زمانە کە دەتوانێت کۆی خەڵکی لێی تێبگات، بەڵام دەبێت لەرێگای موزیکەوە، لەرێگای ریتمەکانییەوە کەلتووری کوردی بناسێنین کە ئەم کارەش بۆ گوێگر زۆر ئاسانە، بەڵام بۆ موزسیان کارێکی زۆر سەختە، تۆ چۆن دێیت ئەم کەلتوورە دەکەیت بەموزیك و کەلتوورەکەت دەناسێنین، ئەمە بۆ مۆزیسیان کارێکی گرنگە

موزیکی کوردی لەبەشی رۆژهەڵات زیاتر موزیکێکی سوننەتییەو نیتوانیوە لەئامێرە رۆژئاواییەکان سوود وەربگرێت ئەوەی هەیشە چەند هەولێکی کەمە، بەڵام لەباشوور سوودێکی باشی لێوەرگیراوە.

ئێمە، چونکە لەگەڵ شارستانییەتی فارسدا دەژین، ئەم شارستانییەتەش خاوەنی کەلتوورێکی کۆن و بەهێزە، ئەمە وایکردووە زیاتر بەلای ئامێرە سوننەتییەکاندا کاربکەن، دەبێت ئەوەش بڵێم کە دەڵێن موزیکی فارس لەکۆمەڵێك میللەتی جیاواز پێکهاتووە وەك (کورد، لور، بەلوج،..هتد)، بەڵام بەم دواییە موزیکی کوردی زۆر چۆتە پێشەوەو فارس زۆر سوودمەندبووە لەموزیکی کوردی، ئەمەش وایکردووە فارس لەگەڵ موزیکی کوردیدا زۆر ئاشنابێت، نەك هەر حەزدەکات گوێبگرێت، بەڵکو هەوڵدەدەن لەسەر موزیکی کوردی کاربکەن، بۆ نموونە کاتێك لەتاران کۆنسێرتێك دەکرێت زۆرینەی ئامادەبووەکان فارسن.

*** تۆ وەک سەرپەرشتییاری گروپی نیشتمان، بێگومان گرفتی کاتیتان دێتەپێش، دەتوانم بڵێم لەسلێمانی و بگرە لەئێرانیش چالاکیتان کەم بۆتەوە، ئەمە بۆ چی دەگەڕێتەوەو ئایا پرۆگرامی نوێتان هەیە؟**

– هەر گروپێك بیەوێت کارێك ئەنجامبدات پێویستی بەیارمەتییە وەك ئاماژەمپێدا ئێمە خوێندکارین دابەشبووین لەنێوان خوێندکاریی و کاری موزیکی کە ئەمەش هەریەکەیان پێویستی بەدەرامەت هەیە، بەداخەوە ئێمە پارەی ئەوەمان نییە هەمووکارەکان بەیەکەوە ئەنجامبدەین، وەك دروستکردنی ماڵێك پێویستی بەچەندەها شت هەیە تا ماڵەکە دروستدەبێت، لەکۆماری ئێران یارمەتیدان ئەسڵەن نییە بۆ گروپی موزیکی ،واتە هیچ یارمەتییەك پێشکەش بەموزیك ناکرێت، ساڵی پار ویستمان (گروپی نیشتمان) کۆنسێرت بدەین، بەڵام دەوڵەت بۆ ئەم کۆنسێرتە (٢٠٠$)ی لەئێمە دەویست بۆیەك شەو، ئێمەش پارەی ئەوەمان نەبوو، لەلایەکی ترەوە ئافرەت ناتوانێت بەناونیشانی گۆرانیبێژ کار بکات و لەکوردستانیش شوناسی گەورەترین گرفتە لەبەردەم گروپێکی وەك ئێمە کەبەگشتی گەنجین. ئێمە (٣) ساڵ بەر لەئێستا لەسلێمانی کۆنسێرتمان کرد، کەناڵی ئاسمانی کوردسات کاری وێنە گرتنەکەی لە ئەستۆگرت، بەڵام پاش (٢) ساڵ پەخشیانکرد ئەویش خۆم دوای کەوتم.

*** لەکۆتاییدا پێشنیارتان چییە وەک گروپێکی گەنج، ئایا ئێوە تەنها کاری میوزیک ئەنجامدەدەن، یاخود بەرنامەی دیکەتان هەیە؟**

– کار بەدەستان دەبێت پشتیوان و هاندەری گەنجان بکەن تابتوانن کاری جوان بەرهەمبهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دەستگیرۆیی و یارمەتییدانی ماڵییەوە دەبێت، چونکە ئەم کارە کارێك نییە تەنیا بۆ خۆمان، بەڵکو خزمەتی کەلتووری کوردی دەکات و کەلتووری کوردیش تایبەتە بەمیللەتی کورد.

سوپاسیش بۆ ئەم چاوپێکەوتنە کە جەنابتان منتان بەسەر کردەوە.

# سوهام حەسەن:

# حەزو خۆشەویستیی خۆم وایکرد لەهونەر نزیک ببمەوە

چاوپێکەوتنی: رێبواری ئازادی



هونەرمەند (سوهام حەسەن جەلیل) لەدایکبووی ١٩٦٩یە، لەشاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە، تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندوە، لەساڵی ١٩٨٣وە سەرەتا بەهونەری هەڵپەرکێ لەتیپە میلییەکانەوە دەستی بەکاری هونەری کردووەو دواتریش بووە بەئەکتەرو لەدنیای مۆسیقاو گۆرانیی کوردیشدا گۆرانی چڕیوەو تا ئێستا چوار سیدی بڵاوکردۆتەوە کە بریتین لە(ژوان، ٢٠٠١)و (عەشقت،٢٠٠٢)و (پەشیمانم، ٢٠٠٥) و (خەون و خولیا، ٢٠٠٦)، بەشداری نواندنی لە (٣٠) شانۆو (٣٠) درامادا کردووەو دوایین کاری هونەری کە بەشداری تێدا دەکات زنجیرەی تەلەفزیۆنی (بێ سەرپەرشتان)ی ڤیکتۆر هۆگۆیە، ئێستا فەرمانبەرە لەبەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریی و هونەر لە هەولێر لەچاوپێکەوتنێکدا بەم پرسیارانە هێنامانە ئاخافتن.

***سەرەتا بەهونەری هەڵپەرکێ دەستتپێکردو دواتر چۆن خولیای گۆرانی و نواندن بوویت؟**

– ساڵی ١٩٨٣ ئاهەنگێك لەشاری بەغدا سازکرا، من لەگەڵ هونەرمەند (زیاد ئەسعەد) جیاکراینەوە لەو کۆرسە، ئیتر من و ئەو بەیەکەوە بەردەوام بەشداریی ئاهەنگەکانمان دەکرد، هەروەها گۆرانی (کەمەرەشل) کە لەگەڵ هونەرمەند زیاد ئەسعەد تۆمارمانکرد

وەك دەنگ، بەڵام دوای ئەوە بەڕێزیان سەفەری کرد بەرەو ئێران ناچاربووم من دووبارە بەتەنیا تۆماری بکەمەوە، ئەوکات بەرنامەیەك هەبوو لەکەناڵی موسڵ (نسمات من بلادی) کە کچە بێژەری مەسیحی (فرقەت ملکۆ) پێشکەشی دەکرد، بەرنامەیەکیان لەهەولێر کرد یەك لەو گۆرانییانە (کەمەرەشل) بوو تۆمارمکرد کە یەکەم گۆرانی من بوو لەتەلەفزیۆن بەجەماوەری ناساندم و گوێگرێکی زۆری هەبوو.

***ئەی شانۆ؟**

– ئەوکاتیش دەرهێنەرەکان بەدوای ئافرەتدا دەگەڕان هەروەك ئێستا کە چۆن ئافرەتی ئەکتەر کەمە ئیتر ئەو کات شانۆگەرییەك ئامادەبوو بەناوی (خوازبێنی) کە سێ کەسایەتی بوو یەك لەوانە هونەرمەند (نەوزاد رەمەزان) و (ئازاد مەولود) کە ئێستا لەدەرەوەی هەرێمن، ئەویتر رۆڵی ئافرەت بوو منیان هەڵبژارد ئەوەش یەکەم ئەزموونم بوو لەشانۆ زۆر باش توانیم ئەدای نواندنەکە بکەم کەلەدەرهێنانی (لەتیف نوعمان) بوو.

***پێشتر لەخێزانی ئێوەدا هونەرمەندی تێدا هەڵکەوتبوو؟**

– نەخێر.

***دوای ئەوەی وەک هونەرمەند لەدووبواردا ناسرای ماوەیەکی زۆر نەدەبینرایت بۆ چی؟**

– ماوەیەکی وانەبوو لەدابڕانم دوایی چوومە نێوژیانی هاوسەرییەوە، هاوسەرەکەشم هەر بێژەربوو لە TVی گوڵان، رێگریشی نەکردم لەکاری هونەری بەپێچەوانەوە زۆربەی کارە هونەرییەکانم ئەم وێنەی گرتووە.

***ماوەی چەند ساڵێک لەتیپی هەڵپەرکێ بوویت بۆ لەو تیپە نەماویت؟**

– حەوت ساڵ، کە شوومکرد ئیتر منداڵ هاتە دنیاوە نەمتوانی وەك پێویست بەشداریی ئەو بوارەی هونەری کوردی بکەم.

*** لە کام بوار (شانۆ) یان (گۆرانی) لەکامیان خۆت بەسەرکەوتوو دەزانیت؟**

– کاری سەرکەوتن خەزناکەم من بڵێم تا چەند سەرکەوتووم ئەوە بینەرو گوێگران دەتوانن ئەوە دیارییکەن، بەڵام وەکو خۆشویستن لەنێوان شانۆو گۆرانی پرسیارەکە دەگەڕێنمەوە بۆئەوەی وەك دوو کۆرپە،لێیان دەڕوانم و خۆشەویستن لەیەکتر جیاناکەمەوە.

***تا چەند ئەزمونت وەرگرتووە کە چوار چێوەی ئارەزوومەندیی ببڕیت و وەک هونەرمەندی خاوەن ئەزموون و زانستی هونەری کاربکەی؟**

– بەداخەوە من هیچ مامۆستایەکم نەبووە نەلەبواری مۆسیقاو گۆرانی نەدراماش بەس حەزو خۆشەویستیی خۆم وایکردووە کە نزیکببمەوە لەو هونەرانە لەزۆربەی بەرهەمی TV هەرێم بوو وەك یاریدەدەری دەرهێنەر کارمکردووەو کاری ئارایشتیش، چونکە بەردەوام خولیام هونەر بووە هەربوارێك بێت حەزیشم لێبووە مامۆستایەك هاوکاریم بکات کاری دەرهێنان بکەم بەس بەداخەوە لێرە ئەو هاوکارییە نییە ئەو هاندانە بکات.

***ئێستا هەستدەکەیت ئافرەت تا چەند بوونی هەیە لەهونەردا؟**

– پێشتر کە پەیمانگای هونەر جوانەکان دامەرزرا لەهەولێر ئێمەی ئافرەت زۆر دڵخۆشبووین کە لەمەودوا لەڕەگەزەکەی ئێمەش ژمارەیەکی بەرچاو دێتە ناو بواری هونەرەوە، بەڵام بەداخەوە کە پاش ئەوەی ئەو هەموو بایەخ و ماندووبوونەیان لەگەڵ دەدرێت کە بڕوانامە وەردەگرن وون دەبن و دەبنە مامۆستاو نامێنن، جا ئایا ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵگا یان دایك و باوکیان، باشە کاتی خۆی کە دەچن دەخوێنن رای دایك و باوکیان بێگومان لەسەر خوێندنەکەیان هەیە ئەی بۆ دوای دەرچوونیان لەپەیمانگا رایان لەسەر نییە، ئەوانە کە دەبنە ئەکادیمی، لەهونەر دوورەپەرێز رادەوەستن ئەی خەڵکە ئاساییەکە چۆن دەتوانێت بێتە ناو بواری هونەرەوە؟

***سەرەتای دەرکەوتنت تا چەند رووبەڕووی گرفت بوویتەوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە؟**

– تووشی هەزاران گرفت بووم بەڵام بەسەریاندا زاڵ بووم و نەیانتوانیوە پەشیمانم بکەنەوە، چونکە هەردەم هەستمکردووە شتی هەڵە ناکەم رێگایەکی راستم گرتوە ئەو کات دەتوانم بڵێم ئەگەر کچ لەسەر شاشە بینرابا لەناو هەندێك تایەفە وەکو رەدووکەوتن وابوو، هەتا لەناو خزم و کەسی خۆیان بەچاوێکی کەم تەماشادەکران بەس وەك دەبینی هەر بەردەوامم.

***ئەم زینجیرەیەی ئێستا کاری تێدا دەکەی رۆڵەکەت چییە؟**

– رۆڵی باوەژنێك دەبینم (شەونم) کە لەوێدا هاوسەری هونەرمەند غازی غەفوورم ئافرەتێکی زۆر دڵرەقم، خۆم رقم لەخۆم دەبێتەوەو لەو رۆڵە، یەکەمجارە ئەو رۆڵە ببینم کە خەڵك رقی لێم بێتەوە، حەزم لەڕۆڵی وانییە.

***ئەی بۆ وەرتگرتووە؟**

– لەوەتەی کاری هونەری دەکەم هەتا ئێستا دوو دەقم زۆر بەدڵ بووە یەکێکیان (ترس و ئەوین) کە لەدەرهێنانی هونەرمەند (رەفیق نوری) بوو دووەمیشیان ئەو دەقە بوو کە زۆر بەدڵم بوو.

***لەکارێکی سێدیدا بەشداریت کرد لێی پەشیمان نیت؟**

– ئەوەبوو داوایان لێکردم وەك گۆرانیبێژێك لەدراما بەشداری بکەم، چونکە لەزۆبەی کارە تەلەفزیۆنییەکان لەتایتڵی زنجیرەکان گۆرانیم وتووە ئەوەش وتیان یەك کۆپلە گۆرانیمان دەوێت و من نەمزانی بۆ سیدیەو بڵاودەبێتەوە نەمزانی دەبێتە ئەو ماددە شێواوەو خەفەتم زۆر پێی خوارد کە بینیم، لێی پەشیمانم و زۆر لەجەماوەرەکەم پێیان ناخۆش بووە لەو بەرهەمە بەشداریم کردووە.

***رۆڵی کۆمیدیا بینەرو جەماوەری گەورەی هەیە، رات لەسەر کۆمیدیا چییەو تا چەند حەز بەرۆڵی کۆمیدی دەکەی؟**

– راستە من زۆر خەڵك بەپێکەنین دێنم و نوکتەم زۆرە لەکاتی قسەگێڕانەوەش پێمدەڵێن زۆر بەتام دەیگێڕیتەوە، بەس خۆم زۆرکەم پێدەکەنم و پێمدەڵێن دەموچاوێکی تورەت هەیە کە وابم چۆن دەتوانم رۆڵی کۆمیدی ببینم و حەزیشیم لێی نییە.

***ئەی بووە رۆڵێکت بدەنێ و رەتت کردبێتەوە؟**

– بەڵێ زۆر دەقم رەتکردۆتەوە تائێستا هەبووە لەگەڵ کەسایەتی من نەگونجاوە هەبووە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆ نەگونجاوە هەشبووە زۆر لەوەگەورەتربووە کە من خۆمی لێبدەم، چونکە هەر نواندنێك نەتوانم بەجوانی بیهێنم حەز ناکەم بەشێواوی بیکەم.

***بەکاری کام دەرهێنەر رازیت و بۆ؟**

– مامۆستا (رەفیق نوری) دووکارم لەگەڵ کردووە تائێستا یەکێکیان گۆرانی (ژوان) بوو کە سیناریۆو دەرهێنانی ئەو بوو دوومیشیان فیلمی (ترس و ئەڤین) بوو کە بەڕاستی خۆم بینییەوە لەو رۆڵەداو خەڵاتی باشترین ئافرەتم وەرگرت لە TVی گولان، ئەو کاتە راپرسییەك کرا لە TVی گولان کە بەڕێز (تارق ئاکرەیی) بەرنامەکەی ئامادەو پێشکەشکرد، راپرسییەکە لەسەر باشترین (ئەکتەر، دەرهێنەر، بێژەر، گۆانیبێژ) من وەکو باشترین ئەکتەر هەڵبژێردرام.

***خۆشترین بیرەوەری لەکارە هونەرییەکانت چییە؟**

– ئەوشتەی کە قەت لەبیری ناکەم هەتا دەمرم ئەوکاتە بوو کە هاوسەرەکەم بەکامێرای خۆی دەچوین لای بێخاڵ وێنەی گۆرانییەکانم بگرم، ئیتر هەرکات کامێرا دەبینم یا هەر کارێکی هونەریی دەبینم ئەو شتە لەبەرچاوم دووبارە دەبێتەوە.

# بیكاسۆ

## بلیمەتێكی سادی

نووسینی: ستیوارت وایڤڵ

و. لەعەرەبییەوە: دلێر محەمەد



مارینا بیكاسۆ-ی نەوەی بابلۆ بیكاسۆ، دەربارەی ئەو نەفرەتە دەدوێت كە بەهۆی ئەم هونەرمەندەوە دووچاری خێزانەكەیان بووە و دەڵێت: بیكاسۆ دڵڕەقێكی بەهەیبەت بوو ،كە بۆ رازییكردنی خۆی، پێویستی بەقوربانییەكان بوو، قوربانییەكانیشی كەسانی خۆشەویستی خۆی بوون.

هیچ ئەندامێكی خێزانەكەمان نەیتوانیووە لەچنگی ئەو رزگاری بێت، ئەو پێویستی بەخوێن بوو تاكو واژۆی هەر تابلۆیەك لەتابلۆكانی خۆی پێ بكات. لەوانەیە ئەم گوتانەی (مارینا) زیادەڕەویكردنیان پێوەدیار بێت، بەڵام رێژەی مردنەكان لەم خێزانەدا ئاماژە بەنەفرەتێكی خێزانیی ترسناك دەكەن، چونكە (بابلیتۆ)ی برای (مارینا) بەخواردنی ماددەیەكی كوشندە خۆی كوشت و داپیرەی واتا (ئۆلگا)ی جوان بەئیفیلجی دەمرێت و هەرچی (پوالۆ)ی باوكی بوو وەك قامیشێكی بۆش تیاچوو، لەلایەكی تریشەوە (جاكلین)ی دواهەمین هاوسەری بیكاسۆ، گوللەیەك بەخۆیەوە دەنێت بەڵام (ماری سیریز والتەر)ی

خانمی ئیلهامبەخشی هونەرمەند، خۆی دەخنکێنێت، هەربۆیە خاتوو (مارینا) هیچ گومانێکی لەوەدا نییە کە لەڕابردوودا بەهەمانشێوە ئەویش قوربانییەکی دەستنیشانکراوبووە.

(مارینا) دەڵێت: لەپێناوی ئەوەدا، کە ئەفراندن بکات، بیکاسۆ دەبوو هەموو ئەو شتانە تێکبشکێنێت، کە دەبوونە بەربەست لەسەرەڕێی داهێنانەکانیدا.

بەهەرحاڵ، منیش لە (بیکاسۆ)ی باپیرم دەچم و خاوەنی وزەیەکی مەزن و کەسییەتییەکی بەهێزم، ئەگینا منیش وەك ئەوانی تر دەمردم، لەگەڵ ئەوەی کە (مارینا) چواردەساڵی تەمەنی لەژێر چاودێریی دەروونشیکاریدا بردەسەر، بەهەموو ئەو فرمێسکە گەرمانەو چەندجار لەهۆشخۆچوون و ئەو هاوارانەوە کە هاوڕێی ئەو کاتەی بوون، بەڵام دواجار نەبووە دیل و ملکەچی ئازارەکان، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: بەدڵنیاییەوە بەدرێژایی ژیانم هەوڵمداوە لەو ئازارو تراژیدیایە هەڵبێم کە (بیکاسۆ) بۆی خوڵقاندبووم، بۆیە لەگەڵ میراتگرەکانی تری ئەم هونەرمەندەدا شەڕو دەمەقاڵێی بوو، چونکە هەم بەهەڵپەخواز و هەم بەکەسانی بێزەوق و بێهەست لەفرۆشتنی ناوی خێزانەکەدا، بەسترۆین تۆمەتباری دەکردن، ئەوانیش لەئاکامی هەڵگرتنەوە (تبني)ی سێ منداڵی ڤێتنامی و کەمبوونەوەی میراتی کوڕەکانیدا کە لەدەرەنجامی پەیوەندییەکی شکستخواردووەوە هاتبوونە دنیا، بەتووڕەیی و رقەوە، تەماشای (مارینا)یان دەکرد، لەئێستاشدا کە (مارینا) ئافرەتێکی زۆر دەوڵەمەندو خانەدانەو لەتەمەنی پەنجاساڵیدایەو ساتەکانی ژیانی لەنێوان ژنێف و ئەو خانووە گەورە شیکەی (بیکاسۆ)ی باپیریدا دەباتەسەر، کە دەکەوێتە شاری (کان)ەوە،و کۆمەڵێك یادەوەری ناخۆشی بیردەخاتەوە، هەروەها ئەم خانمە دەزگایەك بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت و هەتیو لەڤێتنام بەڕێوەدەبات و بەشێوەی خواستیش وێنەکانی باپیری دەداتە گەلەریی و هۆڵەکانی نمایشکردن، لەتێکڕای ناوچەکانی جیهاندا. (مارینا) تەمەنی (٢٢) ساڵ بوو، کاتێك باپیری لەساڵی ١٩٧٣دا کۆچی دواییکرد، لەبەرئەوەی کە باوەڕی وابوو هەموو موسیبەتەکانی خێزانەکەی لەهونەرەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە رایگەیاند کە ئەو حەزی لەمیراتی نییە، پاشان پارێزەرە فەرەنسییەکان قەناعەتی پێدەکەن کە ئەمە کارێکی ئەستەمە، هەربۆیە

بەچارەکێکی میراتەکەی باپیری رازی دەبێت، بەڵام (مارینا) تابلۆکانی باپیری بەجۆرێك کە نەبینرێن، رووبەڕووی دیوارەکە ریزیکردن، چونکە ئەو بەدڵنیایی باوەڕی وابوو کە (بیکاسۆ)ی باپیری لەگۆڕەکەی هاتووەتە دەرێ و بووەتە هۆی مردنی براکەی، چونکە شەش رۆژ پاش مردنی (بیکاسۆ)، (بابلیتۆ) ی برای (مارینا) شووشەیەك ماددەی کوشندە دەخوات و پاشان دەمرێت. خوشکەکەی دەڵێت: بەدڵنیایی ئێمە (بیکاسۆ)مان خۆشدەویست، گەرچی ئەو لەبەرامبەردا بەهەمانشێوەو بەهەمان ئەندازەی ئەم خۆشەویستییەی ئێمە، خۆشەویستی بۆ ئێمە نەبوو، کاتێکیش کە باپیرمان مرد، من و براکەم ویستمان بۆ دواجار چاومان پێی بکەوێت، بەڵام (جاکلین)ی هاوسەری داواکەی ئێمەی رەتکردەوەو بەخێرهاتنی نەکردین، دواتریش کە (بابلیتۆ) بەتەنیا چووەبووە ژوورەوە، سەگیان تێبەردابوو، دواتریش کە لەژێر کاریگەریی ئەم حاڵەتەدا گەڕاوەتەوە ماڵەوە، خۆی کوشتووە.

کە (مارینا) دەگەڕێتەوە، دەبینێت براکەی لەسەر کورسییەك کەوتووەو خوێن لەدەمیەوە دەڕوات، ئیدی ئەو سێ مانگی دواتر لەنەخۆشخانەو بەتەنیشت براکەیەوە دەگوزەرێنێت، تا ئەو کاتەی گیانی لەدەستدەدات، لە وکاتەدا (مارینا) بۆ کڕین و ئامادەکردنی کفن و تابووتی براکەی دەچوو، لەهەمان کاتدا ئەوان لەو سەردەمەدا لەهەژارییەکی کوشندەدا دەژیان..(مارینا) بەبیریەتی کە (بابلیتۆ)ی برای ئەو کاتە پێی گوتووە کە چیتر نەیتوانیووە لەو مەرگە حەتمییە راکات، لەکاتێکدا کە بەر لەم رووداوە لەچەند هەوڵێکی کەمتری هەڵهاتندا سەرکەوتوو بووە..

لەکتێبێکی تازەی کاریگەرو وروژێنەردا بەناو نیشانی (بیکاسۆ.. باپیرم)، (مارینا) وەسفی ئەوەدەکات کە چۆن هەرتاکە کەسێك لەخێزانەکەیاندا پشتی بە (بەرزەمن) یاخود بە (من)ی باڵای (بیکاسۆ) بەستووەو رێرەووسەروەری خۆی تەسلیمی ئەو کردووە. هەموو رۆژانێکی پێنجشەممە بریتیبوو لە (رۆژی وەرگرتنی یارمەتی)، (مارینا) دەڵێت: ئەو کاتەی کە باوکم من و بابلیتۆ-ی برامی دەبردوو دەچووین بۆ خانووە سپیە گەورەکەی باپیرم، بۆ کۆکردنەوەی برەبەشە بێئەرزش و هەرزانەکەیان، چەندجار خزمەتکارەکەی باپیرم (کە پیاوێکی ئیتاڵی بەتەمەن بوو) پێی دەگوتین: ئەمڕۆ بیکاسۆی

بەڕێز ناتوانێت بتانبینێت (چونکە ئەمڕۆ یەکشەممەیە)، مـەدام جـاکلین، داوای لێکـردووم کە پێتان بڵێم ئەو سەری قاڵە.

(مارینا) دەڵێت: ئەمەو کردەکانی دەرکـردن هەمـەجۆربوون وەك (بـەڕێزی خـەوتووە، بەڕێز لێرەنییە)، بەڵام دەربڕینەکەی خاتو (جاکلین) هەمیشە لەیادەوەریمـدا هەڵواسـراوە کە دەیگوت: خۆرەکە حەزناکات بێزاری کەن!.

گەر ڕێگەشیان بدایە بچینە ژوورەوە، ئـەوا ئـەم دەرۆزەکەرانـە، بینـینی ئـەو ئاسـکە بـەنازە، کـە شـتە چـاکەکانی خـۆی بەکەمتەرخەمییـەوە لـەنێو پارچـە قووماشـە تۆپەڵکراوەکانی نێوان توحفە کۆنەکان و پاشماوەی ئەو پەیکەرانـەدا فڕێداوە، کـە مـرۆڤ حەزیان لێدەکات. ئەم هونەرمەندە مەزنە، حەزیدەکرد لەمەرسەمەکەیداو بـەجلی ژێـرەوە بەخێرهاتنیان بکات، لەمیوانداریەکەدا کە ناچار نەبوو مەزنی و گەورەیی خۆی بخاتەڕوو، ئەو شتەی کە تاکۆتایی ژیانی لەسەری راهاتبوو.

هەروەها (مایرنا) دان بەوەدا دەنێت کە تەنیا نیشانەیەکی خۆشەویستی، کـە بکرێـت لەیادی بێتو ئەو لەباپیرە هونەرمەندەکەی وەرگرتبێت ئەوجۆرە شیرینییە بوو کە پڕ بـوو لەهەنجیرو خورما..، بەڵام دوای ئەمە (مارینا) دەزانێت کە ئەم جۆرە شیرینییە بەشیرینی (دەرۆزەکـەران، mediants) ناودەبرێـت، هـەروەها دەشـزانێت کـە بـاپیری وەك هەرکەسێکی دیکە ئەوی خۆشویستووە، یان راستتر (مارینا) لەو ئەفسانەیە دەترسـا، کـە بەدەوری خۆیدا چنیبووی.

لـەڕۆژی بەرزکردنـەوەی پلەکانـدا، خزمـەتکردنی بـاوکی (مارینـا) بەبەسـتەیەك پـارە پاداشتکرا، لەگەڵ سەرنجێکی توند لەلایەن بیکاسۆوە کـە گـوتی: کـوڕە تاقانەکـەی هـیچ نییە جگە لەکەسێکی پلە دوو نەبێت، ئەو تەنیا کەسێکە بۆ کات بـەفیڕۆدان، بەشـێوەیەك کـە وەك بەندایـەتی و شـەرمەزاری وابـوو، ئـەرکی (پوالـۆ)ی بـاوکی (مارینـا) بریتبـوو لەشـۆفێری تایبـەتی (بیکاسـۆ)ی بـاوکی و بەندایـەتیکردنێکی گوێڕایەڵانـە بـۆ کـارە ئەستەمەکان، کاتێـك (پوالـۆ) رۆژێـك لـەڕۆژان خـەونی بـە رزگـاربوونی خۆیـەوە دەبـینی، بەوەی کە لەدەسـەڵاتی بـاوکی جیابێتـەوەو ببێتـە پێـشبڕکێکەری ماتۆڕسـواری لێهـاتوو،

خێرا بیکاسۆ لەو بارەیەوە مەبەستی خۆی بەتوندی دەربڕی و گوتی کەوا ئەو کارە گەلێك ترسناکە.



(مارینا) دەڵێت: پاشئەمە باوکم هەرگیز هەوڵی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ئابووریی خۆی نەدا، هەتا ئەوکاتەی کە (ئۆلگا)ی نەنکیشم مرد، رازی نەبوو بەگرتنەدەستی ئەو کارانەی (بیکاسۆ) کە نەنکم بۆ ئەوی بەجێهێشتبوون، لەبەرئەوەی دەیویست هیچ شتێك نەکات کە ببێتە هۆی بیزاریی باوکی، خاتوو (ئیلمین)ی دایکی (مارینا) لە (پۆلۆ) زیاتر عاشقی ناوی بیکاسۆ ببوو، هەربۆیە ئەم دوو هاوسەرە لەیەکتریی جیابوونەوە، کاتێك کە (مارینا) تەمەنی شەش مانگ بوو، هەروەها لەبەرئەوەی (ئیلمین) زۆر گەورەبوو، بەجۆرێك کەتوانای کارکردنی نەبوو، هەربۆیە پشتی بەبڕە یارمەتییەکەی خۆی دەبەست، کە (مارینا) پێیوایە ئەم یارمەتییە هەفتانەیە، سەرچاوەیەکی گەورەی ئازاری ویژدانی بوو، کە بووە هۆی لەناوبردنی لانەی منداڵەکانی (دایك و باوکی).

بەو پێیەی کە (مارینا) رقی لەو شێوازەبوو کە لەبەرامبەر یارمەتییەکی داراییانەی هەفتانەدا، ئەوان وەك بەیدەقی شەترەنج بەکاردەبران، بۆیە خۆی و (بابلیتۆ)ی برای هەوڵیاندا زیاتر پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ باپیریاندا دامەزرێنن.

لەم بارەیەوە دەڵێت: من و بابلیتۆی برام دەمانویست ببینە خاوەنی بەهرەیەکی تایبەت بەخۆمان، بەڵام باپیرم بەشێوەیەکی خراپ ئەمەی دەبینی و ئیدی لەمەدا شکستمان هێنا. هەربۆیە پێموانییە باپیرم بەڕاستی گرنگی بەئێمە دابێت. بەدڵنیایی هەنووکە پەی بەوە دەبەم کە ئەو وێنەیەی من بۆ باپیرم هەمبوو، رووخسارەکانی شێوان، ماوەیەکی درێژخایەنە گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە (بیکاسۆ) لەبەرمبەر ئازارەکانماندا، بەرپرسیاری یەکەمە، چونکە هەموو شتێك هەڵەی ئەوبوو، هەروەها هەنووکە (مارینا)

بەیەکجاریی گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە ئەوا ئەوە باپیری بوو باوك و دایکی لەوان دزی و وای لێکردن کە خۆیان بەبەرپرسیار نەزانن و لەناو چاوپێکەوتنە گوێڕایەڵییەکانیاندا بۆ (بیکاسۆ) نوقم ببن، وەك چۆن بەهەمانشێوە دانیش بەوەدا دەنێت کە (بیکاسۆ) لەنێو کارەکەیدا زۆر رۆدەچوو، بەئەندازەیەك کە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ واقیعدا لەدەست دەدا، چونکە کارەکەی تاکە زمانی ئەوبوو، ئەویش جۆرە زمانێك بوو کە خێزانەکەی نەیتوانی تیایدا بەشداری بکات، داخۆ دواجار ڤایرۆسی بیکاسۆ کۆتایی پێهات؟ (مارینا) لەوەڵامدا دەڵێت: من وەك خۆم لەو باوەڕەدام، کە رزگارم بوو لەو ڤایرۆسەو مرۆڤیش جگە لەم تەمەنایە، شتێکی تر ناخوازێت.

سەرچاوە: گۆڤاری الثقافة الأجنبیة، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٦، ژمارە (١)ی ساڵی بیستوحەوتەمین، لاپەڕە (٢٠٢).

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.arankurd.com
www.dengekan.com